تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5850) چوارشەممە 16ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



3

نێچیرڤان بارزانی جەخت لە پرۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە دەکاتەوە



2

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئەنجوومەنی بزنسی ئەمەریکا- کوردستان دەکات

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی یەکێتیی ئەوروپا لە عێراق دەکات

هەڕەشە و مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش لە عێراق و سووریا و ناوچەکە تەوەرێکی دیدارەکە بوو



دوێنێ سێشەممە لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە مارتین هوس باڵیۆزی یەکێتیی ئەوروپا لە عێراق کرد. لە دیدارەکەدا کە ڤینسنۆ پوپۆ بەرپرسی نووسینگەی یەکێتیی ئەوروپا لە هەولێریش ئامادەی بوو، باڵیۆزی یەکێتیی ئەوروپا لە عێراق کە لە بەغدا تازە دەستی بە کارەکانی کردووە، پێزانینی هەبوو بۆ ئەو پێشکەوتنە ئیجابیانەی لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکە هاتووەتە ئاراوە و هەروەها سوپاس و پێزانینی هەبوو بۆ ڕۆڵی سەرۆک بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی تیرۆریستانی داعش و پەنادان و حەواندنەوەی سەدانهەزار ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستان. لە بەشێکی تری قسەکانیدا باڵیۆزی یەکێتیی ئەوروپا لە عێراق هەڵوێستی یەکێتیی ئەوروپای لەمەڕ بارودۆخی ئێستای سووریا بۆ سەرۆک بارزانی شیکردەوە.

لەبەرانبەردا سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی باڵیۆزی نوێی یەکێتیی ئەوروپا لە عێراقی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست. وێڕای ئاماژەدان بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو دۆخەی کە لە سووریاوە هاتووەتە ئاراوە نیگەرانی و تێبینییەکانی لەسەر ڕەوش و ئایندەی گەلی کورد لە سووریا خستەڕوو.

هەر لەو دیدارەدا ڕۆشنایی خرایە سەر پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و دروستبوونی کەشی تازە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ئیجابی هەڵسەنگێندرا.

تاوتوێکردنی هەڕەشە و مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش لە عێراق و سووریا و ناوچەکە تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

3

پەرلەمانی کوردستان ڕاسپاردەیەکی 12 خاڵی پەسەند کرد

مەترسیی گۆڕینی دیموگرافیا لە ڕۆژئاوای کوردستاندا هەیە

ئەمەریکا بە فەرمی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بە داگیرکاری ناوەبات

وەزیری بەرگری ئەمەریکا: دەبێت ئەردۆگان بەرپرسیارێتی سەرجەم دەرهاوێشتەکانی ئەم هێرشە هەڵگرێت

لەدوای دەستپێکردنی دەستدرێژیی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بۆ یەکەمجار و بە فەرمی ئەمەریکا ئەو هێرشانەی بە داگیرکاری ناو برد. مالپەڕی فەرمی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا شەوی سێشەممە ڕاگەیەندراوێکی مایک ئێسپێر، وەزیری بەرگری ئەمەریکای بڵاوکردەوە کە تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕانی هەڵوێستی ئەمەریکای لەبەرامبەر تورکیا پێوە دیارە سەبارەت بە هێرشی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)



4

لە 317 تۆن خۆراک و پێداویستی پێکهاتووە

دەزگای خێرخوازیی بارزانی 20 تریلە هاوکاری دەگەیەنێتە ڕۆژئاوای کوردستان

چین لەسەر هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان هاتە دەنگ

کۆماری میللیی چین لەبارەی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستانەوە، داوایەک لە تورکیا دەکات. دوێنێ سێشەممە 15/ 10/ 2019وەزارەتی دەرەوەی چین لە بەیاننامەیەکدا، داوای لە تورکیا کردووە هێرشەکە ڕابگرێت و بگەڕێتەوە سەر "ڕێچکەی ڕاست."ئەو هەڵوێستەش یەکەم هەڵوێستی چینە لەبارەی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، کە چین وڵاتێکی زلهێزی جیهانە و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە.

دۆنڵد تەرمپ سزای قورس بەسەر تورکیادا دەسەپێنێت

دۆنڵد تەرمپ سەرۆکی ئەمەریکا لە بەیاننامەیەکدا قەبارەی سزاکانی سەر تورکیا ئاشکرا کرد و جەختیشی کردەوە کە هەموو بەرپرسانی پێشوو و ئێستای تورکیا سزا دەدات کە تاوانیان ئەنجامداوە و بوونەتە هۆی ناسەقامگیری باکووری سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان. تەرمپ ڕایگەیاند، سزای بەرپرسانی ئێستا و پێشووی تورکیا دەدات، بەهۆی ناسەقامگیرکردنی باکووری سووریا، ئاماژەی بەوەشداوە، باج لەسەر کالاکانی تورکیا بە ڕێژەی 50%زیاد دەکات و گفتوگۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی لەگەڵ تورکیا ڕادەگرن، ڕوونیشیکردەوە، ئەو سزایانە تەواوی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە مافەکانی مرۆڤیان پێشێلکردووە و بوونەتە هۆکاری ئاوارەبوونی خەڵک و دەربەدەربوونیان. وەک سەرۆکی ئەمەریکا ئاشکرای کردووە، سزاکان سێ ئاستی جیاواز لەخۆ دەگرن.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ئەمەریکا چەکە قورسەکانی لە بنکەی ئەنجەرلیک لە تورکیا دەگوازێتەوە

وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی وزەی ئەمەریکا، پلانیان داناوە 50 چەکی ئەتۆمیان کە لە بنکەی ئەنجەرلیکە لە تورکیا بگوازنەوە، ئەم دەنگۆیەش لەناو میدیاکانی تورکیا باسی لێوە دەکرێت و پێیان وایە بەهۆی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان ئەو بڕیارە دراوە. ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز بڵاوی کردوەتەوە، کە بەرپرسانی ئەمەریکا و بەتایبەت وەزارەتی دەرەوە وزەی ئەمەریکا، پێیان باشە چاو لە بوونی 50 چەکی ئەتۆم لە بنکەی ئەنجەرلیکدا بخشێننەوە بەوەی بۆ شوێنێکی دیکەی بگوازنەوە. ئەو ڕۆژنامەیە ئاماژەی بەوەش داوە، کە ئەو بەرپرسانەی ئەمەریکا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە هاوپەیمانیی نێتوان تورکیا و ئەمەریکا بە کردار کۆتایی پێهاتووە، بۆیە بوونی ئەو چەکانە لە زیان زیاتر هیچ سوودێکی نییە. ڕۆژنامەی "سوڵ" ی تورکیش لەمبارەوە بڵاوی کردووەتەوە، کە هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا کاریگەریی هەیە بەوەی ئەمەریکا بەپەلە ئەو چەکانە لە بنکەی ئەنجەرلیک بگوازێتەوە.

پەیامێکی تووند لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ تورکیا

هێزەکانی سەر بە تورکیا هاوولاتی مەدەنیان کوشتووە و تاوانی جەنگیان ئەنجام داوە

نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی ڕەوشی ئاڵۆزی ڕۆژئاوای کوردستان ڕایگەیاند، تورکیا بە تۆمەتی کوشتنی خەڵک دەکەوێتە ژێر بەرپرسیارێتییەوە. نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، کە گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا تاوانی جەنگیان ئەنجامداوە و جێی قبوڵ کردن نییە و گرووپەکانی سەر بە تورکیا هاوولاتی مەدەنیان کوشتووە. بۆ ئەوەش ئەنقەرە بە تووندی بەرپرسیار دەبێت. نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بە کوشتنی هەڤرین خەلەفی سیاسەتمەداری کورد لە سووریا کردووە و ئەوەی ئاشکراکردووە کە چەکدارانی ئەحرار شام هاوولاتی مەدەنیان لە باکووری سووریا کوشتووە و بەڵگەی قیدیۆییش لای نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئەنجوومەنی بزنسی ئەمەریکا- کوردستان دەکات

هەرێمی کوردستان دەکرێ ببێتە بنکەیەکی بازرگانی لە ناوچەکەدا



دوێنێ سێشەممە /2019 10/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی بزنسی ئەمەریکا/ کوردستان کرد کە لە نوێنەری ژمارەیەک کۆمپانیای ئەمەریکی پێکهاتبوون.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتن ئامادەی بوو . گفتوگۆ دەربارەی گەشەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان کرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی هەمەجۆرکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان دەدات، بەتایبەتیش گرنگی بە کەرتی کشتوکاڵ دەدرێت. دەرفەتی ئەوەش هەیە هەرێمی کوردستان ببێتە سەبەتەیەکی خۆراک نەک تەنیا بۆ ناوخۆ و عێراق، بەڵکو بۆ هەموو ناوچەکە. گوتیشی هەرێمی کوردستان دەکرێ ببێتە بنکەیەکی بازرگانی لە ناوچەکەدا، بۆ ئەم مەبەستەش ئاسانکاری پێویست بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی دەکرێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە خانەوادەی ئەنوەر بەگی بێتواتە دەکات

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پاشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 2019/10/15 لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز نەوزاد ئەنوەر بەگی بێتواتە، بۆ کۆچی دوایی برایان خوالێخۆشبوو سەردار ئەنوەر بەگی بێتواتە، پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادەی بەڕێزیان کرد، هاوخەمی بۆ دەربڕین و هیوای خواست خوای گەورە خوالێخۆشبوو بە بەزەیی خۆی شاد بکات. لای خۆیەوە بەڕێز نەوزاد ئەنوەر بەگی بێتواتە، پێزانینی خۆیان و خانەوادەکەیان بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەربڕی و سوپاسی بەسەرکردنەوە و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەیانی کرد.

پرسەنامەیەک لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ بنەماڵەی ئەنوەر بەگی بێتواتە

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک سەردار ئەنوەر بەگی بێتواتە کەسایەتی ناسراوی دەڤەری خۆشناوەتیم بیست. پرسە و سەرەخۆشی گەرمی خۆم لە کەسوکار و بنەماڵەکەی دەکەم و ئومێدەوارم خوای مەزن بە بەهەشتی شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە خانەواده و خزم و دۆستانی ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/10/15

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەکات

دریژەکێشانی شەڕ و ئاڵۆزی لە ناوچەکە زەمینەی سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان دەرەخسێنێت



دوێنێ سێشەممە 2019/10/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باکووری سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان و لێکەوتەکانی دەربڕی.

جەختیش لەوە کرایەوە کە پێویستە کۆتایی بە تووندوتیژی و گرژییەکانی ناوچەکە بێت، چونکە دریژەکێشانی شەڕ و ئاڵۆزی لە ناوچەکە، زەمینە بۆ سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان دەرەخسێنێت. هەروەها ئاماژە بەوەش درا پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات لە حەواندنەوەی ئاواوە و پەنابەران کە بە هۆی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، پرۆسەی گفتوگۆی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق تاوتوی کرا و ئاماژە بەوە درا حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەندین پێشنیاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان خستووەتە ڕوو، بۆیە چاوەڕێین بەغدا هەنگاوی جیددی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بهاوێژێت لە سەر بنەمای دەستوور.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای سەربازی بەریتانی دەکات

ئاڵۆزترکردنی زیاتری دۆخی ناوچەکە لێکەوتەی نەرێنی و نەخوازراوی ئەمنی و مرۆیی لێ دەکەوێتەوە



دوێنێ سێشەممە 2019/10/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای سەربازی بەریتانی کرد بە سەرۆکایەتی سێر جۆن لۆرێمەر ڕاوێژکاری باڵای سەربازی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا.

لە دیدارەکەدا جەمیس سۆرنتن کونسوڵی گشتی بەریتانیا لە هەولێر ئامادەبوو. بارودۆخ و پەرەسەندنەکانی گۆڕەپانی عێراق و سووریا تاوتوێ کرا.

جەخت لەوە کرایەوە کە شەڕ و تووندوتیژی لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە و پێویستە بە گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکرێن. هەروەها ئاماژە بەوە درا کە ئاڵۆزترکردنی زیاتری دۆخی ناوچەکە لێکەوتەی نەرێنی و نەخوازراوی ئەمنی و مرۆیی لێ دەکەوێتەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا هەروەها گفتوگۆ دەربارەی گۆڕانکارییەکانی عێراقیش کرا و جەخت لە چارەسەرکردنی بنەڕەتیانەی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی کرایەوە چونکە لە بەرژەوەندی هەموو خەڵکی عێراقدایە.

شاندی میوان ستایشی هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی لە دامودەزگاکانی حکوومەتدا بە تایبەتی لە وەزارەتی پێشمەرگەدا.

د. دلاوەر ئاژگەیی و کۆمیتەی پەیوەندییەکانی پەرلەمانی ئەورووپا دۆخی سیاسیی کوردستان و عێراقییان تاوتوێکرد



د. دلاوەر خالید ئاژگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا لە ئۆفیسی نوێنەرایەتی پێشوازی کرد لە جورج دالامان، ئەندامی پەرلەمانی فیدراڵی بەلجیکا و ئەندامی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی لە پەرلەمانی فیدراڵی بەلجیکا. لە دانیشتنەکەدا گفتوگو لەسەر بارودۆخی ئێستای سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراق لە ڕووی سیاسی و ئاسایش کرا، هەروەها بارودۆخی ئەو پەنابەرانەی کە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن، ئاژگەیی ئاماژەی بەوە کرد کە تا ئێستا هەرێمی کوردستان زیاتر لە 1,5 ملیۆن پەنابەر سووریی و ئاوارەی ناوخۆی لە خۆگرتووە، داوای کرد کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یەکێتیی ئەورووپا هاوکاری مرۆیی زیاتر پێشکەش بە هەرێمی کوردستان بکەن، بە تایبەتی دوای پەرەسەندنەکانی دۆخی سووریا و چاوەڕوانی هاتنی پەنابەری زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان.

لە بەشێکی تری دانیشتنەکەدا گفتوگۆ کرا لەسەر گرنگی دروستکردنی گرووپی دۆستایەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی فیدراڵی بەلجیکا و دالامان پێشتگیری خۆیّ بۆ ئەم بیرۆکەیە پیشاندا و باس لە میکانیزم و هەنگاوە پراکتیکییەکان کران. بڕیارە لە ماوەیەکی نزیکدا بۆ ئەم پرسە نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم بە فەرمی میوانداری بکرێت، لەلایەن پەرلەمانی فیدراڵی بەلجیکا.

دۆنالد ترەمپ سزای قورس بەسەر تورکیادا دەسەپێنێت

سزاکان هەموو بەرپرسانی پێشوو و ئێستای تورکیا دەگرێتەوە کە بوونەتە هۆی ناسەقامگیری

دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا لە بەیاننامەیەکدا قەبارەی سزاکانی سەر تورکیا ئاشکرا کرد و جەختیشی کردەوە کە هەموو بەرپرسانی پێشوو و ئێستای تورکیا سزا دەدات کە تاوانیان ئەنجامداوە و بوونەتە هۆی ناسەقامگیری باکووری سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان. ترەمپ ڕایگەیاند، سزای بەرپرسانی ئێستا و پێشووی تورکیا دەدات، بەهۆی ناسەقامگیرکردنی باکووری سووریا، ئاماژەی بەوەشداوە، باج لەسەر کاڵاکانی تورکیا بە ڕێژەی 50%زیاد دەکات و گفتوگۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی لەگەڵ تورکیا ڕادەگرن، ڕوونیشیکردەوە، ئەو سزایانە تەواوی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە مافەکانی مرۆڤیان پێشێلکردووە و بوونەتە هۆکاری ئاوارەبوونی خەڵک و دەربەدەربوونیان. وەک سەرۆکی ئەمەریکا ئاشکرای کردووە، سزاکان سێ ئاستی جیاواز لەخۆ دەگرن: یەکەم: بەشێوەی سزای دارایی، دووەم بە شێوەی بلۆککردنی سەروەت و سامان، سێیەم شێوەش بریتی دەبێت لە: ڕێگریکردن لە گەشتکردنی سزادراوان بۆ ئەمەریکا.

سەرۆکی ئەمەریکا لەو بەیاننامەی کە بڵاوی کردەوە پڕژاوەتە سەر پرسی لەشکرکێشی تورکیا و بە هەڕەشەی لەقەڵەمداوە بۆ ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە، وێڕای تیکدان و شێواندنی دۆخێی مرۆیی. لەسەر چارەنوسی سەربازەکانی ئەمەریکاش ترەمپ ڕایگەیاندووە، سەربازەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەمێننەوە و ناگەڕێنەوە ئەمەریکا، تەنیا جێگۆڕکێیان لە سووریا بۆ شوێنێکی تر پێدەکرێت، بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی داعش، گوتیشی: لە سووریا ژمارەیەک سەرباز لە بنکەی تەنەف دەمێننەوە. جەختیشی لەوە کردووەتەوە، ئەمەریکا سزای سەختی دارایی هاوکار و پاڵپشت و هاوبێی تیرۆرستان لە سووریا دەدات. لە کۆتایی بەیاننامەکەشدا ترەمپ هۆشداریی داوە، کە ئابووری تورکیا بە تەواوی دەڕووخێنێت، ئەگەر لەسەر ئەو هێرشانە بەردەوام بێت.

هەروەها وەزارەتی خەزێنەداری ئەمەریکا ڕایگەیاندووە هەر یەکە لە وەزیری بەرگری تورکیا خولوسی ئاکار، وەزیری ناوخۆ سولەیمان سۆیلۆ و وەزیری سەرچاوە سروشتییەکان فاتح دۆنمەز دەخرێنە لیستی سزاکانی ئەمەریکاوە. هاوکات وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاش مایک پۆمپیۆ جەختی لەوە کردووەتەوە کە مەبەست لەم سزایانەی ئەمەریکا، هاندانی تورکیایە بۆ ڕاگرتنی جەنگەکە و دەڵێت، تورکیا لەبارەی پرسی سووریاوە دەبێت گفتوگۆ لەگەڵ ئەمەریکا بکات. هەروەها وەزارەتی خەزێنەداری و دەرەوەی ئەمەریکا بڕیاریان داوە کە سزای ئەو بەرپرسانەی ئێستا و پێشووی حکوومەتی تورکیا بدەن کە کاریگەرییان هەیە لەسەر تێکدانی ئاشتی، ئاسایش و سەقامگیری سووریا و هەڕەشەن لەسەر یەکپارچەیی ئەم وڵاتە و دەست بەسەر سامانیان لە ئەمەریکادا دادەگیرێ. سزاکان ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە لە سووریا مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، پێشی ئاگربەست دەگرن، ڕێگری دەکەن لە گەڕانەوەی خەڵک بۆسەر ماڵەکانیان، بە زۆر ئاوارەکان دەگەڕێننەوە و یان ڕێگرن لە چارەسەری سیاسی بۆ کێشەکانی ئەو وڵاتە. هەروەها سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ باسی لەوەشکردووە کە مەبەستێتی پێناسەی گومرگی بەسەر ئاسنی تورکیادا بە ڕێژەی لەسەدا 50 زیاد بکات و لە هەمانکاتدا گفتوگۆکانی پەیوەندیدار بە بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی نێوان هەر دوو وڵات کە بڕیار بوو بگاتە 100 ملیار دۆلار، ڕادەگرێت.

نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە باڵێۆزی نوێی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق کرد



نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە بەڕێز ڤێنسێنتن گیۆ بۆیۆ بەڕێرسی نووسینگەی یەکێتیی ئەورووپا لە هەولێر ئامادەی بوو، بەڕێز مارتن هوس باڵێۆزی نوێی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق، خۆشحاڵیی خۆی بە پێشکەوتنەکان و ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان دەربڕی و پوختەیەکیشی دەربارەی پرۆگرامی یەکێتیی ئەورووپا بۆ پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان و عێراق بەتایبەتی لە بواری چاکسازی و بەرەوپێشبردنی دامەزراوەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆردا، پێشکەشی کرد.

لە دیدارەکەدا دوێنێ سێشەممە 2019/10/15 لە هەولێر ـ پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و هاوکاری و هەماهەنگی ئەمنیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق، هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، دوایین پێشهاتەکانی دۆخی عێراق و خۆپیشاندانەکان لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکە، پێشهاتەکانی سووریا و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ڕۆژهەڵاتی فوورات و کاردانەوەیان لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە، مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی و دۆخی ناوچەکەیان بەگشتی تاوتوێ کرد.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە بە پاراستنی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، پارێزگاری لەو سەرکەوتنانە بکرێت کە لە ئەنجامی قوربانیدانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکاندا بۆ لەناوبردنی داعش دراون و لەو پێناوەدا دەبێت هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێکەوە هاوکاری و هەماهەنگی بکەن بۆ ڕێگرتن لە مەترسی و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی تیرۆر.

لە کۆبوونەوەیەکدا ئێوارەی دوێنێ سێشەممە لە هەولێر، لەگەڵ بەڕێز دێڤد شینکەر یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک، دەربارەی پێشهاتەکانی عێراق، خۆپیشاندانەکان لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکە، پێشهاتەکانی سووریا و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ڕۆژهەڵاتی فوورات و کاردانەوەیان لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە، مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی و دۆخی ناوچەکەیان بەگشتی تاوتوێ کرد.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە بە پاراستنی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، پارێزگاری لەو سەرکەوتنانە بکرێت کە لە ئەنجامی قوربانیدانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکاندا بۆ لەناوبردنی داعش دراون و لەو پێناوەدا دەبێت هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێکەوە هاوکاری و هەماهەنگی بکەن بۆ ڕێگرتن لە مەترسی و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی تیرۆر.

لە کۆبوونەوەیەکدا ئێوارەی دوێنێ سێشەممە لە هەولێر، لەگەڵ بەڕێز دێڤد شینکەر یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک، دەربارەی پێشهاتەکانی عێراق، خۆپیشاندانەکان لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکە، پێشهاتەکانی سووریا و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ڕۆژهەڵاتی فوورات و کاردانەوەکانی، بیرۆرایان ئاڵوگۆڕ کرد.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزان قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق، پێشهاتەکانی سووریا و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ڕۆژهەڵاتی فوورات و کاریگەری و کاردانەوەکانی، بیرۆرایان ئاڵوگۆڕ کرد.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزان قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک لە بەرپرسان، باڵێۆزی ئەمەریکا لە بەغدا و کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، دۆخی ناوچەکە زیانبەرکەوتووەکانی شەڕی تیرۆر و ئاوەدانکردنەوەیان و گەڕانەوەی ئاوارەکان، بنیاتنانەوەی هێزە ئەمنییەکان بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیری، بەردەوامیی پرۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە و هاوکاریی وڵاتانی هاوپەیمان لەمبارەیەوە، دابینکردنی دەرفەتی کار و وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان و عێراق، چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی ئێستا و بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی، تاوتوێ کران.



نێچیرڤان بارزانی و شاندێکی باڵای ئەمەریکی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاوتوێ دەکەن

نێچیرڤان بارزانی جەخت لە پرۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە دەکاتەوە



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی لە پابەندی بە پرۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە کردەوە و سوپاسی بەریتانیا و وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کرد بۆ هاوکاری و پشتگیرییان لە پرۆسەکە. لە کۆبوونەوەیەکدا دوێنێ سێشەممە 2019/10/15 لەگەڵ بەڕێز جەنەرال جۆن لۆرێمەر ڕاوێژکاری باڵای بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شاندێکی یاوەری، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی بەریتانیا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کرد کە لە شەڕی دژی تیرۆردا هاوکاریی هەرێمی کوردستان و عێراقیان کرد و جەختی لە پێویستیی بەردەوامیی پشتگیریی بەریتانیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردەوە بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا و ڕێگریکردن لە مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش.

لای خۆیەوە جەنەرال لۆرێمەر جەختی لە پابەندیی بەریتانیا بۆ بەردەوامیی پشتگیریی و هاوکاریی هەرێمی کوردستان و عێراق کرد.

لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی تیرۆر کردەوە و ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ بەردەوامیی هاوکاریکردنی وەزارەتی پێشمەرگە لە پرۆسەی چاکسازی و مەشق و ڕاهێنان بە پێشمەرگە دووپات کردەوە، خۆشحاڵیی خۆیشی بە هاوکاریکردنی وەزارەتی پێشمەرگە لەم بوارەدا نیشان دا. لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزان وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، هەردوولا گرنگیی هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، دۆخی عێراق و خۆپیشاندانەکانی بەغدا و پارێزگاکانی دیکە، پێشهاتەکانی سووریا و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە ڕۆژهەڵاتی فورات بەتایبەتی و باری مرۆیی و دۆخی ناوچەکەیان بەگشتی، تاوتوێ کرد.

پەیامێکی تووند لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ تورکیا

هێزەکانی سەر بە تورکیا هاوواڵاتی مەدەنیان کوشتووە و تاوانی جەنگیان ئەنجام داوە



نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی ڕەوشی ئاڵۆزی ڕۆژئاوای کوردستان ڕایگەیاند، تورکیا بە تۆمەتی کوشتنی خەڵک دەکەوێتە ژێر بەرپرسیارێتییەوە. نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، کە گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا تاوانی جەنگیان ئەنجامداوە و جێی قبوڵ کردن نییە و گرووپەکانی سەر بە تورکیا هاوواڵاتی مەدەنیان کوشتووە. بۆ ئەوەش ئەنقەرە بە تووندی بەرپرسیار دەبێت. نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بە کوشتنی هەڤرین خەلەفی سیاسەتمەداری کورد لە سووریا کردووە و ئەوەی ئاشکراکردووە کە چەکدارانی ئەحرار شام هاوواڵاتی مەدەنیان لە باکووری سووریا کوشتووە و بەڵگەی ڤیدیۆییش لای نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە. هەر لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە، هەزاران هاوواڵاتی مەدەنی پێویستیان بە گەیاندنی هاوکاری بە پەلەو فریا گوزاری هەیەو لە دۆخێکی خراپدان. نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاشیگەیاندووە، تەنها یەک کەس لەو 9 کەسەی لە سەر سنوور لە لایەن چەکدارەکانی سەر بە تورکیا کوژران، جلی سەربازیی لەبەر بووە، هاوشێوەی کوشتنی هەڤرین، ئەم کەسانە هاوواڵاتی مەدەنی بوون و کوشتنیان بەو جۆرە پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکانە و بە تاوانی جەنگ هەژمار دەکرێن.

پەرلەمانی کوردستان ڕاسپاردەیەکی 12 خاڵی پەسەند کرد

مەترسیی گۆڕینی دیموگرافیا لە ڕۆژئاوای کوردستاندا هەیە



لە کۆبوونەوەی دوێنێ سێشەممەی پەرلەمانی کوردستاندا کە تایبەت بوو بە تاوتوێکردنی ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستان، پاش خستنەڕووی پێشنیاز و بۆچوونی سەرۆک فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان، لە کۆتاییدا ڕاسپاردەیەکی 12 خاڵی پەسەند کرا. ڕاسپاردە 12 خاڵییەکەی پەرلەمانی کوردستان کە بە وردی باسی ڕەوش و بارودۆخ و مەترسییەکانی سەر ڕۆژئاوای وکردستان لە زۆر ڕەهەندەوە دەکات، خراپە دەنگدان و لەکۆی 97 پەرلەمانتاری ئامادەی کۆبوونەوەکە بە دەنگی 96 کەس پەسەند کرا.

ئەمەش دەقی ڕاسپاردەکەی پەرلەمانی کوردستان:

1- داواکارین لەڕێگای دیالۆگەوە کۆتایی بە ناکۆکییەکان بهێندرێت.

2-وێڕای بە توندی ئیدانەکردنی هێرش و لەشکرکێشی و بە تاماڵجگرتنی سەر هاوواڵاتیان، داواکارین سەر و ماڵی خەڵکی سڤیل و دامەزراوە مەدەنییەکان پارێزراو بن.

3- پەرلەمانی کوردستان لەپێناو پاراستنی ئاسایش و ئاشتیی نێودەوڵەتی، لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپا، ڕێکخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دەکات هەوڵ و توانایان چڕتر بکەنەوە و گوشارە سیاسی و دیپلۆماسییەکانیان بە ئاراستەی کۆتاییهێنان بەو شەڕ و لەشکرکێشییەی کە ئێستا لە ڕۆژئاوای کوردستان هەیە.

4- حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕادەسپێرین تاکوو لە چوارچێوەی توانا کانیدا بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئامادەسازیی تەواو بکات بۆ پێشوازی و حەوانەوە و بەدەنگەوەچوونی ئەو پەنابەرانەی کە بەهۆی شەڕ و ملمالانێی ئێستای ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژئاوای کوردستانەوە ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن.

5- داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکەین وێڕای چڕترکردنەوەی هەوڵە دیپلۆماسییەکان و هاوئاهەنگی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ، کاری زیاتر بکات بۆ یەکخستنی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی پشتیوانیکردن لە بژاردەی ئاشتیانە.

6- داوا لە حکوومەتی عێراقی فیدراڵ دەکەین هاوکاری دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت بە دابینکردنی بەشێک لە بوودجەی تەواوی (فریاکەوتن) بۆ هاوکاری و حەوانەنەوەی ئاوارەکان، چونکە هاوکاری و بەدەنگەوەچوونی پەنابەری نوێ و ئیدارەدانی پەنابەرانی ئێستای ناو کەمپەکانی هەرێمی کوردستان، بارگرانییەکی زۆر دەخاتە ئەستۆی هەرێمەکەمان و لە تواناکانمان زیاترە.

7- داوا لە سەرجەم ئەو کونسوڵخانە و نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییانەی وڵاتان دەکەین کە لە هەرێمی کوردستان، کە حکوومەتەکانیان لەو دۆخەی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستان بە وردەکاری و ڕووداوەکانی و لێکەوتە ناوخۆیی، هەرێمی و جیهانییەکانی ئاگادار بکەنەوە و هەوڵ و گوشارە دیپلۆماسییەکانیان بۆ ڕاگرتنی شەڕ و ملمالانێی خەڵکی سڤیل و ئاوارەبوونیان زیاتر بکەن و هەموو لایەنە ناکۆکەکان بۆ گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتیانە هان بدەن. هاوکات داوایان لێ دەکەین کە هاوکاری دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بن بۆ بەدەمەوەچوونی ئاوارە و پەنابەران.

8- پەرلەمانی کوردستان هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و پشتیوانی و بەدەمەوەچوونی ئاوارە و لێقەوماوانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕادەگەیەنێت و لە ڕوانگەی ئەرکی نیشتمانی و مرۆیی و نەریتی کوردستانیانەمانەوە داخوازیان ئەوەیە، خەڵکی کوردستان وەک نەریتێکی مرۆڤدۆستانەی کوردستانیانە ئەوەی لە توانایدایە لەپێگەی ڕێکخراوە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمەوە بەدەم ئاوارە و پەنابەرانەوە بچن و دۆخی نەخوازراو و ناهەمواری عەفرین و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و کارە دژە مرۆییەکانیان و بەتاڵانبردنی سەر و ماڵی هاوواڵتیان و گۆڕینی لە ناوچەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان دووبارە بکەنەوە. پێویستە هەموو هەوڵەکان بەو ئاراستەیەدا بن کە ڕێ لەم هێزە چەکدارانە بگیرێت تاکوو دۆخی (سەربەخۆیی، کۆبانێ، گرێ سپی و...) ناوچەکانی دیکە وەک عەفرین لێ نەکەن.

10- گەلی کورد و گەلانی دیکەی سووریا مافێکی سروشتی، یاسایی و دیموکراسییانەی خۆیانە لە چوارچێوەی هەوڵ دیپلۆماسییەکانی چارەسەری دۆخی گشتیی سووریا بە ئاراستەی جێبەجێ و بە ئاراستەی ئاشتیانە هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە سووریا، لە هەر ڕێککەوتنێک بۆ سووریا دوا شەڕ، مافی نەتەوەیی و هاووڵاتیبوون و یەکسانی و دادپەروەری لە ئەرک و مافیان لە دەستووری نوێی سووریا و شێوەی حوکمڕانی لە چوارچێوەی سووریادا بچەسپێت.

11-پەرلەمانی کوردستان داوا لە سەرجەم هێزە کوردستانییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات، مللمانێی حزبی و ئایدۆلۆژیی تەسک بەلاوە بنێن و قۆناغێکی نوێی کاری پێکەوەیی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی باڵای خەڵکی کوردستان لە ڕۆژئاوای کوردستان دەست پێ بکەن و لەسەر بنەمای ئاشتی و دیموکراسی، دیالۆگ و پێکەوەژیان و وەستانەوە لەدژی تیرۆر خەباتی گەلی کوردستان لە ڕۆژئاوای کوردستان زیاتر پێشبخەن و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە.

12- پەرلەمانی کوردستان سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەو ڕاستییە ڕادەکێشێ کە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ڕۆژئاوای کوردستان و کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و ئەو لەشکرکێشی و ناسەقامگیریەی کەلە چەند ناوچەیەکی ڕۆژئاوای کوردستان هاتووەتە ئاراوە، هەموو دەسکەوتەکانی شەڕ تیرۆر و شکاندنی ئەفسانەی داعش لەناو دەبات و زەمینەی سەرهەڵدانەوەی داعش و تیرۆریستانی دیکە زیاتر دەکات و بەوەش جارێکی تر ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمایەتی و جیهانی دەکەوێتە بەر مەترسی.

وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
چوار شەممە 2019/10/16 ژمارە (5850)
www.xebat.net
خەبات





لە 317 تۆن خۆراک و پێداویستی پێکهاتووە

دەزگای خێرخوازیی بارزانی 20 تریلە هاوکاری دەگەیەنێتە رۆژئاوای کوردستان

موسا ئەحمەد: داوا لە خێرخوازان و کۆمپانیاکان و ڕێکخراوە جیهانی و مرۆیی و هەرێمایەتییەکانیش دەکەین پاڵپشتیمان بکەن بۆ گەیاندنی هاوکاری زیاتر بە ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان

پاش دروستبوونی شەڕو ئاڵۆزییەکان و هێرشی تورکیا بۆ سەر باکووری سووریا، کە لەدەرەنجامدا سەدان هەزار کەس لە شارە کوردنشینەکانی رۆژئاوای کوردستان بەهۆی نائارامی و هەڕەشەکانەوە ماڵ و حاڵیان بەجێهێشت و ڕوویان لە شوێنە ئارامەکانی دیکەی ناو وڵاتی سووریا کرد، لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگرتن لە سەرهەڵدانی کارەساتێکی گەورەی مرۆیی، دەزگای خێرخوازیی بارزانی پاش دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی رۆژئاوای کوردستان، بڕیاریدا 31742 تۆن لە خۆراک و پێداویستی ناوماڵە لەڕێگەی 20 تریلەو بە ستافێکی فراوان لە کارمەندانیەوە بچێتە رۆژئاوای کوردستان و هاوکاری بەپەلە بگەیەنێتە ئاوارەکان و سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانیش داوا لە وڵاتانی کۆمەک بەخش و کەسایەتی خێرخواز و خاوەنکارو و ڕێکخراوە جیهانییەکان دەکات هاوکاری بەپەلەی ئاوارەکان لەناوخۆی سووریا بکەن.

سەرەتای ئاڵۆزییەکان

پاش دروستبوونی شەڕ و ئاڵۆزی لەسنووری تورکیا و باکووری سووریا کە شارە کوردییەکانی گرتۆتەوە و بەهۆی تۆپبارانی وڵاتی تورکیا و بەردەوامی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەکان لەنێوان هێزە کوردییەکانی رۆژئاواو سوپای تورکیاو سوپای ئازادی سووریا، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی دانیشتووی ئەو شارانە ناچاربوون ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ بهێڵن و ڕوو لە شارە ئارام و دوور لە شەڕەکانی بکەن. بۆ ئەمەش پێویستییەکی زۆریان بە هاوکاری و فریاگوزاریی خێرا هەیە، لەو میانەشدا نەتەوەیەکگرتووەکان زەنگی سەرهەڵدانی کارەساتێکی گەورەی مرۆیی بەهۆی شەڕەوە لێدا، ئەمەش وایکرد ئامادەکاری بکرێت لەڕووی چۆنێتی گەیاندنی هاوکاری بۆ ئەو خەڵکانەی ئاوارەی شارەکانی دیکەی رۆژئاوای کوردستان بوون.

هەنگاوەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی

لەسەروبەندی تێکچوونی دۆخی ئەمنی و دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا و سوپای ئازادی سووریا بۆ سەر شارە کوردنشینەکانی باکووری سووریا، دەزگای خێرخوازیی بارزانی لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەر دۆخی خەڵکی شارەکان و هەروەها چاودێریی سەرهەڵدانی شەپۆلێکی گەورەی ئاوارەبوون دەکرد کە بەشێکی زۆری ئەو ئاوارانە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی شارەکانی سەریکانی و قامیشلۆ و کۆبانێ و ناوچەکانی تر ڕوویان لە شاری حەسەکەو چەند ناوچەیەکی دوور لە شەڕ و ئاڵۆزییەکان کرد، هاوکات بەڕێژەیەکی کەمتر ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. ئەمەش وایکرد دەزگای خێرخوازیی بارزانی هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە بۆ گەیاندنی کۆمەک و هاوکاری جۆراوجۆر بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بە دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار و چەند ڕێکخراوێکی ڕۆژئاوا و هەر زوو دەستیکرد بە ئامادەکاری تەواو بۆ ناردنی هاوکارییەکان و پێکهێنانی ستافێکی گەورە لە کارمەندان و بەڕێوەبەرانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان.

317 تۆن خۆراک و پێداویستی

دەزگای خێرخوازیی بارزانی پاش بەدواداچوونەکانی بۆ دۆخی مرۆیی خەڵکی ئاوارەی ئەو شارانەی شەڕ و ئاڵۆزی و تۆپبارانی تێدا ڕوویداوە، بڕیاریدا هاوکارییەکانی کە پێکهاتووە لە (317.42)تۆن لەڕێگەی 20تریلەی بارهەڵگری گەورەوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێبکەوێت. سەبارەت بە جۆری هاوکارییەکان و ئەو پێداویستیانەی ئاوارەکانی ڕۆژئاوا پێویستی زۆریان پێیەتی، موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئاشکرای دەکات، پاش بەدواداچوونمان بۆ دۆخی مرۆیی ئاوارەکان کە لە بەشێکی شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و ناوچە دوور لە شەڕەکان ئاکنجی بوونە، بۆمان دەرکەوت کە ئەو خوشک و برایانە پێویستی زۆریان بەهاوکاری فریاگوزاریی خێرا هەیە لەڕووی دابینکردنی خۆراک و پێداویستی مندااڵن.



هاوکاری خۆراکی

سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەدرێژەی لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوەدا، لەبەر ئەوەی ئەو خوشک و برایانەمان ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە، پێویستیەکی زۆریان بە خۆراک هەیە، بۆیە ئێمە لە دەزگای خێرخوازیی بارزانی بڕیارماندا (150)تۆن خۆراک کە خۆی لە (5000)پارسێلی خۆراکی (20کغم)ی دەبینێتەوە کە نزیکەی 15 جۆر خۆراکی تێدایە، بگەیەنن ڕۆژئاوای کوردستان، کە ئەمەش بارگرانییەکی زۆری ئاوارەکان لادەبات و ڕووبەڕووی قەیرانی بەخۆراکی نابنەوە، ئەوەی ئێمە پێمان بکرێت لە گەیاندن و دابەشکردنی هاوکاری دیکە لە قۆناغەکانی دیکەشدا دریغی ناکەین و داوا دەکەین خێرخوازان و خاوەنکار و کۆمپانیاکان و ڕێکخراوە جیهانی و مرۆیی و هەرێمایەتییەکانیش پاڵپشتیمان بکەن بە گەیاندنی هاوکاری و پێداویستی دیکە بۆ ئاوارەکانی شەڕ لە ڕۆژئاوای کوردستان.

هاوکاری ناوماڵە

جگە لە دابینکردنی خۆراک کە سەرچاوەی سەرەکی ژیان و بەردەوامبوونی مرۆڤە، دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەچوارچێوەی هەڵمەتە گەورەکەی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، بیری لەدابینکردنی پێداویستی ناوماڵە کردۆتەوە، لەو بارەیەوە موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئاماژەی بەوەدا: هەروەک ئاشکرایە بەردەوەرزی زستان هەنگاو دەنێین و ئاوارەکانیش پێویستیەکی زۆریان بە خۆگەرمکردنەوەو پاراستنیان هەیە لە سەرما و تووش بوون بە نەخۆشییەکان، بۆیە زۆر بە باشمان زانی لەچوارچێوەی هاوکارییەکانماندا (بەتانی)یش بۆ ئاوارەکان بەبین، کە نزیکەی (40)تۆن لە خۆدەگرێت لە (20.000) بەتانی (2کغم) پێکهاتووەو سەرجەمیان بەسەر ئاوارەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان دێتە دابەشکردن.

ئاوی خواردنەوە

یەکێکی تر لەهۆکارەکانی مانەوەی مرۆڤ لەژیان بێگومان ئاوی خواردنەوەیە، کە بەهۆی بەردەوامی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی چەند شارێکی کوردستان لە باکووری سووریا، کێشەی کەمئاوی و دەستکەوتنی ئاوی خاوێن بۆتە گرفتێکی گەورە. سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەمبارەیەوە ڕایگەیاند: کۆمەک و هاوکارییەکانمان بۆ خوشک و برایانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان جۆراوجۆرن، لەوانە ئاوی خواردنەوەشی لەخۆگرتووە، کە هۆکاری سەرەکییە بۆ پاراستنی مرۆڤ لەو نەخۆشیانەی کە بەهۆی ئاوی پیس و ژەهراوییەوە تووشی دەبن، بۆیە بیرمان لەوە کردەوە لە کاروانەکەماندا ئاوی خواردنەوەش ببەین، بۆیە (90)تۆن کە خۆی لە (10.000) سێت ئاوی خواردنەوەی (9کغم)ی دەبەینە ڕۆژئاوای کوردستان و بەسەر ئاوارەکاندا دابەشی دەکەین، هەروەها ڕایگەیاند: هەرچەند ئەم هەوڵەی ئێمە وا دەکات ئاوارەکان تا نزیکەی بیست ڕۆژ پێی بژین لەڕووی خۆراکییەوە، بەڵام پێویستمان بەوەیە هاوکاری جدی بکرێین لەپێناو بەردەوامبوون و گەیاندنی هاوکاری زیاتر بۆ ئاوارەکان لە سووریا.

شیری منداڵان

یەکێکی تر لەو سێکتەرانەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەوردی کاری لەسەر دەکات، دابینکردنی خۆراک و پێداویستی منداڵانە، کە هەروەک ئاشکرایە منداڵان قوربانی یەکەمی شەڕ و ناکۆکییەکانن، بۆیە لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بەداخەوە کێشەی نەبوونی خۆراکی پێویست هەیە بۆ منداڵان، و تووشی گرفتی بەدخۆراکی و نەخۆشی جۆراوجۆر دەبنەوە. موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئاماژەی بەوەدا: دۆخی منداڵان لەکاتی شەڕ و ئاڵۆزییەکاندا زۆر مەترسیدار دەبێت، کە بەگشتی گرفتی دەستکەوتنی خۆراکی پێویستیان هەیە، لەبەر ئەوەی منداڵان توانای خواردنێکیان نیە کە لەگەڵ جەستەو تواناياندا بگونجێت، بۆیە پێویستیان بە خۆراکی تایبەت بە خۆیان هەیە. ڕایگەیاند: ئێمە لە دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەم هەڵمەتەماندا بۆ کوردستان و بەسەر ئاوارەکاندا دابەشی دەکەین، هەروەها ڕایگەیاند: هەرچەند ئەم هەوڵەی ئێمە وا دەکات ئاوارەکان تا نزیکەی بیست ڕۆژ پێی بژین لەڕووی خۆراکییەوە، بەڵام پێویستمان بەوەیە هاوکاری جدی بکرێین لەپێناو بەردەوامبوون و گەیاندنی هاوکاری زیاتر بۆ ئاوارەکان لە سووریا.

شیری منداڵان

یەکێکی تر لەو سێکتەرانەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەوردی کاری لەسەر دەکات، دابینکردنی خۆراک و پێداویستی منداڵانە، کە هەروەک ئاشکرایە منداڵان قوربانی یەکەمی شەڕ و ناکۆکییەکانن، بۆیە لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بەداخەوە کێشەی نەبوونی خۆراکی پێویست هەیە بۆ منداڵان، و تووشی گرفتی بەدخۆراکی و نەخۆشی جۆراوجۆر دەبنەوە. موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئاماژەی بەوەدا: دۆخی منداڵان لەکاتی شەڕ و ئاڵۆزییەکاندا زۆر مەترسیدار دەبێت، کە بەگشتی گرفتی دەستکەوتنی خۆراکی پێویستیان هەیە، لەبەر ئەوەی منداڵان توانای خواردنێکیان نیە کە لەگەڵ جەستەو تواناياندا بگونجێت، بۆیە پێویستیان بە خۆراکی تایبەت بە خۆیان هەیە. ڕایگەیاند: ئێمە لە دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەم هەڵمەتەماندا بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، (2.42)تۆن کە (252)کارتۆن شیری (7کغم) بۆ منداڵان پێکهاتووە، لە هەگبەی هاوکارییەکانمانایە و لە قۆناغەکانی دیکەشدا هەوڵدەدەین پێداویستی دیکەی خۆراکی بۆ منداڵان ڕەوانە بکەین.

پێداویستی تەندروستی

جگە لە خۆراک، کە پێکهاتەی سەرەکی مانەوەی مرۆڤە لە ژیان، هاوکات گرنگیدان بە لایەنی تەندروستیش بەشێکی دانەبڕاوی مانەوەی مرۆڤ و پاراستنیەتی لە تووشبوون بە نەخۆشی و پەتا بلاوەکان. بارودۆخی سووریا بەهۆی ئاڵۆزییەکان و هەروەها بەردەوامی شەڕ و پێکهەڵچوونەکانی چەند شارێکی ڕۆژئاوای کوردستان لەنێوان سوپای تورکیا و هێزە کوردییەکان، دۆخی تەندروستی مرۆڤەکان دەکەوێتە مەترسییەوە. دەزگای خێرخوازیی بارزانی هەوڵیداوە لە قۆناغی یەکەمدا پێداویستی پاکوخاوێنی تەندروستی بۆ بەشێکی زۆری ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەناو خاکی سووریا دابین بکات و لە هەگبەی کاروانە (20)تریلەییەکەیدا (2.42) تۆن کە (252) کارتۆنی (9.600کغم) دەبینێتەوە دەگەیەنێتە ئاوارەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان. موسا ئەحمەد لە کۆتایی لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوەدا، لایەنێکی دیکە کە زۆر گرنگیمان پێدا دابینکردنی پارسێلی پاکوخاوێنییە کە چەندین بابەتی پاکوخاوێنی وەکو (سابون، شامپۆ، دیتۆڵ، خاولی، هەویری ددان و فڵچە و ...هتد) دەبینێتەوە لەگەڵ خۆمان ببەینە ڕۆژئاوای کوردستان.

سەبارەت بە بەردەوامی هەڵمەتەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، کە ئێستاکە سەرقاڵی گەیاندنی یەکەمین کاروانی هاوکارین، سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئاماژەی بەوەدا: بێگومان ئەوەی لەتواناماندا بێت درێغی ناکەین و بەردەوام دەبین لە گەیاندنی کۆمەک و هاوکاری بۆ خوشک و برایانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان و بەبێ جیاوازییەکان هاوکارییەکان بەسەر خەڵکی ئاوارەو لێقەوماوی شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستاندا دابەش دەکەین و هەوڵدەدەین بەهاوکاری ڕێکخراوە جیهانییەکان و وڵاتانی کۆمەکبەخش و خێرخوازانی ناوخۆ هەڵمەتی دیکەی هاوشێوەی ئەم هەڵمەتە ڕێکبخەین و بەپەلە ڕەوانەی ئاوارەکان لە سووریا بکەین.

ئەمەریکا بە فەرمی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بە داگیرکاری ناودەبات

وەزیری بەرگری ئەمەریکا: دەبێت ئەردۆگان بەرپرسیارێتی سەرجەم دەرهاوێشتەکانی ئەم هێرشە هەڵگرێت



لەدوای دەستپێکردنی دەستدرێژیی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بۆ یەکەمجار و بە فەرمی ئەمەریکا ئەو هێرشانەی بە داگیرکاری ناو برد. مالپەری فەرمی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا شەوی سێشەمە ڕاگەیەندراوێکی مایک ئێسپێر، وەزیری بەرگری ئەمەریکای بڵاوکردەوە کە تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕانی هەڵوێستی ئەمەریکای لەبەرامبەر تورکیا پێوە دیارە سەبارەت بە هێرشی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا وەزیری بەرگری ئەمەریکا دەڵێ: سەرەڕای دژایەتیکردن و هۆشداریدانی بەردەوامی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەردۆگان، سەرۆکی تورکیا، فەرمانی تاکلایەنەی داگیرکردنی باکووری سووریای دەرکرد کە بووە هۆی ژمارەیەکی زۆری کوژراو و ئاوارە و ویرانکاری و تێکدانی ئاسایش. هەروەها مەترسیشی خستووەتە سەر هێزە ئەمەریکییەکان. ڕاشیگەیاندووە: ئەم هێرشە ناپەسەندە هەروەها کاریگەری نەرێنی هەبووە بۆ سەر هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ شکستدانی داعش لە سووریا، و بووە هۆکاری ڕاکردنی ژمارەیەکی زۆر لە دەستگیرکراوە مەترسیدارەکانی داعش.

مایک ئێسپێر جەختیشکردووەتەوە: بەهۆی کرداری نابەرپرسانەکانی تورکیا، مەترسی بۆ سەر هێزە ئەمەریکییەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا گەیشتووەتە ئاستێک کە جێگای قبوولکردن نییە. ئێمە لە ژێر مەترسی ئەوەداین بکەوینە نێوان کێشەی سنوورەکان. هەربۆیەش لەسەر داواکاری سەرۆک ترامپ وەزارەتی بەرگری پاشەکشە بە هێزە ئەمەریکییەکان دەکات لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا. ئاماژەی بە ئەوەش کردووە کە "کرداری تاکلایەنەکەی تورکیا هیچ زەرووەرێکی نەبوو و بێ بیرکردنەوە بوو، ئەردۆگان بەرپرسیارێتی سەرجەم دەرهاوێشتەکانی ئەم هێرشە دەبێت هەڵگرێت، کە دەکرێ سەرهەڵدانەوەی داعش، تاوانی جەنگی، و قەیرانی مرۆیی لە خۆ بگرێت. پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان وڵاتەکانمانیش ئێستا زیانی بەرکەوتووە.

ئەو بەرپرسە باڵایەی ئەمەریکا لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە هەفتەی داهاتوو لە برۆکسڵ سەردانی ناتۆ دەکات هەر لەوێ داوا لە هاوپەیمانەکانمان لە ناتۆ دەکات هەڵوێستی دیپلۆماسی و ئابووریان لە سەر ئاستی وڵات و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەبێت بۆ وەلامدانەوەی ئەم کرارە زەقانەی تورکیا.

کونسوڵی گشتی شانشینی هۆڵەندا:

هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دروستکردنی شارستانیەتی خۆیەتی

ئامادەیی تەواومان هەیە پشتیوانی کابینەی نوێی حکوومەتی کوردستان بکەین

بانکی پەرەپێدانی هۆڵەندی تیشکێکی زۆری خستۆتە سەر هەرێمی کوردستان

کارزان حەیدەر

قیلم کۆزاین-کونسوڵی گشتی شانشینی هۆڵەندا لە هەولێر دەڵێ، هاتووین لە کوردستان کاربکەین و هاوکاری ئەو وڵاتە بکەین کە لە سەرەتای دروستکردنی شارستانیەتی خۆیەتی، ئامادەیی کونسوڵخانەکەشی نیشاندا بۆ ڕاهێنانی جووتیاران لە تۆکردنەوە تا دەگاتە چەتاڵ(خۆراک). لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ (خەبات) قیلم کۆزاین باسی ئەو هەوڵانە دەکات کە کونسوڵخانەی وڵاتەکەی دەیدات بۆ لێک نزیککردنەوەی کۆمپانیاکانی هۆڵەندا و هەرێمی کوردستان.



*** ئێستای پەیوەندییەکانی هۆڵەندا و هەرێمی کوردستان چۆنە؟**

- پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کابینەی پێشووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەهێز و پتەو بوو، هیوادارم لەگەڵ کابینەی نوێش ئەو پەیوەندییانە بەردەوامیان هەبێ و بەهێزتریش ببێ.

*** پێتان وایە کابینەی نوێی حکوومەت کێشەو گرفتەکانی ئێستای هەن چارەسەریان بکات؟**

- بەڵێ، ئومێدم هەیە کێشەکانی کە ماون چارەسەریان بکات، بەتایبەت بە پێدانی هەلی کار بەو خەڵکەی بێکارە، ئەوە دەبێتە هاوکارێکی باش لە چارەسەرکردنی کێشەکان.

*** چ کێشەیەک لە ئێستادا هەست پێدەکەن زەق بێ لە کوردستان؟**

- یەکێ لەو کێشانەی کە دەبینم ڕووبەڕووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە کەرتی کشتوکاڵ و خۆراکە، پێشم وایە حکوومەتی کوردستان توانای ئەوەی هەیە بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵبێ و چارەسەریان بکات، هاوکات پەرە بە کەرتەکە بدات، لەگەڵ ئەوەی ئێمە وەک کونسوڵخانەی گشتی شانشینی هۆڵەندا ئامادەیی تەواومان هەیە پشتیوانی کابینەی نوێی حکوومەتی کوردستان بکەین لەپێناو گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی هەر لە کێڵگەوە تا دەگاتە چەتاڵ (خۆراک).

*** تا ئێستا چیتان کردووە بۆ کەرتی کشتوکاڵی لە کوردستان؟**

- ئەگەر سەیری 8 مانگی ڕابردوو بکەن، دەبینن هاوکارێکی باش بووین بۆ کەرتی کشتوکاڵ لە کوردستان لەڕێگەی گروپی هۆڵەندی- هۆڵەندی- کورد، پڕۆژەیەکی زۆر گەورە کراوە لە بواری مالّی شووشەیی و خواردنی بەستوو، بۆ ئەوەش بازرگانانی هۆڵەندا و کوردستان بە هاوبەشی کاردەکەن، منیش هەوڵدەدەم بازرگانانی هۆڵەندا و هەرێمی کوردستان لە یەکتر نزیک بکەمەوە،لەپێناو ئەوەی لە پڕۆسەی گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی کوردستان بەردەوام بین، ئامادەیی خۆم بۆ هاوکاری پێشکەشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم.

*** هۆڵەندا خۆی کشتوکاڵی چۆنە؟**

- بەنسبی سەرکردایەتی دەکات،حکوومەتیش هاوکاری دەکات، ئێمە بە پەرەپێدانی خوێندن کشتوکاڵی خۆمان پێشخست،ئێستا هۆڵەندا بۆتە وڵاتێکی بەهێز لە بواری کشتوکاڵدا بەشێوەیەک بۆتە دووەم لەسەر ئاستی جیهان و یەکەم لە ئەمەریکا، وڵاتێکی بەهێزیشە لە هەناردەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی.

*** لە شەڕی دژ بە داعش چۆن هاوکاری کوردستانتان کرد؟**

- هۆڵەندا لەڕێگەی فڕۆکەی شەڕکەری F16کە بۆردومانی پێگەکانی داعشی دەکرد،لەگەڵ مەشق و ڕاهێنان کردن بە پێشمەرگە لە ڕێگەی ڕاوێژکارە سەربازیەکانمان، سەرباری ئەوەش بوویە بەشێک لەو تیمە هاوبەشەی لە ئەمەریکا و ئەڵمانیا و فەرەنسا پێکهاتووە بۆ چاکسازی لە هێزی پێشمەرگە، هاوکات چارەسەری ژمارەیەک لەو پێشمەرگانەشمان کرد لە هۆڵەندا کە لە شەڕی دژ بە داعش بریندار ببوون.

*** ئەی چ هاوکارییەکتان پێشکەشی ئەو ئاوارانە کرد کە لە شەڕی داعشدا لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق هەڵاتن و هاتنە هەرێمی کوردستان؟**

- هاوکارییەکانی هۆڵەندا لەڕێگەی UNەوە بە ملیۆنەها دۆلار بوو، ئەوەش لەپێناو ئەوەی ئاوارەکان بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، سەرباری ئەوەش حکوومەتی هۆڵەندا هاوکار بوو لە هەڵگرتنەوەی مین و پاشماوەکانی شەڕ، بەتایبەت لە شنگال بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێ بگەڕێتەوە سەر مالّی خۆی.

*** پێتان وایە مەترسی داعش هێشتا ماوە؟**

- بەڵێ هێشتا مەترسیەکانی داعش ماون، بەڵام هیوادارین بەو نزیکانە ئەو مەترسییە بە هاوکاری هێزەکانی عێراق و پێشمەرگە نەمێنێ، بەتایبەت لە ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئەو هاوکارییانەی لەڕووی بازرگانی و ئابووری لەنێوان هەرێمی کوردستان و هۆڵەندا هەیە بۆ ئەوەیە ناوچەکە پەرەی پێ بدرێت و هەڵی کاری زیاتر بۆ خەڵک دەستەبەر بکرێ،بۆ ئەوەی لە بری بیرکردنەوە لە هەڵگرتنی چەک و بیری تووندڕەوی،بیر لە کار و پیشە و ژیانێکی خۆشتر بکەنەوە.

*** خەڵکی هۆڵەندا هەرێمی کوردستان چۆن دەبینێ؟**

- هەر جارێک کە لە هۆڵەندا باسی ئەوە دەکەم من لە هەرێمی کوردستانی عێراق کار دەکەم،خەڵکەکە سەریان سووڕدەمێنێ و شۆک دەبن،بەڵام پێیان دەڵێم کە هەرێمی کوردستان جیاوازە و توانای هەیە پەرە بەخۆی بدات و پێش بکەوێ، من دەبمە ئەلقەیەکی بە یەک گەیاندنی هەردوولا، لە کوردستان باسی هۆڵەندا دەکەم لە بواری بازرگانی و ئابووری،لە هۆڵەنداش باسی کوردستان دەکەم کە چۆن هاوکاری ئەو وڵاتە بکرێ لە ڕووی ئابووری و بازرگانییەوە و پێیان دەڵێم کە خەڵکی کوردستان زۆر باشن کاریان لەگەڵ بکەین،نزیکی زۆریش هەیە لەنێوان خەڵکی کوردستان و هۆڵەندا،(ئەوەی لەسەر دڵە،لەسەر زارە)،ئەوەش وا دەکات پەیوەندییەکان باشتر بن،ئێوە بزنستان هەیەو دەتانەوێ پەرە بە وڵاتەکەتان بدەن،ئێمەش هاتووین ئەو کارە لەگەڵ ئێوە ئەنجام بدەین،هەر لەبەر ئەوەشە لە 12مانگی ڕابردوودا بانکی پەرەپێدانی هۆڵەندی تیشکێکی زۆری خستۆتە سەر هەرێمی کوردستان،وەک دەبینن دوو هەفتە جارێک بازرگانانی هۆڵەندا لە هەرێمی کوردستانن.

*** هیچ پڕۆژەیەکی گرنگتان لەبەردەستە بۆ کوردستان؟**

- لە ئایندەیەکی نزیکدا پڕۆژەیەکی گەورەی هاوبەشی کۆمپانیاکانی هۆڵەندا و هەرێمی کوردستان دەبینن لە دەوروبەری شاری هەولێر کە پێکهاتووە لە مالّی شووشەیی، ئێمە تەنها لە مالّە شووشەییەکە هاوکار نابین، بەڵکو لە سەرەتای پڕۆسەکەوە هاوکار دەبین کە لە کێڵگەوەیە تا دەگاتە دووربینەوەو کۆکردنەوەی بەرهەمەکەو لە کارتۆن و قوتوونانی، ئینجا چەتاڵ (خۆراک). سەرباری ئەوەش پڕۆژەیەکی گەورەی شیرەمەنی هەیە ،ئێستا دەستکەوتنی شیری نوێ لە کوردستان زەحمەتە ،دوای ساڵێک وا دەکەین خەڵکی بتوانێ شیری نوێتی دەست بکەوێ لە مارکێتەکانی کوردستان.

لێرە جووتیاران زیاتر تیشک دەخەنە سەر چاندنی تەماتەو خیار، ئێمە هاوکار دەبین بۆ دانانی کۆگای ساردکەرەوە بۆ ئەوەی بەرهەمەکە کشتوکاڵییەکانی تێدا هەڵبگرێت،فێریشیان دەکەین چۆن دوای سارد کردنی بەرهەمەکانیان،بیکەن بە بەرهەمی دیکە ،وەک تەماتە بکەن بە کەچەپ،بەو شێوەیە ئاسانتر بەرهەم دەفرۆشرێت.

*** چی دەکەن بۆ ژینگەی کوردستان لە کاتێکدا دەبین کە ڤینگەیەکی مەترسیدارە؟**

- ئاتوانین هەموو کارێک لە یەک کاتدا ئەنجام بدەین،بەڵام پڕۆژەیەکی ڕیسایکلین هەیە بۆ پلاستیک، دەمانەوێ هاوکارمان بۆ جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە. جێی نیگەرانیە کە دەچینە دەوروبەری هەولێر، ئەو سروشتە جوانە پڕ لە پلاستیک و زبڵ و خاشاک و پیسایی کراوە،کە زبڵ و خاشاک ڕیساکلین ناکەی،پارەیەکی زۆر بەهەدەر دەدەی،دەبێ چارەمان لە سروشت بێ، سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین ئەگەر هەڵمەتێکی هۆشیاری بۆ خەڵک دەست پێ بکات بۆ ئەوەی زبڵ و خاشاک و پاشماوە فڕێ نەداتە دەوروبەری شار.

*** بۆ خوێندنی باڵا و قوتابیانی کوردستان چیتان کردووە؟**

- حکوومەتی هۆڵەندا لەگەڵ زانکۆ و کۆلێژەکانی کوردستان ڕێکخراوێکە بۆ بەجێهانی کردنی خوێندن،پڕۆگرامێکیان هەیە بەناوMSP عێراق ساڵانێکی زۆرە لەنێو ئەو پڕۆگرامەیە،حکوومەتی هۆڵەندا و ڕێکخراوی نۆفیک کۆرسی کوورت خایەن پێشکەش دەکەن،حکوومەتی هۆڵەندا پشتیوانی 100%ی ئەو خەرجیانە دەکات کە قوتابی دەیکات بۆ خوێندنەکەی لەو کۆرسە. نۆفیک هەوڵدەدات زانکۆ بە زانکۆ ببەستێتەوە لەپێناو ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هاموشۆی مامۆستایان و قوتابیانی کوردستان بۆ هۆڵەندا و بە پێچەوانەشەوە مامۆستا و قوتابیانی هۆڵەندا بۆ کوردستان.

*** ئێستا ڤیزە بە هاوڵاتیانی کوردستان دەدەن؟**

- لە ئێستادا تەنها ڤیزە بە بازرگانان دەدرێت، لەگەڵ شاندە فەرمییەکان و بۆ مەشق و ڕاهێنانی ڕێکخراوەکانی نا حکومی کە هاوکاری لە حکوومەتی هۆڵەندەاوە وەردەگرن،بەڵام لەگەڵ حکوومەتی هۆڵەندا گفتوگۆمان کردووە و لە پلانماندا هەیە ئەو سیاسەتە بگۆڕین و لە ئایندەیەکی نزیکدا جۆرەکانی دیکەی ڤیزە بدەین بە هاووڵاتیانی کوردستان.

*** کە چوویتەوە هۆڵەندا چۆن باسی کوردستان دەکەی؟**

- زیاتر لە ساڵێکی کارم لە کونسوڵخانەی وڵاتەکەم بەڕێ کردووە لە هەرێمی کوردستان،خۆشحاڵ دەبم کارەکەم ساڵێک بۆ درێژ بکرێتەوە چونکە زۆر حەز بە کوردستان و خەڵکەکەی دەکەم،بەڵام ئەگەر بگەڕێمەوە بە خەڵکی وڵاتەکەم دەڵێم کە لە کوردستان دەرفەتی زۆر هەیە لە کوردستان، من لە وڵاتێکی تەختەوە هاتووم، زۆر حەزم لە شاخ و چیایە، هۆڵەندا سەوزە، بەڵام لە بەهاران کوردستان زۆر سەوزترە، خەڵکی کوردستان زۆر هاوڕێن و پەیوەندیەکانیان زۆر بەهێزە و حەز بە پرسینی سۆراغی یەکتر دەکەن، ئێستا ئەو وڵاتە لە سەرەتای دروستکردنی شارستانیەتی خۆیەتی.

خەلات بارزانی



16ی ئۆکتۆبەر قۆناغێک بۆ بەهێزتربوونی ئێمە بوو

شازدەی ئۆکتۆبەر و دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دەریخست ئەوانەی بە پەرەنسیپەوە خاوەندارێتی پڕۆژەی ریفراندۆمی کوردستانیان گرتە ئەستۆ، جڤاک هێز و متمانەی زێدەتری بەخشیەوە بەو پارتە سیاسییەی خاک و سەروەری و ڕەمزە نەتەوەییەکانی خۆی خۆشدەوێ و هەرگیز چارەنووسی گەل و نیشتیمان ناخاتە سەر مێزی سەوداو مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی ئەوانی دیکەوە. زۆریش ڕوونە کە نە تۆوی خۆشویستنی ڕاستەقینەی نیشتیمان بە ڕۆژێک و هەیفێک و ساڵ و دووساڵ لە ناو دڵ و فیکرو ویژدانی مرۆڤدا سەوز دەبێ، نە مۆزانەی خیانەت و ڕۆحی سەوداو مامەڵەکردن بە نیشتیمان و گەلەوە دۆخێکی تایبەت دروستیان دەکات، بەدیدی من هەردوو خەسڵەت هاوشێوەی جیناتی دیوی ناوەوەی مرۆڤن، نەوە دوای نەوە دەگوازرێنەوە و ئاوێتەی خوێنی نەوەکانی دوای خۆیان دەبن. فەرموون سەیری دیکۆمێنتەکانی ناو لاپەڕەی کتێبەکانی دیرۆکمان بکەن بزانن دێرەکانی مێژووی ناپاکیکردن لە نیشتیمان لەدەوری چ جۆرە پارت و هێزی سیاسی دەسوورێتەوە ؟! ئێمە ڕێبەرو ڕێبازەکەمان فێری کردوین بەکردەیی پێشمەرگە بین، وانەی خۆشویستنی خاک و ژینگەو نەتەوەو نیشتیمان ئەزبەر بکەین. چەند جوانە پیشەت بێتە پاراستنی کەرامەتی نەتەوەو نیشتیمانەکەی خۆت، چەند مەزنە هێندە لە جەنگی مسۆگەرکردنی چارەنوس و کیانی سەربەخۆیی نەتەوەکەتدا سەرمەشق بیت واتلێبێت لەدیدی دوژمنەکاندا بە رابەرێکی سەرسەخت و بەرگریکارێکی کۆڵنەدەری نەتەوەکەت پێناسەت بکەن؟ کێ دەتوانی نکوڵی لەو هەموو سووربوونەی سەرۆک بارزانی بکات لەئاست پرسە نیشتیمانی و نەتەوەییەکاندا؟ ئەوەی وایکرد لەهەمبەر داگیرکارەکاندا ڕابوەستین و هەرەشە و چاوسوورکردنەوەی تورکیا لەلایەک و ئێران لەلایەکی تر و عێراق تێکنەنەوەو داعش لەچەند کیلۆمەترێکەوە چۆکمان پێدانەدا و وەرەمان تێکنەشکێنێ، نە هێزێکی لۆجستی و سەربازیمان بوو نە پشتیوانی نێودەوڵەتی و نە ئابوورییەکی یەکجار بەهێز و نە پێگەو سیادەی نێودەوڵەتیمان بوو، ئەوەی وایکرد نەکەوین و لەجاران زێدەتر بەهێزتر بین تەنها پەرەنسیپی خۆبەخاوەنزانینی نیشتمان و نەتەوەکەی خۆمان بوو بە ڕابەرایەتی سەرۆک بارزانی مەزن. توانیمان بەزمانی ورەبەرزیمان هاوار بکەین و بڵێین: ئێمە پێشمەرگەین و نابەزین، ئێمە کوردین و ناتوێنەوە، ئێرە خاکی ئێمەیە نابێت بەخاکی هیچ کەس، ئێمە لێرەین و ناڕۆین و لەسەر خاک و داروپەردووی نیشتیمانی خۆماندا دەژین، شەهید دەبین و دەمێنینەوە.

ئیسلام یاسین هەرنی

16ی ئۆکتۆبەر، سەرکەوتنی پێشمەرگە و ئیرادەی گەل

شەهیدێک دەڵێت: ڕاستە بڕینەکانی جەستەم دەمکوژێت، بەڵام شەهید بوونی من وانەی خۆشەویستی نیشتمانتان فێردەکات

ئەو بڕینەی نەبیتە هۆی هۆشیاری هەرگیز چارەسەر نابێت.

مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەمان پێدەڵێت کە هەمیشە خیانەتکار و کەسانی بەرژەوەندخواز شکستی گەورەیان بە دەسەڵات و کیانی وڵات و نەتەوەکان هێناوە، بۆیە هێزی مانەوە و هێزی خۆسەپێن و هێزی شەڕ هەمیشە لە ملمالێنێکی تونددی بەرامبەریدا بوون، مرۆڤ لە ئەزەڵەوە بە سروشتی لەپێناوی مانەوەیدا هەموو قوربانییەکی داوە و بۆ ئەوەی بتوانێت لە ژیاندا بمێنێتەوە هەموو ڕێگا مەحاڵەکانی تاقیکردۆتەوە و بەدوای نەمری و تەمەندرێژیدا وێڵ بووە، سەرگوزشتەکان ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە کاتێک مرۆڤ عەوداڵی چۆنێتی ژیانکردن بووە هەستی بە مەترسییەکانی لەناوچوون و مردن کردووە، بۆ ئەو کاتیش بەهێزترین هۆکاری لەناوچوون هێرشی ئاژەڵە دڕندەکان و هێزە شەڕخوازەکان بووە کەواتە بوونی هێزی شەڕخواز و دژ بە ژیانکردن بەشێکە لە مێژووی کۆن و ڕەچەڵەکی نادەمیزاد، بۆیە پێموایە زانستی گواستنەوەی جیناتی نەوە لە دوای نەوە کاریگەری لەسەر ڕێچەکەی نەوەکان هەیە، بەو واتایەی ئەوانەی پەروەردەی زادەی خۆشەویستی نیشتمان و خاک و وڵاتن هەرگیز بە سانایی ناتوانن برین بخەنە جەستەی نیشتیمانیان، ئەوانەشی لە بوونەوە هیچ پەیوەستییەک لە ڕۆحیاندا بۆ نیشتمان نەبووە ئەمڕۆ بە سات و دوو ڕۆژێک و بە گوتارێکی چەند چرکەیی دروست نابێت.

بۆیە پێویستە ئێمەی کورد هەمیشە ئەو بڕینانەی دەکرێتە جەستەی نیشتیمان و نەتەوە و خاکمانەوە ببینێتە ئەزموونێک بۆ داهاتوومان، کورد لەبوونیەوە هەتا ئەمڕۆ جگە لە ڕۆڵەکانی نیشتیمانی هیچ پشت و پەنایەکی هەتاسەری لەگەڵ نەبووە، ئەزمونی تاڵ و شکستی گەورە بەر ڕۆحی ئەم نەتەوە ماندوو کەوتووە کە بەشێکی لە ناوخۆماندا و بەشێکیشی وەک کارتێکی دۆراو مامەڵەی پێکردووە. کوردستان دوای 16ی ئۆکتۆبەر پێی نایە ناو قۆناغێکی نوێ، دوای ئەوەی بەبەرچاوی جیهانەوە کورد فیداکارانە خاکەکەی پاراست و بە کەمترین چەک و هێزی سەربازی بەرەوڕووی چەندین گوشاری نێودەوڵەتی و چەکی قورس و هێزی سەربازی مەشقپێکراو وەستایەوە سەلماندی کە بەبوونی سەرۆک و سەرکردەیەکی وەک مەسعود بارزانی هەرگیز ئیرادەی پێشمەرگە و وڕەی خەڵکی کوردستان ناشکێت، ئەوەی لە ڕۆحی پێشمەرگەکانی کوردستان دایە نە سەرمایەی زۆر و نەچەکی قورسە، بەڵکو خۆشەویستی نیشتمان و پەروەردەی چاونەترسی و فیداکارییە لەپێناوی پاراستنی کەرامەتی نەتەوەیەک کە چەند سەدەیە دەچەوسێنرێتەوە و هەر بە بەهێزی ماوەتەوە.

شازدەی ئۆکتۆبەر ئەگەر بۆ هەندێک دەستکەوتی قوماری شەوێک بێت، بۆ ئێمە سەرکەوتن و خاڵی بەهێزبوون و قۆناغێکی نوێی ئەزموون بوو، هەربۆیە لە بەرامبەر هەژموونی خۆسەپێنی و کوردکوژیدا، کورد بە هەموو چین و تۆێژەکانەوە هاتنە ڕیزی پێشمەرگە و دژ بە داگیرکاری و نیەتی لەناوبردنی دەستکەوتی خۆیانی شەهیدان و هەرێمی کوردستان وەستانەوە، خەڵکی کوردستان بە ڕابەرایەتی سەرۆک و پێشمەرگە مەسعود بارزانی کە هەموو تواناو ئایدیا و خوێن و ژیانی خۆی خستبووە هێڵی پێشەوەی بەرگری و وەک داکۆکیکارێکی سەرسەخت بۆ پاراستنی خەڵک و هەرێمی کوردستان شەو و ڕۆژ لەبەرەکانی بەرگری بەئاگاییەوە دەهاتوودچوو هەرگیز سازشی لەسەر یەک دەستکەوت و پیرۆزی خوێنی شەهیدان و کەرامەتی خەڵکی کوردستان نەکرد و ئامادەنەبوو جارێکیتر دوژمنانی کورد هەرەس بە شکۆی گەورەیی کورد بهێنن.هەرێمی کوردستان دوای 16ی ئۆکتۆبەر توانی وەک هەرێمێکی بەهێز لەناوچەکە بەرگەبگرێت، سەرباری ئەو هەموو گوشارە سیاسی و ئابووری و حزبی و نێودەوڵەتیانەی خرایە سەر هەرێم، بەڵام ئیرادەی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان سەرکەوت و کوردستان چووە قۆناغی هەڵستانەوە.

70 هەزاریان منداڵن

275 هەزار هاووڵاتیی بەهۆی هێرشی سوپای تورکیاوە بۆ سەر ڕۆژئاوا ئاوارە بوون

ئیدارەی خۆجێیی ڕۆژئاوای کوردستان ژمارەی ئاوارەکانی ڕۆژئاوا، کە بەهۆی هێرشی سوپای تورکیاوە ئاوارە بوون، ئاشکرا دەکات. دوێنێ سێشەممە 2019/10/15 ئیدارەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، 275 هەزار هاووڵاتیی مەدەنی بەهۆی هێرشی سوپای تورکیاوە، ئاوارە بوون. ئیدارەی خۆجێیی ڕۆژئاوای کوردستان ئاماژەی بەوەش کردووە، ئەو هاووڵاتییە مەدەنییانە، کە 70 هەزاریان منداڵن، لە سەرەتای هێرشی سوپای تورکیاوە تا ئێستا، ناچار بوون ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێبهێڵن و ئاوارە بن.

پێشتر ئەنتۆنیۆ گۆتێرس، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەیاننامەیەکدا، ڕایگەیاندبوو، بەهۆی هێرشی سوپای تورکیا، کە حەوت ڕۆژە بەردەوامە، 160 هەزار هاووڵاتیی مەدەنی ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشتووە و ئاوارەبوون. دوای هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)، کە باڵی سەربازیی ئیدارەی خۆجێیی ڕۆژئاوایە، ڕێککەوتنێکی لەگەڵ ڕژێمی سووریا واژۆ کرد و لە 13ی ئۆکتۆبەری 2019 چەند ناوچەیەکی ڕۆژئاوای کوردستانی ڕادەستی ڕژێمی سووریا کردەوە. دوای ڕێککەوتنەکە، ڕژێمی سووریا هەسەدەی وەک بەشێک لە سوپای عەرەبیی سووریا ڕاگەیاندووە و ناوەکەشی بۆ فەیلەقی پێنجی سوپای سووریا، گۆڕی. ڕۆژی چوارشەممە 2019/10/9 بە سەرپەرشتیی ڕەجەب تەییب ئەردۆغان سەرۆکی تورکیا، هێرشی زەمینی و ئاسمانیی سوپای تورکیا و گرووپە تووندڕەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، دەستیپێکرد.



وەزارەتی خوێندنی باڵا:

کرێی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەڕێژەی 25% کەمکرایەوە

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایگەیاند: بە لەبەرچاوگرتنی بار و گوزەرانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و لەبەر ڕۆشنایی کارنامە و پلانی حکومەت و وەزارەتەکەمان، بۆ ساڵی خوێندنی 2019-2020 لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان کرێی خوێندن بەڕێژەی 25% کەم دەکرێتەوە.

حکوومەت بە دوو ئاڕاستە کار بۆ دابینکردنی نەوتی ماڵان دەکات

بەڕێوەبەری سووتەمەنیی هەولێر گوتی، حکوومەتی عێراق بەڵێنی داوە تاوەکو کۆتایی ئەم مانگە نەوتی سپیی ماڵان ڕەوانە بکات و هەر کاتێک ڕەوانە کرا، دەست بە دابەشکردنی دەکرێت و تەنها بۆ پاریزگای هەولێریش بۆ دابەشکردنی یەک بەرمیل نەوت، داوای 100 ملیۆن لیتر نەوت کراوە. ئاری کاکەشین، ڕایگەیاند: "پەیوەندیمان بە بەغداوە کردووە لەبارەی ناردنی نەوتی سپیی بۆ هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان و ئەوانیش بەڵێنیان داوە تاوەکو کۆتایی ئەم مانگە نەوتمان بۆ ڕەوانە بکەن و هەرکاتێک نەوتمان بەدەست گەیشت، دەست بە دابەشکردنی دەکرێت و سەرەتاش لە ناوچە شاخاوییەکانەوە دەست پێدەکرێت. بەڕێوەبەری سووتەمەنیی هەولێر گوتیشی: "ئێمە بە بەغدامان ڕاگەیاندووە کە بۆ دابەشکردنی بەرمیلێک نەوت بۆ هەر خێزانێک پێویستمان بە 100 ملیۆن لیتر نەوت هەیە، بەڵام ناوچە شاخاوییەکان پێویستیان بە زیاتر لە بەرمیلێک هەیە، جا نازانین حکوومەتی عێراق ئەو بڕە پێویستەمان بۆ ڕەوانە دەکات یاخود نا.



کاکەشین ڕوونیشی کردەوە: "حکوومەتی هەرێم بە دوو ئاڕاستە کار بۆ دابینکردنی نەوتی سپیی ماڵان دەکات، ئەوانیش بریتین لەوەی کە یەکەم بەغدا نەوتەکە ڕەوانە بکات و دووەمیش ئەگەر 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی بەغدا بکرێت، ئەوکات بەڵێن دراوە زۆر لەوەی ئێستا زیاتر ڕەوانە بکرێت، بۆیە ئێمەش چاوەڕێ دەکەین نەوتمان بەدەست بگات، چونکە ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان نەوتی سپیمان نییە.

ل دهوکێ ڕەوشا ئاوارە و پەنابەران هاتە گەنگەشەکرن



خەبات ـ دهوک: دوهی فەرهاد ئەمین ئەتروشی پاریزگەرێ دهوکێ پێشوازیا د.ریمی بەرپرسێ ڕێکخراوا UNFPA ل ئیراقێ و شاندێ دگەلدا کر. دهڤدیتنەکێدا ب ئاماده‌بونا ئیسماعیل محەمەد ئەحمەد هاریکارێ پاریزگەری بو کاروبارێن ئاوارە و پەنابەران بەحسێ سەروبەرێ دەڤەرێ و ڕەوشا ئاوارە و پەنابەران ل سنورێ پاریزگەهێ و ئەو خزمەتا بو دهێتە پێشکێشکرن و هەڤکاری و هاریکاری دناڤبەرا هەردوو لایان دا هاتە کرن. پاریزگەرێ دهوکێ خوشحالیا خو ب سەردانا شاندێ ڕێکخراوا UNFPA دیارکر و دەست خوشی ل بەرپرسێ ڕێکخراوا ناڤبری کر و بەرهەڤیا پاریزگەهێ نیشان دا بو هەر هەماهەنگییەکێ بو بجهـ ئینانا بەرنامێن ڕێکخراوێ ل دهڤەرێ .

بەردەڕەش.. لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا کەسێک گیانی لەدەستدا و چوار کەسی تریش بریندار بوون

خەبات ـ ئالان شهاب:

حازم محەمەد گوتەبێژی هاتوچۆی قەزای بەردەڕەش بە خەباتی ڕاگەیاند: لە ئەنجامی پێکدادانی 2ئۆتۆمبێل لەسەر ڕێگای بەردەڕەش ـ پراحسێنی کەسێک گیانی لەدەستدا و چوارکەسی تریش بریندار بوون، کە بریتی یەکێکیان قورسە.

ناوبراو، تەرمی ئەو کەسەی گیانی لەدەستداوە بۆ پزیشکی داد و 4 بریندارەکەش بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە ئاکرێ گواستراونەوە.

باسی ئەوەشی کرد، ڕووداوەکە لە نێوان دوو ئۆتۆمبێلی لە جۆری شۆفرلێت و هۆندا تایبەت بووە، زیانی گەورەی مادی بەر هەردوو ئۆتۆمبێل کەوتون.

بەپێی ئاماری هاتوچۆی دهۆک لە 7 مانگی سەرەتای ئەمسالدا لە سنوری پاریزگای دهۆک 594ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویداوە، بەم هۆیەشەوە 56 کەس گیانیان لەدەستداوە و 608 لەسیش بریندار بوونە.

دەست بەسەر بڕێکی زۆری کەل و پەلی ماوە بەسەرچووداگیرا

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شەقلاوە لە ڕێگەی تیمی چاودێری تەندروستی لە بەردەوامی سەردان و بەسەرکردنەوەکانیاندا دەستیان بەسەر بڕێکی زۆری کەل و پەلی خواردەمەنی داگرت لە نێو بازاڕی شەقلاوە، خاوەن مارکێتەکانیش ئاگادارکرانەوە بۆ جاری دووەم هەر کەل و پەلی تری ماوە بەسەرچوویان لێبگیرێت سزای مادی دەدرێن بگرە شوێنەکەشیان پێ دادەخرێت.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە ئەو کەل و پەلەی دەستی بەسەرداگیرا خۆی لە 20 جۆری خواردەمەنی دەبینیەوە کە ڕۆژانە بە خەڵکیان دەفرۆشرێت، بۆیە داوا لە هاوواڵتیان دەکەین لەهەر دوکان و مارکێتێک بینیان ئاو و بیپسی و هەندێ خواردەمەنی تر لەبەر تیشکی خۆر بوون یاخود لە بەسەرچوونی بەروار ئاگادارمان بکەن بۆ سزادانی ئەو کەسانە.

دهۆک: 180 پەنابەرێن ڕۆژئاڤا ل کەمپا دومیز 1 هاتنە بنەجهکرن



خەبات ـ دهوک / موسلیح


ژبەر هێرشا لەشکرێ ترکیا بو سەر باژێر و گوندێن ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ تایبەتی سەرێ کانیێ و گرێ سپی و گوندێن دەردور ژمارەکا خەلکێ سڤیل ل وان دەڤەرا مال و حالێن خو بجهـ هێلان و قەستا دەڤەرێن ئارامتر کرن و هندەک ژوان پەنابەران ل شەڤا 14لسەر 15ئێ مەهێ سنور دەربازکرن و گەهشتنە کەمپا دومیز ئێک ل پاریزگەها دهۆکێ ل دور بابەتی و ژمارەک پەنابەرێن هاتینە پاریزگەهێ. سالم سەعید بەرپرسێ ڕاگەهاندنا بوردێ کاروبارێن مروڤایەتی سەر ب ئێن و مروڤایەتی بەری نوکە بەرهەڤێین خو کرینە بو پێشوازیکرنا پەنابەران ئەو بو ل شەڤا 14لسەر 15ئێ مەهێ ژمارەکا پەنابەرێن ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ قەستا کاروبارێن مروڤایەتی سەر ب پاریزگەها دهۆکێ قە و ب هەڤکاری دگەل فەرمانگەهێن خزمەتکاری و ڕێکخراوێن یو ئێن و مروڤایەتی بەری نوکە بەرهەڤێین خو کرینە بو پێشوازیکرنا پەنابەران ئەو بو ل شەڤا 14لسەر 15ئێ مەهێ ژمارەکا پەنابەرێن ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ قەستا پاریزگەها دهۆکێ کرن و ژمارا وان پترە ژ 180 کەسان هەمی ل کەمپا دومیز ئێک هاتینە ئاکنجیکرن و هەموو پێدڤییێن ژیانێ بو هاتینە دابینکرن، هەروەسا خزمەتێن تەندورستی ژبوی وان هاتینە پێشکێشکرن و سوپاس بو خودێ ڕەوشا وان یا تەندورستی یا باشە .

هەژی گوتنێ یە ل دوڤ ئامارێن فەرمی 595 هزار ئاوارە و پەنابەر ل سنورێ پاریزگەها دهۆکێ هەنە ژوانا 500 هەزار ئاوارەیێن موسل و پاریزگەهەیێن دن یێن عیراقێ و 95 هزار ژی پەنابەرن و پترپا وان خەلکێ ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ نە و پاریزگەها دهۆکێ ب ڕێکا بوردێ کاروبارێن مروڤایەتی و ڕێکخراوێن مروڤایەتی و خزمەتێن پێدڤی پێشکێشی وان دکەن.

کاروبارێن مروڤایەتی سەر ب پاریزگەها دهۆکێ قە و ب هەڤکاری دگەل فەرمانگەهێن خزمەتکاری و ڕێکخراوێن یو ئێن و مروڤایەتی بەری نوکە بەرهەڤێین خو کرینە بو پێشوازیکرنا پەنابەران ئەو بو ل شەڤا 14لسەر 15ئێ مەهێ ژمارەکا پەنابەرێن ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ قەستا

بەڕێوەبەری گشتی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم:

ڕێگری لە سەرپێچی کارەبا دەکرێت و بڕی کارەباکەش دیاریکراو دەبێت



بەڕێوەبەری گشتیی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم ڕایدەگەیەنێت، لە پێوەری زیرەکی کارەبادا، کە ئێستا بۆ هاوواڵتیان دەبەسترێت، ڕێگری لە سەرپێچی کارەبا دەکرێت و بڕی کارەباکەش دیاریکراو دەبێت. ئومێد ئەحمەد وتی: هاوواڵتی هیچ پارەیەک بە کۆمپانیا و حکومەت نادات بۆ دانانی پێوەری زیرەکی کارەبا، کە ئێستا لە هەموو هەرێمی کوردستان دەبەسترێت، بەڵکو حکوومەتی هەرێم خۆی 300 ملیۆن دۆلاری بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان کردووە.

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا، نرخی کارەبا بە یەکە دەبێت و ئەگەر هاوبەشێک کەمتر لە 450 یەکەی بەکار هێنا لە مانگێکدا، ئەوە بۆ هەر یەکەیەک تەنها 15 دیناری لێ وەردەگیرێت، بەڵام ئەگەر بڕی خەرجیی کارەباکەی لە450 یەکە زیاتر بوو تا 950یەکە، ئەوە تا 450یەکە 15 دیناری لێ وەردەگیرێت و لە 451 یەکەشەوە تا 950یەکە، بڕی 20 دیناری لێ وەردەگیرێت.

بەڕێوەبەری گشتیی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم ڕاشیگەیاند، لە کاتی کارپێکردنی سیستەمەکەدا، ئەمپێرەکانی پێدانی کارەبا بە ماڵان و شوێنە پیشەسازییەکان و بازرگانییەکان سنووردار دەکرێن بە گوێرەی بەرهەمی ئەو کاتی کارەبای هەرێم و سیستەمەکەش هیچ زیادەڕۆییەک لەسەر کەرتی کارەبا ناهێڵێت، چونکە لەسەر ستوونەکانە و لە ژێر کۆنترۆڵی هاوبەشاندا نییە.

کۆچ و کۆچبەران: پێشبینی هاتنی پەنابەری زیاتری ڕۆژئاوای کوردستان دەکەین

جێگری لێژنەی کۆچ و کۆچبەران و پەیوەندی و ڕێکخراوەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ڕایدەگەیەنێت، زیاتر لە 200 پەنابەر لە کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان گەیشتوونەتە پارێزگای دهۆک و گوتیشی: "پێشبینی دەکەین ڕۆژانی داهاتوو ئاوارەی زیاترییش بێن.

هەفتەی ڕابردوو سوپای تورکیا دەستی بە هێرشکردن بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان کرد و بەهۆیەوە خەڵکێکی زۆر لە ڕەوشێکی خراپدان و ئاوارە بوونە.

شیمال عادل میرۆ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند" بە هۆی ئەو ڕەوشە خراپەی ئێستا لە ڕۆژئاوای کوردستان هەیە دوای ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا ، ئێوارەی دوێنێ زیاتر لە 200 پەنابەری کوردی ڕۆژئاوا گەیشتوونەتە پارێزگای دهۆک و لە کەمپی جێگری لێژنەی کۆچ و کۆچبەران و پەیوەندی و ڕێکخراوەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک گوتیشی: "پێشبینیی هاتنی پەنابەری زیاتر دەکەین چونکە خاڵی پشکنین لەسەر ڕێگاکان نەماوە وەکو پێشتر، بۆیە هاتنی پەنابەری زیاتر پێویستی بە هاوکاری و خزمەتی زیاتری بەپەلە هەیە و لە وەرزی زستانیش نزیک دەبینەوە. لەهەمان کاتیشدا ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەکو پێویست هاوکارییان ناکەن و زیاتر ڕوویان لە شارەکانی ناوەڕاست و خواروو عێراق کردووە، هیوادارینشین حکوومەتی عێراق و هەرێم و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان زیاتر هەوڵ بدەن خزمەتی ئاوارە و پەنابەری سنووری پارێزگای دهۆک بکەن. لە سنووری پارێزگای دهۆک، زیاتر لە 600 هەزار ئاوارە و پەنابەر هەن و لە21 کەمپدا نیشتەجێ کراون.

ئاماژە زانستیەکانی قورئان و سوننەت لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی زانکۆی سەلاحەددیندا

زانکۆی سەلاحەدین بە هاوبەشی لەگەڵ ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا، لەڕێتر دروشمی -زانست میحرابی ئیمانە- دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی سازکرد بە ناونیشانی چەند ئاماژەیەکی زانستی لە قورئان و سوننەتی پیرۆزدا.

لە سەنتەری ڕۆشەنبیری زانکۆی سەلاحەدین، بە ئاماده‌بوونی سەرۆکی زانکۆ و سەرۆکی یەکێتی زانایانی کوردستان و ژمارەیەک بەرپرسی حکومی و حزبی و مامۆستایانی ئاینی مامۆستا و قوتابیانی زانکۆ، دەستکرا بە پانێلە زانستیەکانی کۆنفرانسەکە. لە مەراسیمی دەستپێکی کۆنفراسەکەدا، ڕاگری کۆلیژی زانستە ئیسلامیەکان، لە وتەیەکیدا ئاماژەی بە ڕۆڵی زانکۆ کرد لە باسکردنی بابەتە ئایینیەکان بەشێوەیەکی زانستی. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە مەنهەجی کارکردنی کۆلیژەکەمان مەنهەجێکی میانڕەوە لەسەر بنەمایەکی زانستی، بۆ ئەوەی کادیری زانستی بەتوانا بەرهەمبهێنین لە بواری ئایینیدا، بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامێکی پر چالاکیمان بنیاتناوە. ئەم کۆنفرانسەش هەر لەم چوارچێوەیە بەڕێوەدەچێت.

پاشان فاروق یەحیا سەرۆکی ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا، لە میانەی وتەیەکیدا تیشکی خستە سەر پێویستییەکانی ئەنجامدانی ئەم جۆرە کۆنفرانسە لە ناوەندێکی ئەکادیمی ڕەسەندا. ڕۆڵی زانکۆی سەلاحەدینی بەرز نرخاند لە دروست کردنی دەرفەت بۆ باسکردن لە ئیعجازی زانستی لە قورئانی پیرۆز و سوننەتدا بەشێوەیەکی زانستی و لەلایەن کەسانی ئەکادیمی و پسپۆڕەوە. لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا باسی لەوە کرد کە قورئانی پیرۆز پڕی ئاماژەی شارەوەیە بۆ پێشکەوتنی زانستی، ئەوە ئەرکی زانایانی ئایینیە کە بێن پەردە لەسەر ئەم ئاماژانە لابەن، بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایەک ڕوونبێتەوە کە قورئان گەورەترین سەرچاوەی زانستییە. یەکێک لە ئامانجە زۆر دیارەکانی ئەم کۆنفرانسە ئەوەیە ئەو جۆرە کۆنفرانسە ببێتە دەستپێکێک بۆ ڕێکا بوردێ کاروبارێن مروڤایەتی و ڕێکخراوێن مروڤایەتی و خزمەتێن پێدڤی پێشکێشی وان دکەن.

بەرهەمهێنانی کارەبا بە ڕێژەی 50% بەرەو زیادبوون دەچێت و کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا زیاد دەبێت

وەزیری کارەبا: لە وەرزی زستاندا پێدانی ماوەی کارەبا لە ساڵی رابردوو زیاتر دەبێت

وەزارەتی کارەبا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە ساڵی 2018 توانیویەتی بە تێکرا 2300میگاوات کارەبا بەرهەم بهێنێت و دابەشی بکات بە سەر هاوبەشانی کارەبا .



هاوکات لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا گۆڕانکاری لە بەرهەمهێنانی کارەبا رووەدات بە هۆی زیاد بوونی ڕێژەی بەرهەم هێنانی گازی سروشتی لە گێڵگەکانی (کۆرمۆر و خورمەڵە) کە پێشبینی دەکرێت بەرهەمهێنانی کارەبا بە چەند قۆناغێک لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست پێبکات بە زیادبوونی لە 2300 میگاوات دەبێتە 3500 میگاوات، بەمەش بەرهەمهێنانی کارەبا بە ڕێژەی لە 50%بەرەو زیاد بوون دەچێت و کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا زیاد دەبێت وهاوڵاتیان سوودمەندی سەرەکی دەبن .

وەزارەتی کارەبا بە پێی بەرنامەی دارێژراو دەستیکردووە بەجێبەجێکردنی (پرۆژەی تۆڕی زیرەک) کە یەکسانی دەبەخشێت بە هاوڵاتیان لە سوودی کارەبا ئەم پرۆژەیە تاکوو کۆتایی ساڵی 2019بە پێی پلانێکی وەزارەت جێبەجێ دەکرێت و کارەبای بە فیرۆچوو کە ڕێژەکەی لە نێوان - 25% 30%کارەبای بەرهەم هێنراوە دەگەڕێتەوە ناوتۆڕی کارەبای نیشتمانی و ئەم زیادەیەش جارێکی تر هاوولاتیان لێی سوودمەند دەبن.

گێشەی بارزۆری لە سەر کارەبای چۆمان چارسەر دەکرێت

بەپێی گرێبەستێکی نێوان وەزارەتی کارەبا و کۆمپانیای سەرسەنگ محاویلەیەکی 11/33کەی قی قەبارە 16MVAبۆ وێستگەی چۆمان دادەنرێت و گێشەی بارزۆری لەسەر وێستگەی چۆمان چارەسەر دەکرێت.

ئەندازیار کەمال محمد ساڵح وەزیری کارەبا لەنووسینگەی تایبەتی خۆی گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای (سەرسەنگ) واژوو کرد بۆ دابینکردنی محاویلەیەکی 11/33کەی قی قەبارە 16MVAبۆ وێستگەی چۆمان لەسنووری پارێزگای هەولێر کە بەگوژمەی 332 ملیۆن و 850هەزار دینار لەماوەی 120ڕۆژدا جێبەجێ دەکرێت. لەمیانەی ئیمزاکردنی گرێبەستەکەدا کە بەڕێوەبەرانی گشتی دابەشکردن و گواستنەوەو بەڕێوەبەری گشتی کارەبای پارێزگای هەولێر ئامادەی بوون، وەزیری کارەبا پیرۆزبایی لە کۆمپانیای ناوبراو کرد و داوای لێکردن پابەندی تەواوی بڕگەکانی ناو گرێبەستەکە بن، چونکە لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان و هەڵکشانی خواست گێشەی بارزۆری لەو ناوچەیەدا رووەدات . لەلایەن خۆشیانەوە کۆمپانیای ناوبراو سوپاسی وەزارەتی کارەبای کردو بەڵێنیدا لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا تەواوی بڕگەکانی ناو گرێبەستەکە جێبەجێ دەکەن. ئەندازیار کەمال محمد ساڵح وەزیری کارەبا گوتیشی: وەرزی زستان پێدانی ماوەی کارەبا لە ساڵی رابردوو زیاتر دەبێت.

دراما بیانییەکان پێویستیان بە چاو پێداخشاندنەوە هەیە

هاوولاتیان: ئەو دراماییانە ئاراستەکراون و مەبەستی شاراوەیان لە پشتەوە هەیە





ڕاپۆرت: پەریها عومەر

دراماکان کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان هەیە و ئەو دراما بیانیانە ئاراستەکراون، کاتی ئەوە هاتووە ئەو دراما ئاراستەکراوانە ڕابگیرێن و لەم بارەیەوە بەپێویسمانزانی ڕای جەند کەسێک وەربگرین لە سەر ئەم بابەتە:

لاندێ کوردی لەم بارەیەوە دەڵێ: بێگومان نەک تەنها چاودێری دراماکان، بەڵکو تەواوی بەرنامەی کەناڵەکان دەبێت چاودێری بکرێن، دەبوایە زۆر لە زووەوە ڕێکار و یاسای تایبەت بەپەخشی کەناڵەکان بەوردی بەپێی پێویستی ئێستای ڕاگەیاندن بنووسرایەوە کەلە خزمەتی بەرەو پێشچوونی دۆزی کورد بوایە و لەپەرلەماندا پەسەند بکرایە و فەرمانگەی تایبەتی بۆ بکرایەتەوە.

بەم شێوەیەش ئێستا ئەو هەموو دراما و بەرنامە بیانییە پەخش نەدەکرا کە ڕەنگە زۆربەمان یان لایەنی کەم نیشتمانپەروەرەکان لەوە بگەن کەلە زیان زیاتر هیچ دەستکەوتێکی بۆ ئەم گەلەی ئێمە نەبووە لەکاتێک زۆرێک لەوانەی پەخش دەکرێن بۆ مەبەستی ناشرینکردن و شکاندن و تێکدانی تاکی کورد بەرهەم هاتوون . تا فەرمانگە و یاسای پێویستی لەم شێوەیە دروستنەکرێن و جێبەجێ نەکرێن هەرگیز نابین بەخاوەن دراما و فیلمی تایبەت بەخۆمان، تەنانەت ئەگەر سەدان فیستیڤاڵی فیلم و پێشانگای بۆ بکەینەوە . ئەگەر ئەمەریکا وەک نموونەیەکی بەرچاو وەربگرین، کە پێشەنگی جیهانە لەدروستکردنی دراما و فیلم، دەبینین تەنانەت دەستەی چاودێری و سەربازی و مەدەنی هەیە کە ڕێگا پێدان بە ناوەرۆکی فیلمەکان دەدەن و بێ ئەم ڕێگا پێدانە هیچ کۆمپانیایەک بۆی نییە فیلم و دراما بەرهەم بێنێت هەڵبەت ئەمەش بۆ مەبەستی هەمیشەیی دەرخستنی ئەمریکا و بەهاکانی ئەمریکا بەکارهاتووە و لەهەموو دراما و فیلم و بەرنامەکانیش ڕەنگی داوەتەوە.

ئامینە ئازاد قوتابی بەشی ڕاگەیاندن دەڵێت: بەشێوەیەکی گشتی چاو بەدراما بیانیەکاندا بخشێندرێتەوە . بەتایبەتی دراما تورکیەکان، کە بەشێوەیەکی ڕوون کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای کوردی هەیە. بەتایبەت ئافرەتان ئاڵوودەبن زۆربەی کات سەیری دەکەن، بێ ئەوەی بیر لەلایەنی خراپی بکەنەوە جگە لە ئافرەتان کاریگەری لەسەر منداڵ و گەنجیش هەیە. منداڵ بەکارهێنان بۆ کاری خراپ و شێوازی بەکارهێنانیان بۆ کاری نەشیاو و ڕفاندنی منداڵ و دواتر داوای وەرگرتنی بڕێکی زۆر پارە لەبەرامبەر وەرگرتنەوەی کە زۆرترین گرتەی ئەو دراما تورکیانەیان داگیکردووە، دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ لاسایکردنەوەی ئەو دیاردەیە لە کوردستان. نواندنی هەندێ کاری تۆندوتیژی لەبەرچاوی منداڵان ئەوەش دەبێتە هۆی خراپبوونی ڕەوشتی منداڵان.

ئامینە گوتیشی: هەروەها دەرکەوتنی ئەکتەرە تورکەکانی ناو دراما تورکیەکان بە جلوبەرگێکی نیمچە ڕووت کاریگەری زۆری هەیە لەسەر چینی گەنجان بە هەردوو ڕەگەزەوە و دەبێتە جۆرێک لە چاولێکەری و ئەوەش بۆ کۆمەڵگای ئێمە شتێکی نامۆیە. دیاردەی جیابوونەوەی خێزانەکان و تەڵاقدان لە دراما تورکیەکان چەند بارە دەبێتەوە، هەڵبەتە پەیوەندیدار بە ئەرکی خۆی هەڵسێت و کۆمەڵگای کوردی بپارێزرێت لە پەلکێشی شتی خراپ و پێچەوانەی کۆمەڵگا.

ئادەم ئەحمەد خدر قوتابی بەشی ڕاگەیاندن دەڵێت: سەرەتا شیکردنەوەی دراما بیانیەکان بەتایبەت درامای وڵاتانی دراوسێ خۆی لەخۆیدا کاریگەری خراپی هەیە، بەتایبەت لە سەر داب و نەریت و شێواندنی سروشتی جوانی کلتوری کوردەواری، یەکێک لە کاریگەریە خراپەکانی ئەوەیە کە جۆرێک لە تێڕوانینی خەیاڵی لە مێشکی تاک دروست دەکات کە دووری لە ژیانی ڕاستیەقینە، هەندێک لە دراما بیانیەکان بەتایبەت دراما تورکییەکان کاریگەری خراپیان هەیە لەناو کۆمەڵگە وەکو تۆندوتیژی و شێوازەکانی فریودان و درۆکردن و دروستکردنی پەیوەندی ناشەرعی و خیانەت، هەروەها سەرسامبوون و ئاواتەبوونی ئەکتەرەکان و لاسایکردنەوەیان لەلایەن گەنجەکانمانەوە کاریگەری خراپی دروستکردووە لەسەر ڕەوشتیان، دراما ئاڕاستەکراوەکان زۆربەی هەرە زۆری لادانە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ڕەوشتی منداڵان چونکە بەبێ هیچ سانسۆرێک پەخشدەکرێت، ئێستا کاتی ئەوەیە ئەم دراما ئاڕاستەکراوانە سنوردارکرێت بەتایبەت دراما تورکییەکان ئەمەش بە مەبەستی پاراستنی خێزان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، دیاریکردنی میکانیزمێک بۆ ئەو دراماییانەی پەخشدەکرێن کە لەگەڵ دابو نەریتی کۆمەڵگا بگونجێت لەبەر زۆری مەترسییەکان.



لاندێ کوردی



ئامینە ئازاد

ئادەم ئەحمەد خدر

لەسەرجەم وەرزەکان دەبێت پێست لە تیشکی خۆر بپارێزرێت

دکتۆرە گەشین کەمال بۆ (خەبات):

تاتۆ کردن یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبنەهۆی نەخۆشی ئایدز و نەخۆشی ڤایرۆسی کەبەتی



دیمانە: وریشە عومەر

پاراستنی پێست و ئاگەداربوونی بابەتێکی سەردەمیانەی جیهانییە و هەستیاری خانمان لەو بارەوە بۆتە هۆکار تا پزیشکان بە گرنگییەکی زیاترەوە لێی بڕوانن. ئێستاکە بەشی تایبەت لە زانکۆکانی پزیشکی بۆ خۆی تەرخان کردووە و رۆژانە هەوڵ بۆ دەسکەوتنی رێچارە و بەرهەمی نوێ دەدرێت. دکتۆرە گەشین کەمال شاە محەمەد، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست و جوانکاری، دەرچووی کۆلێژی پزیشکی، ماستەر لە نەخۆشییەکانی پێست لە وڵاتی بەریتانیا، ئەندامی کۆمەڵەی پزیشکانی جوانکاری ئەمەریکی، دەربارەی نەخۆشییەکانی پێست بەو جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی (خەبات) ی دایەوە.

*** باوترین نەخۆشییەکانی پێست لە کوردستان چین؟**

ـ لە کۆمەڵگەی کوردستان وەکو سەرجەم کۆمەڵگەکانی دیکە نەخۆشییە باوەکانی پێستمان زۆر زۆرە، نەخۆشییەکان دەگەڕێتەوە سەر وەرز و کاتەکان بۆ نموونە: لە وەرزی پاییز و زستان وشکبوونەوەی پێست و قژیشانی پێست زۆرە. لە وەرزی بەهار و هاویندا نەخۆشیی سەدەفییە سەر هەڵئەدات، و نەخۆشی زیپکە و نەخۆشی دەردە ڕێوی، ئەمانە هەمووی نەخۆشی باون وەکو هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە لە کۆمەڵگای ئێمەش هەیە.

*** خواردن چ پەیوەندییەکی بە پێستەوە هەیە؟**

ـ بە گشتی باسی خواردن دەکەین، خواردنی چەور و چەرەسات، بە هۆی هەستیاری کەسەکە ئەگەری هەیە زیپکەی پێ زیاد بکات لەگەڵ ئەوەشدا پێستی چەور بکات. خواردنی توند و تیژی و بەهارات هەندێکجار حەساسیەتی پێست دروستدەکات، هەندێکجار هەیە ئیگزیما زیاد ئەکات، ئەو جۆرە نەخۆشیانە پەیوەندی بە خواردنی تۆند و تیژییەوە هەیە.

*** ئایا بەس لە هاویناندا پێویستە خۆمان لە تیشکی خۆر بپارێزین؟ یان خۆر لە زستانیش کاریگەری لە سەر پێست هەیە؟**

ـ نەخێر دەبێت لە هاوین و زستان و سەرجەم وەرزەکان ئاگامان لە تیشکی خۆر بێت و خۆمان بپارێزین. راستە ئێمە لە هاویناندا زیاتر دەچینە دەرەوە و زیاتر تیشکی خۆرمان بەردەکەوێت و کاریگەری زیاتر لەسەر پێستمان دروستەکات بە هۆی ئەوەی لە وەرزی هاوینان لە وڵاتی ئێمە تیشکی خۆر ستوونییە، بەڵام لە وەرزی زستانیش لە کاتی باران بارینیشدا (تیشکی سەروو بنەوشەیی) کاریگەری خۆی لەسەرمان دروستدەکات، بۆیە دەبێت بەردەوام لەو کاتانەشدا دژەخۆر بەکار بهێنین.

*** باشترین ڕێگەی خۆپاراستن چییە؟**

ـ باشترین خۆپارێزی بەکارهێنانی دژەخۆر و کلاوی گەورەیە بۆ ئەوەی تیشکی خۆر نەگاتە پێست، هەروەها بەکار هێنانی چاویلکەیە.

*** پرچ هەڵوەرین تا چەند پەیوەندی بە نەخۆشی پێست هەیە؟**

ـ ئەتوانین بڵێین پرچ هەڵوەرین ئەگەڕێتەوە بۆ ئێمەی پزیشکی پێست، چونکە ئێمە ئەتوانین ئەو نەخۆشییانە دەسنیشان بکەین کە پەیوەستن بە پرچ هەڵوەرین. زۆر جۆری پرچ هەڵوەرینمان هەیە. هەمانە بە هۆی کەمی ئیتامیناتە یان کەمی ئاسن یان غودەی کێشەی هەیە، زۆربەی پرچ هەڵوەرینە باوەکان ئەمانەن، بەڵام هەندێک پرچ هەڵوەرین هەیە کەسەکە خۆی درووستیدەکات لەخۆیدا کە وایلێدەکات قژی خۆی ئەرێنێ یان ئەیوەرێنێت ئەوەیان وەکو نەخۆشی نەفسی وایە. هەندێک پرچ هەڵوەرینمان هەیە تایبەتە بەوەی کەسەکە بۆیەی زۆر بەکار دەهێنێت، یان کراتین یان ئوتوکردنی قژ کە لە نێو ئافرەتاندا زۆر باون و دەبنە هۆی هەڵوەرینی قژەکە.

*** ماندوەی میکیاژ بە شەو بە دەموچاوەوە تا چەند زیانی هەیە؟**

ـ دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی میکیاژ لە نێو ئافرەتاندا گشتگیرە، بەڵام بەڕاستی دەبێت ئاگادار بین لە شێوەی بەکارهێنانی میکیاژ، بە تایبەت نابێت بە هیچ جۆرێک بە سەر دەموچاوەوە بمێنێتەوە. پێش نووستن پێویستە میکیاژەکە لابرێت، چونکە ئەو میکیاژە دەبێتە هۆی گیرانی کونیلەکانی پێست لەو کاتەدا زیپکە دروستدەکات و زیان بە پێست دەگەیەنێت و دەشکرێت لە دوای لابردنی میکیاژەکە کرێمی نەرمکەرەوە بەکاربهێنرێت.

*** ئایا سەرماش وەکو خۆر کاریگەریی خراپی لەسەر پێست هەیە؟ چۆن خۆمان بپارێزین؟**

ـ بەڵێ باسی خۆرمان کرد کە زیانی بۆ پێست هەیە، لە هەمان کاتدا سەرمای زستانیش کاریگەریی زۆری لەسەر پێست هەیە. بە هۆی باوە پێست وشک دەبێت و تووشی قژیشان و سووربوون و ئێگزیمای دەکات، زۆر کەس لە وەرزی زستاندا سەردانمان دەکات بۆ چارەسەری. لەم وەرزەدا زۆر پێویستە کرێمی نەرمکەرەوە بەکار بهێنین بە جۆرێک لە ڕۆژێکدا دوو جار بۆ سێ جار یان دوای حەمامکردن دەبێت ئەو جۆرە کرێمە بەکاربهێنین بۆ ئەوەی پێستمان لەوشکبوون بپارێزین.

*** تۆزووانەوە کاریگەری خراپ لەسەر پێست بەجێناهێڵێت؟**

ـ ئەگەر قژڕووانەوەکە لە سەنتەری باش و بە ماددە و مەوادی باش بکرێت هیچ کێشەیەکی نابێت، بەڵام ئەگەر بە شێوەی باش و پاک و لە لایەن خەڵکی پسپۆڕ نەکرێت، بێگومان خراپە و ئەگەری زۆرە پێست تووشی ئیلتیهابات بێت.

*** زیانەکانی تاتۆکردن چین؟ ڕێنماییتان چییە؟**

ـ وەکو دەزانین ئێستا تاتۆکردن لە وڵاتی ئێمە وەک زۆربەی وڵاتانی دنیا بەربڵاوە، بۆیە ڕێنماییمان بۆ ئەو کەسانەی تاتۆ دەکەن ئەوەیە کە با لەو شوێنانە تاتۆ بکەن کە تایبەتن بە تاتۆکردن و مۆڵەتی فەرمیان هەیە بۆ تاتۆکردن، ئەو شوێنانەی کە لەژێر چاودێری سەندیکای پزیشکانن. چونکە تاتۆکردن یەکێکە لەو هۆکارانەیە کە دەبنە هۆی نەخۆشی ئایدز و نەخۆشی ڤایرۆسی کەبەتی ئەگەر ئەو ئامێرانە پاک نەبن و بۆ چەند کەسێکی بەکارهاتبێتن.

*** ماڵەی پێست لە کاتی دووگیانی لەئافرەتی سکپر دەدات هۆکاری چییە و چارەسەری هەیە؟**

ـ لە کاتی دووگیانی بەهۆی تێکچوونی هۆرمۆنەکان، ماڵە لە ئافرەت دەدات. بۆ چارەسەریشی دەبێت بزانین بەس لە پێست لە بەشی سەروەی داوە یان قۆڵە واتا لەژێر پێستەوەیە. ئەوکات بە پێی جۆرەکەی چارەسەردەکرێت.

پەیوەندی داپیرە و باپیرە لەگەڵ نەوەکانیان

تا/ ژیلا کەریمی

تا ئێستا لەو بڕوایەدا بوون پەیوەندی دایە گەورە و باپە گەورە لەگەڵ نەوەکان تەنیا بۆ منداڵان سوودی هەیە، بەڵام پاش لێکۆڵینەوەی بەربڵاو دەرکەوت کە گەورەکانیش لەو پەیوەندییە سوودە دەبینن.

لەو منداڵانەی دایک و باوکیان لە یەکتر جیابوونەوە بوونی دایەگەورە و باپە گەورە زیانە ڕۆحییەکانی پڕۆسەی جیابوونەوە دەگەیەنێتە کەمترین ئاست. دایە گەورە و باپە گەورەش لە پەیوەندی نزیک لەگەڵ نەوەکانیان سالانێکی زیاتر دەژین. زانایانی کۆلێژی بۆستۆن لە لێکۆڵینەوەیەکدا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە پەیوەندی سۆزداری منداڵان لەگەڵ دایە گەورە و باپە گەورەکانیان نیشانەکانی خەمۆکی لە هەر دوو گروپدا کەم کردۆتەوە. بە گشتی دایە گەورە و باپە گەورە لە ژیانی منداڵەکاندا شوێنێکی تایبەتیان هەیە. ئەوان شانازی بە نەوەکانیانەوە دەکەن و بە سەربەرزییەوە ئەوە لای کەسانیتر باس دەکەن و بەرامبەر نەوەکان زۆر بە سۆزن. بۆ ئەوان زۆر تایبەتە کە دەتوانن ئەزموونەکانیان لەگەڵ منداڵەکانی خۆیان دووبارە بکەنەوە.

زۆرجار دایە گەورە و باپە گەورەکان لە بارەی ئەو ڕۆڵەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ نەوەکانیان پێیان سپێردراوە سەرلێشێواون. گەر سۆزی زۆر بنوێن و بەرپرسایەتی زیاتر هەڵبگرن، بەوە تاوانبار دەکرێن کە پەیوەندی دایک و باوک و منداڵیان گۆتوتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و خۆیان تێهەڵدەقورتێنن. گەر زۆر گوێیان پێنەدەن پێیان دەڵێن کەمتەرخەمن. دایە گەورەیەک دەیگوت بەڕاستی سەرلێشێواوم و نازانم چاوەڕێن من چۆن دایە گەورەیەک بم. ئەو وتانە پێویستی گفتگۆیەکی جیدی لە نێوان هاوسەران و دایە گەورە و باپە گەورەکان لە بارەی هەست و چاوەڕوانییەکانیان و ئەو ڕۆڵەی کە پێویستە ئەوان لە بنەماڵەدا هەیانبێت، بیرمان دەهێنێتەوە.

لێکۆڵینەوەیەک لە ئۆستراڵیا کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی زانستی "ریسێرچ گیت" بڵاوکراوەتەوە، کاریگەری ئەومجۆرە پەیوەندییە لەسەر چۆنیەتی کارکردنی میشکی ئەندامانی بەتەمەنی خێزانی خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە. ئەو دایە گەورانەی کە کاتێکی زیاتر لەگەڵ نەوەکانیان بەسەربردبوو، کاردانەوەیەکی باشتریان کە تیستی یەکتر ناسینەکە دەربڕیوە. جێی ئاماژەپێدانە کە سەردانی نەوەکان بەشێوەی جارێک لە هەوتووداً کاریگەری سەرسوڕهێنەری بۆ تەندروستی دایە گەورەکان هەبووە.

دەسوەردانی دایە گەورە و بابە گەورە لە پەروەردەکردنی منداڵدا

هەندێ لە دایە گەورە و باپە گەورەکان بەرامبەر بە نەوەکانیان زیاد لە پێویست هەستی خاوەنداریتیان هەیە. ئەوانەی کە پێویستیان بە خۆشەویستی و سەرنجە یان تەنیان لەوانەیە کە لە نەوەکانیان بۆ پڕکردنەوەی شەو بۆشاییە کەلکوەربگرن. کاتێک دایە گەورە و بابە گەورەکان بۆ ڕاکێشانی سۆز و سەرنجی منداڵ لەگەڵ دایک و باوک دەکەونە مللانێ، بێشک بەرکەوتن و دڵتێشان ڕوودەدات. ئەوان دەبێت ئەو ڕاستییە قبوڵ بکەن کە لە ئەنجامدا بەرپرسایەتی منداڵ لە ئەستۆی دایک و باوکە و ئەرکی ئەوان هەمیشەیی نییە و کاتێکی دیاریکراو لای نەوەکانن. ئەوان دەبێت ژیانی ئاسایی خۆیان بەڕێبکەن نەک ئەوەیکە ئەوەندە تێکەڵ ژیانی نەوەکانیان بن کە خۆیان لەبیر بکەن.

لەکاتی خۆیدا سەردانی دایک و باوکتان بکەن و کاتێک تەرخان بکەن تا بتوانن لەگەڵ نەوەکانیان بن، ئەوکات هەم منداڵەکان لە بەرەکەتی بوونی ئەوان سوودمەند دەبن و هەمیش دەرفەت بۆ دایک و باوکتان دەخوڵقێنن تا خۆشەویستی و شەوقی بوون لای نەوە تەجروبە بکەن. خێزان تەنیا دایک و باوک و منداڵان نین، بوونی بەرەی پێشووتر لە کەشی خێزاندا دەتوانێت ژیان خۆشتر و کاریگەرتر بکات.



ئافرەتانی سکپڕ دارچین مەخۆن

سەرەڕای ئەوەیکە دارچین لە بەهاراتە بەسوودەکانە و چەندین قازانجی لە لایەن زانایانەوە سەلمێنراوە و ئێستاکە چاندن و پەروەردەکردنی ئەو گیایە بووەتە جۆرێک لە کاری پیشەیی و گرنگی زیاتری پێدەدرێت، بەڵام بۆ ئافرەتانی سکپڕ ڕانەسپێردراوە.

گیای دارچین لە کۆتایی مانگی ڕێبەندان تا خاکەلێوە سەردەردێنێت. هەر 10گرام دارچین خاوەن پرۆتین، وزە، کاربۆهیدرات و چەوریییە. کارناسانی گیادەرمانی پێیانوایە چای دارچین هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی هێزی بینین، باشتربوونی سووڕی خوێن و کەمکردنەوەی نەخۆشی گەلێک وەک شێوانەکانی کۆئەندامی هەرەس، کلۆستڕۆل، دڵەڕاوکێ، خراپی هەرەسی خواردن، ئاوسانی گەدە و تا و پەسیو. بە گشتی ماددەی Cinnamodehyde کە لە گیای دارچین بوونی هەیە لەسەر ڕۆح و دەرونی مرۆڤ کاریگەری هێمن کەرەوەی هەیە. جگە لەوە لە دێم دانانی گیای دارچین و خواردنەوەی پێست گەنج ڕادەگرێت، هەڵبەت دڵنیایی دەدەنە ئەوانەی هەستیاریان هەیە کە ئەو گیایە هیچ زیانێکیان پێناگەیەنێت.

بەڵام خواردنی دارچین بۆ ئافرەتانی سکپڕ، هۆکارە بۆ لەدایکبوونی ناوادەی کۆرپە، بۆیە پسپۆران پێیانوایە کە خانمان لە کاتی دووگیانی و شیردان یان بۆ باشترکردنی کۆئەندامی هەرەسی کۆرپە بە هیچ شێوەیەک دارچین نەخۆن.

کاریگەرییەکانی دارچین وەک ئانتی بیۆتیک وایە و پزیشکان دەڵێن خواردنی 5گرام لە ڕۆژدا هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی تریگلیسرید، گلۆکۆز و کلۆستڕۆل لەو کەسانەی شەکرەی جۆری دووهەمیان هەیە. هەروەها پێش لە نەخۆشی ئالزهایمەر دەگرێت و ئەوانەی تووشی نەخۆشی ئایدز هاتوون دەتوانن بە کەلکوەرگرتن لەو گیایە ئازارەکانیان کەم بکەنەوە.

هەڵبەت دەبێت بزانن خواردنی زیاد لە پێویست و لە ڕادەبەدەرەی کاریگەری خراپی دەبێت و هەستیاری لە پێستدا دروست دەکات و هۆکاری دڵەکڕێ و لەختەبوونی خوێن و قەڵیشانی لێو دەبێت.




ژیانی نائارامی خێزانی مێشک پیر دەکات

لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی "ویسکانسین" پیشانیان داوە کە ژیان لە بارودۆخی دژواری خێزانی و تەحەمولی ستریس بۆ ماوەی زۆر هۆکارن بۆ بە خێرا پیرتر بوونی میشک.

تەحەمولی بارودۆخی دژواری خێزانی وەک ئاگەداربوون لە خیانەتی هاوبەشی ژیان، ژیان لەگەڵ زڕدایک و زڕباوک و جێهێشتنی خێزان نەک ڕەوتی پیر بوونی میشک خێرا دەکەن بەڵکو دەتوانن ببنە هۆکاری لەنێوچوونی میشک و زهایمەر.

لەو لێکۆڵینەوەیەدا بە دەسنیشانکردنی 27بارودۆخی جیاواز کە ستریس دروست دەکەن و تەنانەت هۆکاری خەمۆکین، تێگەیشتن کە سەنتەری هەڵسەنگاندنی زانیاری لە جەستەدا زیاترین کاریگەری نێگەتیڤەکان لە ژیانی درێژمەودا لەو بارودۆخە سەختەدا تەجروبە دەکات. بارودۆخی ئازاردەری ژیان تەنانەت لە میرمنداڵانەدا کە خێزانی شێواو یان خووگرتوو بە کحول یان مادەی بێهۆشکەریان هەیە یان خێزانێکی پرکێشە و ئاژاوەیان هەیە هۆکاری زیان گەیاندن بە میشکن. ئەزموونی ژیانی ناسەقامگیر لە تەمەنی سەرووتر وەک لەدەستدانی کار یان مردنی هاوسەر زیاترین کاریگەریان لە خێراتر کردنی ڕەوتی پیری میشک هەیە.

زانایان لەسەر ئەو باوەڕە سوورن کە کاریگەرترین هۆکار لە خێرایی ڕەوتی پیری میشک، ئاگەداربوون لە خیانەت هاوبەشی ژیان و تەحەمولی ئەم بارودۆخە لە ڕووی ناچارییەوە یان بۆ پاراستنی چوارچێوەی بنەماڵەیە.



16ی ئۆکتۆبەر رۆژێکی رەش لە مێژووی گەلەکەمان



وەیسی سەعیدوەیسی

دوو ساڵ بەر لە ئێستا لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 بەهۆی پیلانێکی نەخشە بۆ دارێژراو خیانەتێکی بێوێنە لە خوێنی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان و خەڵکی کوردستان کرا، بۆیەش ئەم بەروارەیە بە یەکێک لە رۆژە رەش و شوومەکانی مێژووی گەلی کوردستان دادەنرێت کە بەداخەوە بە هاوکاری چەند کەسێک لەناو لایەنێکی سیاسی خیانەت لە کوردستان کرا بەبیانووی ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی، کە ئەمەش سەرەتاییترین مافی شەرعی و یاسایی و سروشتی خەڵکی کوردستان بوو تا لەم رێگایەدا بڕیار لەچارەنووسی خۆیان بدەن چۆن بژین.

لەبەر ئەوەی ریفراندۆ ڕا و ئیرادەی خەڵکە بۆیە تاهەتاهەتایە ریفراندۆم وەک دۆکیومێنتێک بەزیندوویی دەمێنێتەوە کە سەرکەتووترین رووداوی مێژوویی بوو لە 100 ساڵی رابردوودا، گەرخیانەت رێگای دابا لەم قۆناغەیەدا گەلی کوردستان بەئاواتی خۆیان دەگەیشتن، بەڵام بەداخەوە خیانەتەکەی 16ی ئۆکتۆبەر وای کرد ئەوەی زیاترلەسەدەیەک بەخوێن و خەبات بەدەست هاتبوو بەچەند کاتژمێرێک لەدەستی بدەین، هەروەها دەریخست گەلی کوردستان لەسەرریفراندۆم سزا نادرێت، بەڵکو لەسەر کوردبوونە، بەڵام ویستیان بەم بیانووە کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان لەناو بەرن، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە کە ئیرادەی کوردستانیان زۆر بەهێزتر بوو، بۆیەش تواندرا بەخۆراگریی سەرۆک مسعود بارزانی و قارەمانییەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرپەرچی پیلانەکان بدرێتەوە لە هەریەک لە داستانەکانی پردێ و سحێلا و مەحمودیە و تلسقۆف سنوور بۆ خائین و خاک فرۆشان دانرا، بەمەش هاوکێشەکان گۆردرا، ئەم خیانەتەش نەیتوانی چۆک بەپێشمەرگە دابدات، بەڵام بۆ مێژوو 16ی ئۆکتۆبەر وەک خیانەتێک تۆمار کرا کە پەڵەیەکی ڕەش بوو و کەلێنێکی گەورەی دروست کرد، کە ئەستەمە مێژوو لەیادی بکات و خائین و خاک فرۆشەکانیش مێژوویێکی ڕەشیان بۆخۆیان تۆمار کرد و بۆهەتاهەتایە ناویان لەمێژوودا بەرەشی دەمێنێتەوە، کە هەموو ئەو نەهامەتییانەی بەسەر کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکاندا هاتووە ئۆباڵەکەی لەئەستۆی ئەوان دایە، ئەگەرچی رووداوەکانی ڕۆژی 16ی ئۆکتۆبەر و ڕۆژانی دوایی تا بە ئەمرۆش دەگات بۆ خەڵکی کوردستان ناخۆش و کارەساتبار بوون هەمان دیمەنەکان دوای ڕێککەوتننامە شومەکەی جەزائیری بەبیر خەڵکی کوردستان هێنایەوە کە بەهۆیەوە بەشێکی زۆری خاکی کوردستان بە شاری کەرکووکیشەوە داگیرکران ، بەڵام هەموو ئەمانەش نەبووە بەربەست تا واز لە بستە خاکێکی خۆمان و خواستی ڕەوای گەلەکەمان کە سەربەخۆیی بهێنین، بەڵکو سوورتر لە جاران تێدەکۆشین بۆ هێنانەدی ئاواتەکانمان، کە ریفراندۆمیش وەک تاپۆیێکی ڕەش بۆ هەتاهەتایە بەزیندوویی دەمێنێتەوە کە گرنگە دوای تێپەڕبوونی دووساڵ بەسەر ئەم خیانەتە ڕەشە بەکورتی هەڵوەستە لەهەمبەر چەند خاڵێکدا بکەین بۆ ئەوەی زیاتر ڕاستییەکان بخرێنەروو.

یەکەم: ریفراندۆم دەرخستی خواستی خەڵکی کوردستان بوو بۆسەربەخۆیی کە بە کۆتا نەهاتووە، چونکە ریفراندۆم ویست و دەنگی زۆرینەی کوردستانییانە بە هیچ کەس و لایەنێک لەناو نابردرێت یاخۆد هەڵناوەشێندرێتەوە، چونکە ئەمە لەدەسەڵاتی هیچ کەس وهێزێکدا نییە تەنها لەدەسەڵاتی خەڵکی کوردستان دایە کە هەرکاتێک زەمینە ساز بوو کاردەکرێت بۆ ڕاگەیاندنی دەرەنجامەکەی، چونکە لە دوای ڕاپەرینەوە ریفراندۆم یەکەمین پرۆسەی دەنگدان بوو کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە گەرم وگوڕییەوە بەشداری تێدا بکەن.

دووەم: خیانەت لەناوگەلی کوردستان مێژوویێکی کۆنی هەیە کە خیانەتەکەی 16ی ئۆکتۆبەر بۆ هەتاهەتایە وەک ڕۆژێکی ڕەش تۆمارکرا کە پلانێک بوو بەهاوکاری دەستێکی ناوەخۆیی ئەنجامدرا بۆ سرینەوە و لەناوبردنی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان و بێمانا کردنی مافەکانمان کە بەدڵنیاییەوە هیچ کات ئەم ڕۆژە شوومە لە یاد ناکرێت.

سێیەم: گەلی کوردستان خاوەن ئیرادەی خۆیەتی و هیچ کەس و هێز و لایەنێک ناتوانێت بەزەبری چەک و هەڕەشە و گوەڕشە ئیرادەیان تێک بشکێنێت، چونکە ئیرادەی کوردستانیان پۆڵاینە و گرەو لەسەر تێکشکاندنی ناکرێت کە داستانەکانی پردێ و سحێلا و مەحمودیە شاهیدی ئەم ڕاستییەن کە جگە لەوەی تواندرا سنووربێک بۆ خیانەت و خاکفرۆشان دابندرێت، بارودۆخەکەشی گۆڕی بە جۆرێک لەبەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا بێت، بەدڵنیاییەوە گەر حیکمەتی سەرۆک بارزانی و قارەمانییەتی شێرەکورانی پارتی و بارزانی نەبوایە کوردستان لەرەوشێکی تردا دەبوو، جگە لە خوای گەورە کەس نەیدەزانی چارەنووسمان چی دەبوو. بەڵام بەهۆی ئەم قارەمانییەتییە هاوکێشەکان گۆڕان.

چوارەم: خۆراگری و پشوودرێژی کلیلی سەرکەوتنە کە گەلی کوردستان دەریخست ئیرادەکەی لەسەرووی هەموو پیلانێکە کە بەهۆی پشوودرێژی و خۆراگریی خەڵکی کوردستان تواندرا گەمارۆکان تێکبشکێنێت و بارودۆخ وەک جارانی لێ بێتەوە، بۆیەش گرنگە هەموکات هەڵوێستی خۆراگرانەی کوردستانیان لە یاد بێت .

پێنجەم: گەرئەم خیانەتە نەکرابا بەدڵنیاییەوە زۆرئەستەم بووبەم شێوەیە کەرکووک و ناوچەکانی تری کوردستان داگیرکرابان، بەڵام بەداخەوە لەپێناوبەرژەوەندیی گیرفانی چەند کەسێک شارەکە هەرزان فرۆش کرا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کەرکووک هەربەهێڵی سوورماوەتەوە کە بەدرێژایی مێژووش جێگای بایەخی بارزانیی نەمر بووە، بۆیەش هەمیشە کەرکووک وەک شارێکی کوردستانی دەمێنێتەوە و سازشی لەسەر ناکرێت، تەنانەت هەروەکو بارزانیی نەمر فەرموویەتی (کەرکووک یەک کوردیشی تێدا نەمێنێت هەرکوردستانە)، بۆیەش هیچ هێز و لایەنێک ناتوانن نە بەزەبری چەک نە بە تەعریب بیکات بەهی خۆی و سازشی لەسەر ناکرێت.



بەشێنەیی
کاروان محەمەد سینۆ

لە دووەم ساڵیادی 16ی ئۆکتۆبەر

خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر.. ڕۆژی (یەهودا) بوو

دوو ساڵ لەمەو پێش وەکو ئەمڕۆ (16ی ئۆکتۆبەری 2017)، لەودەمەی هەموو خەڵک و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان ئامادەبوون بە گیان و ماڵ خۆیان فیدا بکەن و بەرگری لە خاک و شەرەف و کەرامەتی کوردستان بکەن، بەرگری لە بڕیار و ئیرادە و چارەنووسی خۆیان بکەن ، بەرگری لەو خەون و هیوا و ئاواتە بکەن، کە هەموو خەڵکی کوردستان لە ریفراندۆمدا بڕیاریان لێدابوو. لە هەمان کاتیشدا هەموو مرۆڤایەتی و دۆستان و ئازادیخوازانی جیهان لە چاوەڕوانی ئەوەدابوون کە هەموو کوردستانیان (سڤیل و چەکدار) بەیەک دەنگ و یەک هەڵوێست بەرگری لەو هەل و مەرجەی خۆیان بکەن و ئەو هەلە مێژووییە لەدەست نەدەن کە بە خوێن داپینکرابوو و بەرگری لە بڕیار و ئیرادەی خۆیان و مللەتەکەیان بکەن، بۆ ئەوەی کێشەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەروەی ئیرادەی هەرێمی کوردستان پاش ریفراندۆم لە چوارچێوەی دەستوور و ڕێکەوتنێکی یاسایی سیاسی بخرێتە بەر گفتوگۆ و چارەسەربکرێ، هەروەها مادەدی 140ی دەستووری عێراق کارا بکرێ و بڕگە و هەنگاوەکانی ئەم مادەدە دەستووریە جێبەجێ بکرێ و چیدی دەستوور پێشێل نەکرێ. ئا لەم کات و هەل و مەرجەدا، تاقمێکی خیانەتکاری خاک فرۆش و خۆفرۆش و کاڵفام، بێ لەبەرچاوگرتنی هیوا و ئاوات و ئیرادە و بڕیاری تەواوی خەڵکی کوردستان، لێمان بوون بە یەهودا (یەهودای ئەسخەریوتی*) و تەنها لەبەر بەرژەوەندی کەسی و تایبەتی خۆیان، لە ڕێکەوتنێکی خیانەتکاریدا بڕیاری خۆ بەدەستەوەدانیاندا و ڕێک هاوشێوەی (یەهودای ئەسخەریوتی کە چۆن حەزرەتی مەسیحی رادەستی دوژمنانی کرد) ئەوانیش کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانیان ڕادەستی داگیرکەران کرد، کە لە ئەنجامدا قودسیەتی کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکەش خرایە ژێرپێی داگیرگەران.

ئێستا جارجار لە هەندێ بۆنەوە و لێدواندا، هەندێک کەس لەم تاقمە خیانەتکارە، هەوڵدەدەن پاساوی عەجیب! غەریب؟! بۆخیانەتەکەیان ببینەوە و وەکو تۆزێک لە چاوی خەڵکی کوردستان بکەن، پێیان وایە کە خەڵک لە گوێی گادا نووستووە و تەلەفزیۆن و میدیا و مێژوو هیچی تۆمار نەکردبێ و ئەوەی لە شەوی 16ی ئۆکتۆبەردا کردیان، کەس پێی نەزانیوە!!.

جار جاریش ئەم تاقمە خائین و خاک فرۆشە، خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر وەکو دەستکەوتێک و پاڵەوانێتییەک و (گوڵ)ێک؟! بە گوێی هەندێ؟! ئەندام و لایەنگرانی خۆیاندا دەچرپێنن.. گوایە ئەوان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە؟!. ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی کە بەشێنەیی هەندێک پرسیار بکەین: ئەوە چ سەرکەوتنێک بوو؟!، سەرکەوتن بەسەر کێدا بوو؟!.. چیتان دەستکەوت؟!. کێ سوود مەند بوو بەو سەرکەوتنە خیانەتکارە؟!.

سەرکەوتنی ئەم تاقمە خائین و خاکفرۆشە بەو خیانەتەی کە کردیان تەنها ئەوەبوو کە حزب و کادیرەکانی خۆیان بەرامبەر تەواوی خەڵکی کوردستان شەرمەزارکرد. ئەمڕۆ هەوادار و لایەنگر و ئەندام و کادیرانی حزبەکەی ئەوان بێ هۆدە و نائومێد و بێ هیوان... شەرم لە خەباتی پێشووی خۆیان دەکەن لەگەڵ ئەو تاقمە!... شەرم لە خوێنی شەهیدەکانی حزبەکەی خۆیان دەکەن کە لەپێناوی رزگاری کوردستان خوێنیان ڕژاوە... شەرم لە دایکی و خێزان و کچ و کوری شەهیدان دەکەن.

لەکاتێکدا ئەوتاقمە خیانەتکار و خاک فرۆشە، لە ئاهەنگ و یاد و بۆنە و کۆنفرانس و پلنیۆم و بانزە و کۆبوونەوەکاندا بازرگانی و موزایەدە بە خوێنی شەهیدەکان دەکەن، کەچی ئەوان زۆر دوورن لە هەر بنەما و مەبدەئێک کە لاوی کورد لە پێناویدا شەهید بوونە.

* یەهودا ئەسخەریوتی.. یەکێک بووە لە دوازدە قوتابییەکەی (حەزرەتی مەسیح سڵاوی خوای لەسەر بێت)، ناوی (یەهوزا سەمعان ئەسقەریوتی)ییە. هەروەک لە «ئینجیل» دا هاتووە... یەهودا ئەسخەریوتی بەرامبەر 30 پارچە زیو خیانەتی لە (حەزرەتی مەسیح)کرد و ڕادەستی دوژمنانی کرد و ئەوانیش (حەزرەتی مەسیح)یان لەخاچدا، ئەمەش گەورەترین خیانەتە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمار کراوە.

ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ و خودانێن بڕیاران

خالد ئەحمەد بادی

ئەگەر لەبیرتان بێت ساڵی 2011 زۆرکەس و یەک لەوان منیش وتمان ڕۆژاوای کوردستان لە دەورو تەسلیمێکدا لەلایەن بەشار ئەسەدەوە ڕادەستی پەیدە کرا، یێ پێش چاڤ وئاشکەرایە و شەرێ وەلاتێن زلهێز و مەزن و وەلاتێن بەرژەوەندخواز و یێن خودانێن بڕیار وبەرژەوەندێن تایبەت یێ بەردەوامە و لسەر زور پرس وکاران ناکوکن لێ لسەر پرسێن بەرژەوەندێن تایبەت و بەرفرەه کرنا نفوزێ خۆ و سنورین تایبەتێن خۆ دهڤ بریار و هڤ رانە. کورد هەردەم کەفتینە دناڤ گێلەشوک و تەبک و داڤێن بەرژەوەندخواز و زلهێزان و مللەتێ کورد و کوردستان بووینە پاریێن بساناهی و خوش داعیرانیە و زەرەرمەندێ ئێکێ وسەرەکی هەر کورد بویە ، مللەتێ کورد هەردەم کەفتیە بەر باروڤا نەحەز و دوژمنان وکورد مللەتەکێ ئارام و جوامێرە و هەر دەم دکەڤنە بن گێران و پەسەند کرن و دیسا هەر تیشکا کەسک دایە تورکیا کو هیرشێ بکەت سەر کوردان و دا پشت کەش و هەوایێ سیاسی و جوگرافی و کومەلایەتی وهند مینا خۆ وبەرژەوەندێن خۆ لێک بدەن و ب پارێزن. ل روژهەلاتا ناڤەراست هاوکێشە دهێن گهورین و ئاراستە دهێنە بن پێ کرن و رەوش ئالوزتر لێ دهێت و بەرەف دیمەنێن خرابتر ڤە دچیت و ڤاڤارتنێن سیاسی و ئابوری و دارایی و مەزهەبی و ئایینی و نەتەوەیی دهێنە کرن و دەڤەر هەمی دکەفتە بەر لێهمشتا گران و هندەک مللەت بسەر دکەڤن و هندەکێن دی ژی دشکێن و دبنە قوربان. برسیارا من بوچی کورد هەردەم لبەر ڤان لێهمزشتا دکەن؟ ئایا ژبەر بێ چانسیا وانە ؟!، یان ژی قەدەرا وان یا هویە ؟ یان ژی تێگەهشتنا دورهێلی لدەڤ کوردان یا کێمە! یان لدور ناسەیر کەین! یان ژی باوەریا خو ددەن لایەنێن دی! یان ژی نە دئێکگرتی نە ؟. چونکە کوردان حوکمرانیەت کریە و ب دەهان میرگەه و میرنشین و دەولەت هەبوینە و هەمی هاتینە تێک شکاندن ئانکو سەربەورا حوکمرانیەتێ ژی هەبویە لێ بەرسف بلا بو خویندەڤانان بیت. و لداوێ پەیاما من ئەوە هەڤدو بگرن ودەستێن خۆ بکەنە دناڤ دەستێن برایێن خو دا و بلا ب هەڤرا کار بکە ندا کودوژمنان بشکێنێ پاشان کار بکەن بۆ وەرگرتنا دەستهەلاتی لێ ئەگەر ب ڤی شێوەی بیت کەس ژبەر باروڤ و باهوز و لێهمشتان قورتا نابیت کوردستان ئێکگرتی بیت و ئالایێ وێ یەک ئالا بیت و هێزا وێ پێشمەرگە بیت دێ کورد پاراستی بن و دوژمن روی رەش بن و خودانێن بڕیاران شکەستی بن.

گەشتیە ڤی رادەی کو زاروک و ژنێن کوردان و پیرەژن و پیرەمێر لبەرچاڤێن مە دهێنە شەهیدکرن و زولم لسەر وانان دهیتە کرن و براستی ئەڤە کارەساتەکا مەزنە و مینا ئەنفال و جینوسایدایە. زور رێکەفتن و پیلان لسەر کوردان گرێدراینە و سەرکەفتن بدەست ڤە ئینانە مینا رێکەفتناما سایکس پیکو یا جەزائیر و یا ئوسمانلی یا ل سالێن هەشتێیان کو بتنێ هەمیان بەرژەوەندیێن خو بێن تایبەت پاراستن و کورد فرۆتن ب بهایەکێ ئەرزان و ڤێ جارێ ژی کورد هاتنە فروتن ژلایێ چوارگوشەکا مەترسیدار ڤە کو ئەو ژی ئەمریکا و روسیا و تورکیا و بریتانیا نە و ل پشت پەردێن رەشتاری پیلان هاتنە دەکردەوە. شەڕی داعش و سپای ئازاد کرا و تا رادەیەکی زۆر هێزەکانی بەشار ئەسەد بە پشتیوانی هەسەدە و روسیا و ئێران سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و ئێستا ئیتر داعش نەماوە و سپای ئازادیش تا رادەیەک لاواز بووە و کاتی ئەوە هاتووە کە چۆن ڕۆژاوا ڕادەستی پەیەدە کرابوو، ئەوا دووبارە ڕادەستی خانەخوێ بکرێتەوە!. چەند هەفتە پێش تورکیا و ئێران و روسیا و تا رادەیەکیش ئەمریکا ڕێککەوتنێکیان کرد بۆ ئەوەی کاریک بکەن ڕۆژاوا تەسلیمی بەشار ئەسەد بکرێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە بوو هێزەکانی ڕۆژاوا لەشەڕی داعش و شەڕ بۆ پاراستنی بەشار ئەسەد زیاتر لە یازدە هەزار شەڕڤانیان شەهید ببوون، بۆیە ئابروچوونێکی گەورە بوو بۆ هەسەدە و پەکەکە بەو ئاسانییە ڕۆژئاوا تەسلیمی بەشار ئەسەد بکەنەوە، چونکو لەبەرانبەر لۆمەی گەلی کورد و بنەماڵەی ئەو شەهیدانەدا قسەیەکیان بۆ گوتن نەبوو جگە لە داخستنی سەری شەرم نەوێت. ئەوانەی دەڵێن وانییە با سەیری ڕووداوەکانی داهاتوو بکەن، باشتر ڕوون دەبێتەوە بۆیان. لەم ڕۆژانەدا ئاڵدار خەلیل ئەندامی کۆنسەی ڕێبەری هەسەدە لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی ANHA دەڵێ ئێزن نادەین هێزەکانی ڕۆژ بێنەوە ڕۆژئاوای کوردستان، چونکو ئەگەر هەڵەی وا بکەن و بێنەوە بە هەمو هێزمانەوە بەرەنگاریان دەبینەوە، ئەمە لە حاڵێکدایە کورد لە ڕۆژئاوا وەک ئاو چۆن پێویستە بۆ مرۆڤی تینوو ئاواش پێویستیان بە هێزی یارمەتیدەر بوو بۆ بەرگری لە ڕۆژاوای کوردستان. ئێستا لەهەواڵەکاندا باس لەوە کرا کە هێزەکانی بەشار ئەسەد دەگەڕێنەوە کۆبانێ و ڕۆیتێرزیش ڕایگەیاند پەکەکە کۆبانێ و منبجی ڕادەستی هێزەکانی ڕوسیا و ئەسەد کرد، لێرەدا ئەوەی دۆراوی ئەم شەڕە بوو کوردی قوڕ بەسەر و شەرڤانی بەستەزمان بوون!! ئەوەش وا براوە بوو کۆماری ئیسلامی و بەشار ئەسەد و ئەوەش نفرینی بۆ مایەوە بەرادەیەکی زۆر ئەمریکا بوو، تورکیاش براوەیە چونکو کوردستانێکی داگیرکراوی دەستی ئەسەد باشترە بۆی تا کوردستانێکی سەر بە پەکەکە. وادیارە لەم شەڕەدا تەنیا کورد نییە کڵاوی چۆتە سەر هەرچەند کڵاویش نەبوو ڕێککەوتن بوو سوپای ئازادیش کە بەشێکن لە فکرەی داعش و فەندەمنتالی ئیسلامی و تورکیا پشتیانی گرتووە چارەنووسیان نادیارە کە ڕەنگە لەسەر توانەوەی ئەوانیش ڕێککەوتنێک کرا بێت چونکو نە ئەمریکا، نە روسیا و نە بەشار ئەسەدیش ڕازی نابن لە مانەوەی ئەم هێزە ڕادیکاڵە فەندەمنتالیستە ئیسلامییە کە دەستێکی کەمی لە داعش نییە.

گەر با لەم کونەوە بێ ڕۆژئاواشمان لەدەستچوو



تالب ئەیسەری

ئەگەر لەبیرتان بێت ساڵی 2011 زۆرکەس و یەک لەوان منیش وتمان ڕۆژاوای کوردستان لە دەورو تەسلیمێکدا لەلایەن بەشار ئەسەدەوە ڕادەستی پەیەدە کرا، بۆئەوەی هێزەکانی خۆی ببات بەرەی شەڕ لەگەڵ سپای ئازاد، بەم جۆرە کوردستانی دایە دەستێکی ئەمێن بە نێتوێرکی ئێران و پەکەکە، کە لەڕاستیدا پەکەکە خۆی خاوەن مالّ بوو، بەپێچەوانەی ئەوانەی باسیان لەوە دەکرد ئەوە هێزەکانی ڕۆژاوای کوردستانن توانیویانە ڕۆژاوا ڕزگار بکەن، بەڵام هەموو شتێک پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی لایەنگرانی پەکەکە بوو، چونکو یەک تەقەیش لەڕۆژاوای کوردستاندا دژ بە هێزەکانی بەشار ئەسەد نەکرا و ئێستاشی لەگەڵدا بێ هێزە ئەمنییەکانی بەشار ئەسەد لە ڕۆژاوای کوردستان بوونیان هەیە و ئالای بەشار ئەسەد لە هەموو قوژبنێکی ڕۆژاوای کوردستاندا شانبەشانی ئالا جۆراوجۆرەکانی پەکەکە دەشەکێتەوە، هەر ئەوەش بوو دوای سێ جار دانیشتنی هەولێر و دهۆک بە نێوبژیوانی سەرۆک مەسعود بارزانی، پەکەکە و لقوپۆپەکانی ئێزنیان نەدا هێزەکانی ڕۆژ کە پێشمەرگەی ڕۆژاوای کوردستانن بگەڕێنەوە ڕۆژاوای کوردستان. بۆچی؟... چونکو نە ئێران بەمە ڕازی بوو نە بەشار ئەسەد و نە پەکەکە، چونکو ئەو هێزە هێزی گیانفیدا و نیشتمانپەروەری ڕاستەقینەی ڕۆژاوا بوون، بۆیە چوونەوەی ئەوان دەبووە سەرئێشەیەکی قورس بۆ ڕژێمی سوریا و ئێران و تەنانەت پەکەکەش، چونکو لەڕاستیدا ئەم ڕۆژە پێشبینی کرا بوو لەلایەن ئەو سێ لایەنەوە، بۆیە بە دەیان جار لێپرسراوانی پەیەدە باسیان لە برایەتی کورد و عەرەب واتا کورد و بەشار ئەسەد و یەکپارچەیی خاکی سوریا بەرەنگاریان دەبینەوە، ئەمە لە حاڵێکدایە کورد لە ڕۆژئاوا وەک ئاو چۆن پێویستە بۆ مرۆڤی تینوو ئاواش پێویستیان بە هێزی یارمەتیدەر بوو بۆ بەرگری لە ڕۆژاوای کوردستان. ئێستا لەهەواڵەکاندا باس لەوە کرا کە هێزەکانی بەشار ئەسەد دەگەڕێنەوە کۆبانێ و ڕۆیتێرزیش ڕایگەیاند پەکەکە کۆبانێ و منبجی ڕادەستی هێزەکانی ڕوسیا و ئەسەد کرد، لێرەدا ئەوەی دۆراوی ئەم شەڕە بوو کوردی قوڕ بەسەر و شەرڤانی بەستەزمان بوون!! ئەوەش وا براوە بوو کۆماری ئیسلامی و بەشار ئەسەد و ئەوەش نفرینی بۆ مایەوە بەرادەیەکی زۆر ئەمریکا بوو، تورکیاش براوەیە چونکو کوردستانێکی داگیرکراوی دەستی ئەسەد باشترە بۆی تا کوردستانێکی سەر بە پەکەکە. وادیارە لەم شەڕەدا تەنیا کورد نییە کڵاوی چۆتە سەر هەرچەند کڵاویش نەبوو ڕێککەوتن بوو سوپای ئازادیش کە بەشێکن لە فکرەی داعش و فەندەمنتالی ئیسلامی و تورکیا پشتیانی گرتووە چارەنووسیان نادیارە کە ڕەنگە لەسەر توانەوەی ئەوانیش ڕێککەوتنێک کرا بێت چونکو نە ئەمریکا، نە روسیا و نە بەشار ئەسەدیش ڕازی نابن لە مانەوەی ئەم هێزە ڕادیکاڵە فەندەمنتالیستە ئیسلامییە کە دەستێکی کەمی لە داعش نییە.

خەبات
www.xebat.net
چوار شەممە 2019/10/16 ژمارە (5850)

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٤) هەولێر ژمارەی پسووله ٠٧٣٧٢٧٦ بەروار ٢٠١٤/١١/١٦ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی سرهت صابر اسماعیل وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی لقی هەولێر بەناوی زینە وریا عبدالرحمن وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسووله ٠٢٦٠٧٦٤ ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/٢٠ بەبڕی ٧٣٥٠٠٠ هەزار دینار بەناوی شەمال سلام صالح وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

ون بوون

پێناسی باری کەسی بەناوی(بیریڤان محەمدامین عبداللە) ون بووە، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی لە تەق تەق(٠٧٥٠٩٧٩٧٩٨٣).

***

مديرية الجنسية و الاحوال المدنية لمحافظة اربيل الواقعات

رقم:١٥٢٨٧
تاريخ: ٢٠١٩/١٠/١٤

اعلان

قدم المواطن (تارا حسين رسول) دعوى في هذه مديريه تسجيل اللقب (گەردی) فمن لدية اعتراض مراجعه هذه المديريه خلال ١٠ ايام من تاريخ نشره في الجريده و بعكسه فسوف تنظر هذه المديريه في المدعوى وفق احكام الماده ٢٤ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

اللواء الحقوقي/ نشأت ابراهيم شلال
مدير الاحوال المدنية و الجوازات و الاقامة/ وكالة

***

دادگای بەرایی هەولێر/٥

ژمارە/ ١٩٤١/ب٢٠١٩/٥
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٩/٢٩

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای ڕاد)

داواکار (کۆمپانیای Ay Yapi) داوای ژمارە ١٩٤١/ب٢٠١٩/٥ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان تیایدا, وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری (پارێزگاری هەولێر/ سەربەستی و رویال و گوندی ئینگلیزی شاری ایتالی/٢) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢١ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

***

پەیمانگەی تەکنیکی شەقڵاوە
بەشی کاروباری کارگێری
هۆبەی خۆیەتی

ژمارە: ٣٩٧٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٤

بۆ/ بەڕێز (برهان فریدون حسن)
بەناونیشانی (مامۆستای یاریدەدەر)

هۆشیارکردنەوە

دوابەدوای فەرمانی کارگێریمان ژمارە (٣٦٠٦) لە ٢٠١٩/١٠/٨ وە لەبەر بەردەوامی پچڕانت لەکارەکەی خۆت بەبێ هۆ بۆیە هۆشیارت دەکەینەوە دەست بەکاربیت بۆ ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بیت وە (٣٠) سی ڕۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێم بیت لە ڕۆژی دەرچوونی نووسراومان بەپێچەوانەوە بەدەست لەکارکێشانەوە واتە (فصل من الوظيفة) دادەنرێت بەپێی برگەی (٣٧) لەیاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤) لەساڵی (١٩٦٠)ی هەموارکراو.

د. عبدالهادی عمر قۆجه
راگری پەیمانگه

***

بەڕێوەبەرایەتی دووەمی تۆمارگای خانووبەرەی هەولێر

جاردان داواکاری سەرلەنوێ تۆمارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێی ئەو داواکاریەی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٦ پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواو خانووبەرەی زنجیرە (١/٣٠٥٨) کەرتی (٨٦ بنصلاوە) بەناوی: میراتگران/یونس تۆفیق عثمان کە لەژێر دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەك خاوەنی وە بەمەبەستی خاوەنداریەتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆماربکرێت بڕیارماندا داواکاریەکە بڵاوبکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ ڕۆژ) لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆڕینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ.

تێبینەر/ محمد سلێمان محمد

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە:٥٥/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٤

جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٤٥٦٠٠/هەولێر) جۆری (مسیوبوشی باجیرۆ) مۆدیل (٢٠٠٨) ڕەنگی (ڕەش) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (هونەر جلال طاهر) لە ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٣٠) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت,ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (١١,٥٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار).

دادوەری یەکەم / دیار محمد علی

***

دادگای بەرایی شەقڵاوە

ژمارە:١٤٩/ب/٢٠١٨
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٧

جاردان

بۆ داوالێکراو / خدیجە حسین قادر
داواکار/ علی حسین قادر/ بریکاری
پارێزەر: هاوار حسن ناصر

داواکار داوای بەرایی ژمارە ١٤٩/ب/٢٠١٨ لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا بریکارەکەی داوای نەهێشتنی هاوبەشی (ازالە شیوع)ی مولکی ژمارە (٣١٤/ك٥٠/ سپیگرە) دەکات کردووە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری شەقڵاوە/ گەڕەکی سەرمەیدان بۆیە پێت ڕادەگەینین کە بەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە کە لە ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/١١/٥) ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.

دادوەری یەکەم/ رشاد خالد عمر

***

دادگای باری کەسی قوشتەپە

ژمارە: ٥٣/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٧

جاردان

بۆ داوالێکراو: (صابر محمود خلیل) دانیشتن نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (٥٣/ش/٢٠١٩) دادگا بڕیاریدا بە (تفریق للهجر) لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٦ دەرچووە لەنێوان داواکار (سلمی عبدالعزیز المشکی) وە داوالێکراو (صابر محمود خلیل) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی نووسراوی کارگێڕی کەمپی قوشتەپە بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ وە تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/معتصم امین لیلانی

***

دادگای بەرایی هەولێر

ژمارە: ٢١٧٦/ب٢٠١٦/٤
بەروار: ١٤ / ٢٠١٩/١٠

داواکاران: رشید عدی عبداللە
داوالێکراو: لاوکو عدی عبداللە و هاوبەشەکانی
شوێنی موڵك: هەولێر- گەڕەکی مهاباد- نزیك مزگەوتی حاجی یحیی
ژمارەی موڵك: ٣٥٩/٦٦کەرتی ٤٥وارش
پێکهاتووەکان: موڵکەکە بریتییە لەخانووێکی (٢) نهۆمی مام ناوەندی لەنهۆمی یەکەم پێشوازی و حەمام و توالێت و لە نهۆمی دووەم لەیەك ژوور و هۆڵێك موڵکەکە لە بلۆك و کۆنکریت دروستکراوە و شوێنەکە نارێك بوو بەرتەسك و باریك و کۆڵانەکە.
ڕووبەر: ٢٤٠م٢
نیشتەجێ: لاوکو عدی عبداللە-لەکاتی فرۆشتن دەرئەچێ و کرێ نادات
نرخی خەملاندن: ٥٠,٤٠٠,٠٠٠ دینار نرخی زەوی
١٩,٦٠٠,٠٠٠ دینار نرخی پێکهاتەکان
کۆی گشتی ٧٠,٠٠٠,٠٠٠ حەفتا ملیۆن دینار کۆی گشتی زەوی و بینایەکە

لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لەداوای ژمارە (٢١٧٦/ب٢٠١٦/٤) (إزالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم موڵکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاویکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە، جا هەرکەسێك نیازی کڕینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینکردنی یاسایی ڕێژەی (١٠٪) لەنرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات، هەر زیادبوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی پێدێت.

دادوەری یەکەم
مجید سعید برادۆستی

***

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر
بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار

هۆشداری

هۆشدەر/ پارێزەر (نشوان فرحان محمد) بریکاری (نسرین عدنان حسن)
هۆشدارلێکراو/ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای رولسن بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە/ سەرەڕای کارەکەی.

بەڕێزتان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لە فەرمانگەکەمان پارێزەر (نشوان فرحان محمد) بریکاری (نسرین عدنان حسن) بە هۆشداری ژمارە (٧٠٥) لە (٢٠١٩/١٠/٨) لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنتان بەپێی اشعاری موختاری گەڕەکی ئەفسەرانی پۆل لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٤ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی فەرمی پێتڕادەگەیەنم، بەپێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ بریکاردرام واژوو کراوە لەڕێکەوتی ٢٠١٣/١٢/٧ ئەوا پێویست کۆمپانیاکەتان ئەو شقەی کە لە ماوەی ١٨ مانگ ڕادەستی بریکاردرام بکات لە ڕێکەوتی واژوو کردن بەپێی برگەی دووەم لە گرێبەستەکە سەرەڕای ئەوەی بریکاردرام هەڵساوە بە ئەنجامدانی التزاماتی خۆی لە ڕادەستکردنی بڕە پارەی کڕینی شقەکە کە بەتەواوی بەپێی برگەی سێیەم لە گرێبەستەکە وە لەبەر ئەوەی ماوەی زیاتر لە (٥) پێنج ساڵ بەسەر واژووکردن تێپەڕیوە بەڵام هیچ جۆرە شقە ڕادەستی بریکاردارم نەکراوە وە بەپێی برگەی (٤) لە گرێبەستەکە پێویستە کۆمپانیای رۆلسن بڕی (٥٠٠$) پێنج سەد دۆلار لە هەر مانگێك لە دواکەوتن ڕادەستی بریکاردارم بکەی بۆیە هۆشداریت پێ دەدەم کە پێویستە ١- لە زووترین کات شوقەکە ڕادەستی بریکاردارم بکەی وە ماوەکە درێژ نەبێت ٢- یاخود پێویستە ئەو بڕە پارەی کە بڕەکەی (٥٠,٠٠٠$) پەنجا هەزار دۆلاری ئەمریکیە ڕادەستی بریکاردرام بکرێت. ٣- هەروەها پێویستە ئەو پارەیەی کە دەبێت وەك غرامە ڕادەستی بریکاردارم بکرێت لەکاتی دواکەوتن کە بڕەکەی (٥٠٠$) پێنج سەد دۆلارە بۆ هەر مانگێك لە دواکەوتن بۆیە هۆشداریت پێدەدەم لە ماوەی ٣ سێ ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئەو هۆشداریە وەڵامی ئەم هۆشداریە بدەیەوە بۆ بریکاردارم روون بکەیەوە کە چۆن ئەو سێ داواکاریەی خاڵانەی سەرەوە جێبەجێ دەکەی بەپێچەوانەوە بریکاردرام پەنا دەبات بۆ دادگا بۆ وەرگرتنی گشت مافەکانی خۆی بەپێی گرێبەست وە کۆمپانیای رۆڵسن بەرپرسیار دەبێت لە هەر خەرجییەك و مسروفاتێك کە بریکاردارم سەرفی دەکات تا دەگات بە گشت مافی دارایی و یاسای خۆی (هۆشداری کراو پاساوی نییە)

بۆتان کامیران میران
دادنووسی یەکەم

***

دادگەها بەرایی دهوك

ژمارە: ١٣٦٤/ب/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/١٠/١٠

ئاگەهداری

بۆ/ داوالێکری: ڕەوند سعدی قادر- جهێ ئاکنجییێ وێ نەدیار

ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تومارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکاری (سعید احمد محمد) ئەوا تێدا داوای دکەت ژ کوژمی پارە (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) سیە ملیون دینار عیراقی ژ ئەنجامین زیانیین گەهشتینی و ژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ریڤەبەریا ڕاگەهاندنی دهوکی یا ژمارە (١٥٧١) ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٢ و ڕاپورتا هەلبژێری مالتا روژهەلات ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٢ بڕیاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا شارستانی بۆئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩:٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/١٠/٣٠ و ئەگەر ئامادەنەبن یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێرین دێ ب پاشملە و ئاشکرایی داوا بڕێڤە چیت و لدیف یاسایێ.

دادوەر/ ریبوار محمد حسن

***

دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك

ژمارە:٥٧٨/ش/٢٠١٨
ڕێکەفتی: ٢٠١٨/١٠/٢٥

ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە

ئاگەهداری

بۆ/ داوالێکری (احمد مقداد احمد)

ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٨/١٠/٢١ێ د کێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژلایێ داواکار (خلات محمد سلیم) بریاردا ب ژێك جدابوون (تفریق) دناڤبەرا تە و هەڤژینێ تەیێ داواکار و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی د ماوێ دەه روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ و بەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەر دیارکری تە هێتە بجهئینان.

القاضی/ زیرڤان احمد حسین

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ

ژمارە/ ٦٥٤/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٦

ئاگەهداری

بو کەسێ دادگەهکری (جودی عبدالرحیم محمد) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك لسەر (٢) دوو تومەتا بۆ ماوێ ٦ شەش هەیڤا بو هەر تومەتەکێ (٣) سێ هەیڤ لدیف بەندێ (٢٩٢ دگەل بەندێن هەفپشك ٤٧ و ٤٨ و ٤٩) ژ یاسا سزایێ، و ژبەر نەنیاسینا جهێ ئاکنجیبوونا تە بریار هاتەدان تۆ بێە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ برێکا دوو روژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبوونا خۆ دەربری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاساییدا بۆ دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەروڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهئینان.

دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ

ژمارە/ ٧٠٦/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٧

ئاگەهداری

بو کەسێ دادگەهکری (غیاث خلف سلو) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك بو ماوێ ٦ شەش هەیڤا لدیف بەندێ ٢ ژ یاسا ژمارەر ٦ یا سالا ٢٠٠٨ و ژبەر نەنیاسینا جهێ ئاکنجیبوونا تە بریار هاتەدان تۆ بێە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ برێکا دوو روژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبوونا خۆ دەربری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاساییدا بۆ دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەروڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهئینان.

دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل

***

دادگەها کەتن دهوك

ژمارە:١٩٢٥/ج/٢٠١٩/٢
ڕێکەفتی:٢٠١٩/١٠/٨

بۆ تۆمەتباری رەڤی (محمد یعقوب یوسف)

ئاگەهدارکرن

توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (١٩٢٥/ ج/٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل (بنگەهێ پولیسێن خبات) ل دهوکێ ل سەر ماددێ (١١٩/ اصولیە) ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامێ ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠١٩/١٠/٢٧ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.

دادوەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/ ٦٢١/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/١٤

ئاگەهداری

بۆ داوالیکەراو (اکرم سعدون سمو) جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (حلوە سلیمان رمو) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ داخازێ تێدا دکەت پەسندکرنا مارە برینی دەرەکی ل ٢٠٠٩/٧/٧ وژیك جودابوون (تصدیق زواج الخارجی والتفریق) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا دەستەکا هەلبژێر ل کومەلگەها دومیز کەمپا پەنابەرین سوری ل دومیز ١ بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو روژنامەیین روژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمێر (١٠) سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/١١/٤ ول بەروڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هێتە کرن

دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل

ژمارە / ٤٣/خ/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/١٠/١٥

ئاگەهداری

ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (٥٠٥٧/١ کەرتێ ٤ منصوریە) یا قەرزدار (احمد جلال احمد) ئەڤجا هەر کەسێ بڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە

روونکرن :-
ژمارە وجە :- (٥٠٥٧/١ کەرتێ ٤ منصوریە - سیزاری)
رەگەز وجۆر :- پارچەکا ئەردیە ڤالایە ژ ئاڤاهی
رووبەر :- (٢٢٠ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (١٨٧٠٠٠٠٠) هژدە ملیون وحەفت سەد هزار دیناری عیراقی

جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

***

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە / ٢٠١٩/٦٨٦
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/١٥

راگەهاندن

بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١٨٠٤/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (ریمە یاسین احمد) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیف داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (١٤٠٧٣٠٠٠) چاردە ملیون وحەفتێ وسێ هزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت برێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٠٠٠٠٠٠) شێست ملیون دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە

سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (١٨٠٤/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ (عیمارا b٩ شوققا (٢٨٣) قاتێ (١) عیمارا ئاکنجیبوونێ وبازرگانی سنور وسالوخەت پێك پێك دهێت ژ (عیمارا ئاکنجیبوونێ بیك دهێت (٣) قاتا شوققا ژمارا ئێك قاتێ ئێك ژ عیمارا لسەری دیارکری پێك دهێت ژ سێ ژۆریت نڤستنێ ولێنانگە وپێکهاتێن ساخلەمیێ وهۆل داخلی) واجیهە شیمال غەرب روبەر (١١٣) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٠٠٠٠٠٠) شێست ملیون دینار

هلات عبدالکریم محمد / جێ بەجێ کاری داد

***

دادگای بەرایی هەولێر/٥

ژمارە: ٤٩٣/ب٢٠١٩/٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای صن تراست هولدنغ ش م ل سەرەرای کارەکەی)

ئاماژە بە داوای بەرایی ژمارە ٤٩٣/ب٢٠١٩/٥ کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لەلایەن داواکار (نایف عبدالکریم محمد شریف) ئەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٧ بەپاشملە بڕیاری دا بەپابەندکردنت بە دانی بڕی پارە ٣٦٤٠٠ سی و شەش هەزار و چوار سەد دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە ٤٣٦٨٠٠٠ دیناری عراقی وە دانی بڕی ٢٠٠٠٠٠٠ دوو ملیون دینار وەکو ماندووبوونی پارێزەرایەتی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنتان لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی وە ئێوە مافی نارەزایی (اعتراض) و تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوە تان هەیە لە بڕیاری پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسایی دا ڕۆژدا ئەگەر نا بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

***

دادگای بەرایی هەولێر/٥

ژمارە: ٤٩٤/ب٢٠١٩/٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای صن تراست هولدنغ ش م ل سەرەرای کارەکەی)

ئاماژە بە داوای بەرایی ژمارە ٤٩٤/ب٢٠١٩/٥ کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لەلایەن داواکار (نایف عبدالکریم محمد شریف) ئەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٧ بەپاشملە بڕیاری دا بەپابەندکردنت بە دانی بڕی پارە ١٤٠٠٠٠ سەدو چل هەزار دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە ١٦٨٠٠٠٠٠٠ دیناری عراقی وە دانی بڕی ٢٠٠٠٠٠٠ دوو ملیون دینار وەکو ماندووبوونی پارێزەرایەتی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنتان لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی وە ئێوە مافی نارەزایی (اعتراض) و تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوە تان هەیە لە بڕیاری پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسایی دا ڕۆژدا ئەگەر نا بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە:٤٠٠٣/ش٢٠١٨/٤
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/١٥

جاردان

بۆ داوالێکراو (محمود عبدالقادر عبدالکریم) شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (٤٠٠٣/ش٢٠١٨/٤) وە لەبەرواری ٢٠١٩/٩/٢٦ بڕیاریدا لەسەر (تفریق) لە نێوان تۆ و داواکار (اریان عمر عبدالکریم) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی هاوکاری بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی مافی پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/ صباح حسن رشید

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٣

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ابراهیم نجاة سلیم ٥٠٪ و سفین عبدالله شێخە ٥٠٪) لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/١٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:
١- شاحنەی پاتری ژمارە/ ٦٧٠٧٢٤ دروستکراوی یابانی مۆدێل ٢٠٠٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.M١.
٢- ئامێری بەرهەمهێنانی کارەبا ژمارە/ ٨١٣١٨ دروستکراوی یابانی مۆدێل ٢٠٠٠ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای K.V.A٦٥.
٣- کۆمپرێسەری هەواء ژمارە/ ١٣٠٠٨١ دروستکراوی بلغاری مۆدێل ٢٠٠٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣.
٤- خەباتەی تێکەڵکردنی مواد ژمارە/ ٦١٠ دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠٠٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤٠.
٥- کاپیسەی بلۆك ژمارە/ ٨٨٧٧ دروستکراوی المانی مۆدێل ٢٠٠٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٥.
٦- رافعەی بارکردن و داگرتن ژمارە/ ٢٢٥٨٦٤ دروستکراوی یابانی مۆدێل ٢٠٠٠ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای ٣ طن.

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە:٥١/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٤

جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٨٤٨١٨/هەولێر) جۆری (کیا سیراتو صالون) مۆدیل (٢٠١١) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (اسماعیل حسین کریم) لە ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٣٠) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت,ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٧,٢٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار).

دادوەری یەکەم / دیار محمد علی

***

زانکۆی هەولێری پزیشکی
کۆلێژی دەرمانسازی
سەرۆچاوە مرۆییەکان

ژمارە: ١٩٤٦/٥٤/٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٠

بۆ خاتوو (بنار پۆلا عبدالقادر)
فەرمانبەر بەناونیشان (بایۆلۆجی)
لەسەر میلاکی کۆلێژەکەمان

ئاگادارکردنەوە (اخطار)

دوای کۆتایی هاتنی مۆڵەتی بێ مووچەت لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/١ و دەست بەکارنەبوونەوەت لە کۆلێژەکەمان لەبەرواری (٢٠١٩/١٠/١) بەپێی فەرمانی کارگێری کۆلێژەکەمان ژمارە (١٨٦٩/٥٤/٧ لە ٢٠١٩/١٠/٦) تایبەت بەدەست بەکارنەبوونەوەت لە کۆلێژەکەمان بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کەوا دەست بەکاربیت لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت لەبەرواری دەرچوونی ئەم نووسراوە بەپێچەوانەوە کۆتایی بەڕاژەکەت دەهێنین بەپێی برگەی (٣) لەماددەی (٣٧)ی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو بەدەست بەردار دادەنرێیت.

پ.ی.د. علاءالدین محمد نقشبندی / ڕاگر

***

زانکۆی هەولێری پزیشکی
کۆلێژی دەرمانسازی
سەرۆچاوە مرۆییەکان

ژمارە: ١٩٤٩/٥٤/٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٠

بۆ خاتوو (سارە پۆلا عبدالقادر) فەرمانبەر بەناونیشان (دەرمانسازی مەشقکار) لەسەر میلاکی کۆلێژەکەمان

ئاگادارکردنەوە (اخطار)

دوای کۆتایی هاتنی مۆڵەتی بێ مووچەت لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/١ و دەست بەکارنەبوونەوەت لە کۆلێژەکەمان لەبەرواری (٢٠١٩/١٠/١) بەپێی فەرمانی کارگێری کۆلێژەکەمان ژمارە (١٨٦٩/٥٤/٧ لە ٢٠١٩/١٠/٦) تایبەت بەدەست بەکارنەبوونەوەت لە کۆلێژەکەمان بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کەوا دەست بەکاربیت لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت لەبەرواری دەرچوونی ئەم نووسراوە بەپێچەوانەوە کۆتایی بەڕاژەکەت دەهێنین بەپێی برگەی (٣) لەماددەی (٣٧)ی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو بەدەست بەردار دادەنرێیت.

پ.ی.د. علاءالدین محمد نقشبندی / ڕاگر

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ١١٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٥

ئاگاداری

لەسەر داوای پارێزەر (ژاکار وریا حوێز) بریکاری هاووڵاتی (دلێر عبدالعزیز خورشید) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە راستکردنەوەی ناو:-

لە (عزیز (الشهیر رش اغا) بن حاجی خورشید بك بن مصطفی بك) بۆ (عبدالعزیز خورشید مصطفی) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (١٤٧) کەرتی ١٩/قلاسنج علیا, کە لەساڵانی تەسویە بەهەڵە تۆمار کراوە, پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٣١) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.

کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە/٢٤٣/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٩

جاردان

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: محمد منیر عبدالله

ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٢٠١٩/ك/٢٤٣ لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١ لەسەرت بەندکردن بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخوی پێت ڕابگەینرێت بەپێی ماددە ٤٥٧ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبروەدە گرێت.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٣٦١/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (فرست عولا احمد)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٩ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٤ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.

دادوەر / تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٣٥٧/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (سوجان سمین علی اکبر)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٤ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.

دادوەر / تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٣٥٩/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (سوجان سمین علی اکبر)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شۆێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٣٢ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٤ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٣٦٠/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (کوفان شوان محمد)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شۆێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٤ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٣٦٢/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (تیکوشەر ابراهیم مصطفی)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شۆێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٣ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٣٦٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (سوجان سمین علی اکبر)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شۆێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٣ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٦٨/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (حنیفە صبحی حسین)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شۆێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٢٩٢ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١٩٥/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (منال احمد محمد صالح)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شۆێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٢٩٢ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە: ٨١٨/ك/٣/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: یوسف گیلانی عزیز
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێتی نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٩ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٢) لە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی، بەپێچەوانەوە خۆتان بەرپرسیارن بەپێی یاسا.
داوەری یەکەم/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٥٩٨/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: ڤەکاس کولاك
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێتی نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٦ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
داوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٦١٦/ك/٣/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ لقمان الحکیم محمود
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٦١٦/ك/٣/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٩/٢٤ لەسەرت بەزیندانی کردنیان (الحبس) بۆماوەی (٤/چوار مانگ) بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای (سزا) بەشێوەیەکی پاشمەلە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریار درا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی(٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٤٤٥/ك/٣/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ محمود سفین حیدر
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٤٤٥/ك/٣/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٩/٢٤ لەسەرت بەزیندانی کردنیان (الحبس) بۆماوەی (٢/دوو ساڵ) وە پێ بژاردنت بەبری (٤٥٠٠٠٠) چوار سەدو پەنجا هەزار دینار بەپێی ماددەی (٤٥٩) لەیاسای (سزا) بەشێوەیەکی پاشمەلە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریار درا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی(٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٨٥/ك/١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ڕێباز قادر رشید
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٨٥/ك/١/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٧ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٩/نۆ مانگ) بەپێی ماددەی (٤٥٣ لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشمەلە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریار درا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی(٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١١/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ڕێباز سایل حمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١١/ت/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٠ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٦/شەش مانگ) بەپێی ماددەی (٧ ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١) بەشێوەیەکی پاشمەلە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریار درا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی(٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٧٤٣٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٣
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (WEST LAND TRAVEL) بۆ (فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٧٥٥١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٠
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (پێشداد) بۆ (بازرگانی گشتی و هاورده و هەناردە و دابینکردنی کەل و پەلی خۆراك/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٧٥٥٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٥
بڕیاری داخستنی لقی کۆمپانیای (بیانی)
دوای تەواوکردنی ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (BABILON TURIZM INSAAT SANAYI VE DIS TICARET LIMITED SIRKETI)ی تورکی (شرکه بابل للسیاحه و المقاولات الانشائیه و الصناعیه و التجاره الخارجیه/ المحدوده) وە پاڵپشت بە ماددەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) ساڵی ١٩٨٩. من وەك تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە: داخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراو و سرینەوەی ناوی لە تۆماری تۆمارکاری کۆمپانیاکان.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (THE AMERICAN DONAT) بۆ بەرهەم هێنانی گشت جۆرە شیرنەمەنی و هەویرمەنی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Fast Sky) بۆ فرۆشتنی بلیتی فرۆکە/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (AZAD.GHARDI) بۆ بازرگانی گشتی/تاك) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەکرێدانی ریستورانت

زانکۆی کوردستان هەولێر بە نیازە ریستورانت و کافتریای ناو زانکۆ بەجیا بەکرێ بدات بۆ ساڵی خویندنی ٢٠١٩ – ٢٠٢٠. هەر کەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەم تەندەرە پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات.
١- ئەزموونی کاری لەم بوارە دا
٢- لیستی خواردن و نرخەکانیان دیاری بکات
٣- کۆپیەك لە مۆڵەتی تەندروستی هەبێت
٤- هەموو بەڵگەکان بە پەسەند کراوی پێشکەش بکرێت
٥- پێویستە تەندەر و بەلگەنامەکان پێشکەش بە زانکۆ بکرێت
٦- دواین کات بۆ پێشکەشکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢١
بۆ زانیاری زیاتر و بینینی ریستورانت و کەلوپەلەکانی پێوستە بەلێندەر سەردانی زانکۆی کوردستان هەولێر بکات یان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك تکایە پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفونی ٠٧٥٠٤٨٣٦٤٦٠

سوپای سووریا دەگەڕێتەوە سەر سنوورەکانی سووریا و سوپای ئەمەریکاش دەکشێتەوە





ئا: عەبدولقادر کەلهۆڕ

سوپای ئەمەریکا رایگەیاند ، نزیکەی هەزار سەربازی خۆی لە باکووری سووریا کشاندۆتەوە، هێزە کوردییەکانیش لەگەڵ رژێمی سووریا رێککەوتوون ،سوپای سووریا دەگەڕێتەوە سەر شریتی سنوری لەگەڵ تورکیا ، بەمەش پرۆژەی فراوانکردنی قەوارەی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا شکست دێنێت و بۆ بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا بە سەرکەوتن ئەژمار دەکرێت.

پێشهاتەکان دەریدەخەن کە دەستەبالآیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە جەنگی سووریا بەرەو بچوکبوونەوە دەچێت و سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ڕێگرتن لە گەڕانەوەی دەسەلات بۆ بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا شکستی هێنا ، کە ماوەی هەشت ساڵە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەجەنگن بۆ لەسەرکارلادانی رژێمی بەشار ئەسەد.هاوکات پێشهات و ڕووداوەکانی دەریدەخەن کە ڕووسیای فیدراڵ و کۆماری ئیسلامی ئێران سەرکەوتووی یەکەمن لە پرسەکە و لەوەتەی ساڵی 2011وە پشتگیری لە رژێمی حوکمی بەشار ئەسەد دەکەن، کە لە سەرەتاوە بە خۆپیشاندانێکی ئاشتیانە دەستیپێکرد و دواتریش جەنگی نێوخۆیی لێکەوتەوە.

هەرچەندە سوپای ئەمەریکا لەسەر هێڵی جەنگ دەکشێتەوە بەڵام ڕەنگە گەڕانەوەی سوپای سووریا بۆ سەر سنور دەرگەی هەڵگیرسانی جەنگی توند لە نێوان سوپای سووریا و سوپای تورکیا بکرێتەوە. هاوکات هێرشی سوپای تورکیا بۆ نێوخاکی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان بووە هۆی ئەوەی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی عێراق و شام بە خۆیان و خانەوادەکانیانەوە رابکەن ، کە لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکراسییەوە دەسگیرکرابوون .ئەوەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێتەهۆی سەرهەڵدانەوە و گەشەکردنەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی ناوبراو.

ئەو ڕووداو و پێشهاتانە نزیکەی هەفتەیەک دەبێت هاتوونەتە ئاراوە کاتێک دۆنالد تەرەمپ سەرۆکی ئەمەریکا رایگەیاند، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەشێک لە هێزە تایبەتییەکانی لە دوو ناوچە لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکێشێتەوە، ئەوەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی سوپای تورکیا هێرش بکاتە سەر ڕۆژئاوای کوردستان و ماوەی زیاتر لە هەفتەیەکە چەند ناوچەیەکی ڕۆژئاوای کوردستان بە تانک و زرپێوش و فڕۆکە بۆمباران دەکات و بە پاڵپشتی هێزە تیرۆریستییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا هێرش دەکاتە سەر شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان .

لەو هێرشەدا کۆماری تورکیا هەموو نیازی ئەوەبوو یەکینەکانی پاراستنی گەل کە بەشێکی کاریگەربوو لە هێزەکانی سووریای دیموکراتی جودا بکاتەوە بە تایبەتیش دوای ئەوەی ڕۆژێکی گرنگیان بینی لە تێکشکاندنی دەوڵەتی خیلافەکەی داعش ، کە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام لەنێوخاکی سووریا دیمەزراندبوو.

تۆپەراسیۆنێکی فراوانتر

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا یەکشەممە گوتی، ئەو ئۆپەراسیۆنە لە کۆبانێوە بەرەو ڕۆژئاوا بۆ حەسەکەو لە وێوە بۆ ڕۆژهەڵات بە قووڵایی 30 کیلۆمەتر لە نێوخاکی سووریا درێژ دەبێتەوەو ئێستا سرێ کانی کەوتووەتە دەست سوپای تورکیا .

هەر لەو چوارچێوەدا وەزیری بەرگری ئەمەریکا مارک ئەسپەر گوتی ، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڕیاریدا نزیکەی هەزار سەرباز لە هێزەکانی خۆی لە ڕۆژئاوای کوردستان بکێشێتەوە، دواتریش لەگەڵ فراوانبوونی هێرشەکانی تورکیا زۆربەی هێزەکانی خۆی لەناوچەکە دەکێشێتەوە. هاوکات ئەوەش ڕوون نەکراوەتەوە کە هێزەکانی سوپای ئەمەریکا کە خۆی لە چەند سەد سەربازێک دەدات لە باشوری ڕۆژئاوای سووریا لەسەر سنوری عێراق و ئوردن چارەنووسیان چی دەبێت.

ئەسپەر گوتیش یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو بڕیارەی ئەمەریکا بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە، هێزەکانی سووریای دیموکراتی کە هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، بە نیازە ڕێکەوتنێک لەگەڵ ڕووسیاو ڕژێمی سووریا ئەنجامبدات بۆ ئەوەی بەرپەرچی سوپای تورکیا بداتەوە. هەر بە فیعلیش ئیدارەی هێزەکانی سووریای دیموکراسی ڕایگەیاند کە لەگەڵ ڕژێمی سووریا و هێ.دکانی ڕووسیا ڕێکەوتووە بۆ ئەوەی هێزەکانی سووریا و سوپای ڕووسیا بەدرێژایی سنور لەگەڵ تورکیا بلاو ببنەوە بۆ ئەوەی ڕێگە لە هێرشەکانی تورکیابگرن. گوتیش بلاوبوونەوەی ئەو هێزانە دەبێتە پاڵپشتییەک بۆ ئەوەی هێزەکانی سووریا دیموکراتی بتوانن بەرپەرچی هێرشی سوپای تورکیا بدەنەوەو ئەو شوێنانە ئازاد بکەنەوە کە سوپای تورکیا میلیشیا تووندڕۆکانی بەکرێگیرراوی سوپای تورکیا دەستیان بەسەرداگرتووە، وەکو شاری عەفرین.

ئەو هێرشەی تورکیا نیگەرانییەکی نێو دەوڵەتی هێنایە ئاراوەبە هۆی ئەوەی هێزەکانی سووریای دیموکراسی ناتوانێت بەهەزاران بەندکراوی ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی عێراق و شام بەو شێوەیە لە کەمپ و خێوەتگەدا بهێڵێتەوە.

ئیدارەی هەسەدە گوتیشی 785چەکداری بیانی سەربە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام لەکەمپی عێن عیسا ڕایان کردووە. لە بەرانبەردا ئەرۆدغان سەرۆک کۆماری تورکیا گوتی هەواڵی ڕاکردنی ئەو دەسگیرکراوانەی داعش تەنیا بۆ وروژاندنی سەرجی وڵاتانی ڕۆژ ئاوا بووە.

هەر بەهۆی کشانەی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە ئیدارەی تەرەمپ دووچاری ڕەخنەیەکی زۆر بوویەوە، بە تایبەتی لەو ڕووەوە کە هێزەکانی سووریای دیموکراتی بە تەنیا لە بەرانبەر هێرشی دڕندانەی سوپای تورکیا جێهێشت .لە بەرانبەریشدا تەرەمپ داوای لە تورکیا و هێزەکانی سووریای دیموکراتی کرد کە ڕێگەنەدەن ئەو ئەندامانەی داعش رابکەن ، کە دەبوایە ئەوروپا بیانگەڕێنێتەوە.یا ڕێگەیان پێبدرێت ببرێنە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا .

سەرچاوە : ڕۆیتەرز

پێناسەی وڵاتان



تایلاند

ناوی فەرمی : شانشینی تایلاند.
کیشوەر : ئاسیا .
پێگەی جوگرافی : لە باکور و ڕۆژئاوا بۆرما و لە ڕۆژهەڵات کەمبۆدیا و لە باشوور ماليزيا هەن .
سیستم : پادشایەتی .
پایتەخت : بانکۆک .
ڕووبەر : 514.000کیلۆمەتر دووجا .
ژمارەی دانیشتوان : 60.037.366کەس .
ئاین : 94.4 % بوزی ، 4%موسوڵمان ، 1.1% هیندۆس ، 0.5%کرستیان .
دراو : پات .
زمان : تایلاندی ، چینی ، ئینگلیزی .
ڕێکەوتی ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتوەکان : 16-12-1946.

ئەمڕۆ لە مێژوودا

ساڵی 1945:
ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ (فاو)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا .



ساڵی 1946:
دوای تۆمەتبارکردنیان لە دادگای نۆرنبێرگ ، 10لە سەرکردەکانی جەنگی دووەمی جیهان لەسێدارە دران .



ساڵی 1948:
16دەوڵەتی ئەوروپی پشتگیری خۆیان بۆ پرۆژەی مارشاڵی ئەمەریکی دەربڕی .



ساڵی 1967:
بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە شەڕی ڤێتنام ، خۆپیشاندان لە 30شاری ئەمەریکا ئەنجام درا.



ساڵی 1991:
محەمەد نەجیبوڵای سەرۆکی ئەفغانستان دەستی لەکار کێشایەوە .



ساڵی 2017:
لە قرغیزیا بۆ یەکەم جار هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەنجام درا و سۆرۆنبای جینیکۆڤ سەرکەوتنی وەدەست هێنا.

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/10/16 ژمارە (5850)

ڤلادیمێر پوتن ..

ئێستا گوێ لە رووسیای گەورە بگرن

ئا: هەندرێن شێرزاد

دوای ئەو هێرشەی کرایە سەر کۆمپانیای ئارامکۆی سعودی ، ڤلادیمێر پوتنی سەرۆکی رووسیا داوای لە سعودیە کرد چەکی رووسی بکڕێ . ئەمە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مشتومڕێکی تازەی خولقاند ، بە تایبەتیش دەربارەی سیاسەتی نێودەوڵەتی رووسیا و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کاروباری نێودەوڵەتی. ئەم هەنگاوەی مۆسکۆ ئەگەرچی دەبێتە مایەی زیاتر گۆشەگیرکردنی ئێران ، بەڵام بە گوێرەی لێکدانەوەی شارەزایان مۆسکۆ دەخوازێ خۆی بخزێنێتە نێو کێشەکە و چەند دەسکەوتێک وەدی بێنێ کە ببنە مایەی پتەوکردنی هەژموونی لە ناوچەکە ، واتە دەخوازێ ئەوەی لە سووریا کردی لە شوێنی دیکەی ناسەقامگیر دووبارەی بکاتەوە .



چەند تاقیکردنەوەیەکی چارەنووسساز

ساڵی 2014 رووسیا نیمچەدوورگەی کرێمیای خستەوە نێو سنوورەکانی خۆی ، دواتر ساڵی 2015 لە رووی سەربازیەوە خۆی خزاندە نێو سووریا ، ئەم دوو هەنگاوە ئاماژە بوون بۆ ئەوەی مۆسکۆ جارێکی دیکە دەخوازێ بە تۆندی بگەڕێتەوە بۆ نێو گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی ، هاوکات پەیامێکیش بوو بۆ ئەوەی کە پوتن لە دووبارە کێشانەوەی وێنەی رووسیای گەورە بۆتەوە. کەواتە لەو ڕێکەوتەوە رووسیا چۆتە نێو تاقیکردنەوەیەک کە ئێستا پێدەچێ سەرکەوتوانە تێپەڕی کردبێ . بە تایبەتی دوای دەرچوون لە تەنگژەی کرێمیا و ژەهراویکردنی سکریبالی سیخوڕی رووسی لە بەریتانیا و پێشتریش دەستوەردان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا و کێشەی نێوان مۆسکۆ و ڕێکخراوی ناتۆ .

ئێستا گوێمان لێ بگرن

لەمیانی ئەو پێشانگایەی کە لە مارسی 2018بۆ چەکی رووسی کرایەوە ، ڤلادیمێر پوتن رووسی کردە ناحەزانی و وتی : لە رابردوودا کەس نەیدەویست قسەمان لەگەڵ بکات ، کەس نەیدەویست گوێمان بۆ بگرێ ، ئێستا گوێمان بۆ بگرن . لە راستیدا ئەمڕۆ ئەمە روو دەدات ، بە گوێرەی نەخشەی هێزەکانی ناوچەکە ، پێدەچێ مۆسکۆ تاکە لایەن بێ کە لە سەرجەم کێشەکانی ناوچەکەدا نیوەی دارەکەی بەدەستەوە بێ. ئەمڕۆ رووسیا کە لە سااڵنی رابردوو بە هێمنی و متمانەی زیاتر هەڵسوکەوت دەکات ،لەلایەک لەگەڵ وڵاتانی کەنداو پەیوەندیەکی باشی هەیە ، لەوالش هاوپەیمانی ئێران و تورکیایە. لەگەڵ ژمارەیەک وڵاتی ئەوروپاش پەیوەندیی ناخۆش نیە .

رووسیا سوودی لە چی وەرگرتووە ؟

بە گوێرەی لێکدانەوەی شارەزایان ، سەرەڕای لاوازی باری ناوخۆیی و وێڕای ئەو سزایانەی بەسەر رووسیادا سەپێنراون ، بەڵام توانیویەتی سوود لە لاوازیی سیستمی جیهانی وەربگرێ. ئەو شارەزایانە پێشیان وایە ئەمە بۆ ماوەی بەر لە گەیشتنی دۆنالد ترامپ بۆ کۆشکی سپی دەگەڕێتەوە ، ئەو کاتەی ئەمەریکا بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی چین ڕووی کردە ئاسیا . ئەوەبوو باراک ئۆباما سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا زیاتر جەختی لەسەر دوو خاڵ دەکردەوە ئەوانیش بریتی بوون لە ڕێگرتن لە پێشکەوتنی چین و مۆرکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران . ئەم ستراتیژیەتە چەند درزێکی لە سیاسەتەکانی واشنتۆن لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست پەیدا کرد ، لە بەرامبەردا رووسیا توانی خۆی بخزێنێتە نێو ئەم درزانە و سوودیان لێ وەربگرێ .

رووسیا لە کەنداو

ئەمڕۆ لە کەنداو رووسیا وەک دۆستی هەموولایەک دێتە بەر چاو ، لەو بارەوە شارەزایەک دەڵێ : پوتن زۆر زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکانی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستدا دەکات ، ئەمەش بێگومان لەسەر حیسابی ئەمەریکایە . بۆ نموونە ، لە یەک کاتدا مۆسکۆ دۆستی ئێران و سعودیەیە و هیچ کاتێکیش دەرینناخات کە پەیوەندی لەگەڵ یەکێکیان لەسەر حیسابی ئەوەی ترە .بەمەش ڕووسیا تاکە وڵاتە کە لە توانایدا هەیە کۆنترۆڵی جموجۆڵی ئێران بکات .هاوکات توانیویەتی پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ ڤەنزویال و کۆریای باکور و تەنانەت ئەفغانستانیش بونیاد بنێ .

سیاسەتێکی پراگماتیکیانە

دوای ئەوەی ڕووسیا شۆڕ پێی خۆی لە سووریا قایم کرد ، مۆسکۆ دەستی کرد بە پیادەکردنی سیاسەتێکی پرگماتیکیانە ، ئەوەبوو دوای هێرشەکانی سەر کۆمپانیای ئارامکۆ ، پێشنیازی کڕینی چەکی ڕووسی ئاراستەی سعودیە کرد ، ئەوە بوو لە میانی کۆنگرەیەکدا کە لە ئەنقەرە ساز کرا ، پوتن وتی: ئامادەین بە هەموو شێوەیەک پشتگیری سعودیە بکەین .هەروەها وتیشی : دوور نیە سیستمی موشەکی ئێس 300و ئێس 400بە سعودیە بفرۆشین ، چونکە دەکرێ لە پاراستنی ژێرخانی خۆی پشتی پێ ببەستێ . بە گوێرەی بۆچوونی شارەزایانیش ، ئێستا پوتن گەیشتۆتە قۆناغی قۆزتنەوەی دەرفەتەکان لە ڕێگەی خۆ خزاندنە نێو کێشەکانی ناوچەکە ، بەجۆرێک لە ماوەی داهاتوودا بارودۆخەکان بۆ بەرژەوەندی خۆی بشکێنەوە و بەمەش دریژە بە مانەوەی خۆی بدات لە ناوچەکە .

سنوورەکانی رووسیا تەواو نابن

لە راستیدا بۆچوونەکانی ئێستای مۆسکۆ پشت بە چەمکی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی رووسیا دەبەستن ، ئەو سیاسەتەی پوتن لە ساڵی 2016بە ئاشکرا ئاماژەی پێکرد و مەبەست لە دوایەوە گەیاندنی رووسیایە بۆ قۆناغێک کە تیایدا ببێتە سەنتەرێکی خاوەن دەسەاڵت لە جیهانی ئەمڕۆدا . لەو بارەوە پوتن وتی : سنوورەکانی رووسیا هەرگیز تەواو نابن . لەبەرامبەر گرتنەبەری ئەم سیاسەتەشدا تۆیژەرێکی ئەمەریکی دەڵێ : هەوڵەکانی رووسیا بۆ سوود وەرگرتن لە تەنگژەکان ئەوەندەی خۆپەرستیە ئەوەندە ستراتیژیەت نیە .

هەمان ئەو تۆیژەرە دەڵێ : سەرکردەکان لە ڕیاز و ئەبوزەبی و مەنامە و مەسقەت لە رووداوەکان دەگەن ، بۆیە لە ترسی ئەگەری کشانەوەی ئەمەریکا لە ناوچەکە ژمارەیەک ڕێبوشوێنیان گرتۆتە بەر و ژمارەیەک پژاردەیان خشتۆتە بەردەمی چین و رووسیا. بۆیە چاوەڕوان دەکرێ رووسیا چۆن پێشتر بە چەند هەنگاوێک خۆی خزاندە نێو سووریا ، بە هەمان شێوەش بارودۆخی نێوان ئێران و وڵاتانی کەنداو بقۆزێتەوە و خۆی بکات بە بەشێک لە کێشەکە .

لەگەڵ ئەوروپا

سیاسەتی دەرەوەی تازەی رووسیا هێزە ئەوروپیەکانی ناچار کرد چاوێک بە پەیوەندیە سارەدکانیاندا بخشێننەوە لەگەڵ مۆسکۆ . ئەمەش لە کاتێکدایە کە هەریەکە لە فەرەنسا و ئەڵمانیا دەخوازن لە پرۆسەی بونیادنانەوەی سووریادا ڕۆڵیان هەبێ ، دەشزانن کە مەسەلەکە کەوتۆتە دەستی رووسیا . یەکەم سیمای وەرچەرخانی ئەوروپا ڕووەو رووسیا لە وتەکانی سەرۆکی فەرەنسادا دەرکەوت کاتێک ماکرۆن رایگەیاند دوورخستنەوەی رووسیا لە ئەوروپا هەڵەیەکی گەورەیە ، بۆیە پێویستە یەکێتی ئەوروپا چاو بەو پەیوەندیانەدا بخشێنێتەوە .

مانشێت



سکای نیوز:
دانیمارک بە نیازە ڕەگەزنامە لەوانە وەربگرێتەوە کە خاوەنی دووە ڕەگەزنامەن و چوونەتە ریزی گرووپە توندڕەوەکان .



رۆژنامەی ئەڵشەرقولئەوسەت :
سەرۆکی ئەمەریکا بەنیازە داوای یاسایی لەسەر گەورە سەرکردەکانی پارتی دیموکرات تۆمار بکات کە هەوڵیان داوە لە کار دووری بخەنەوە .



ئیلاف :
حکومەتی ئیتالیا ڕێگەی بە کەشتیەک دا کە 176 پەنابەر لەسەر خاکی وڵاتەکەی بێنێتە خوار .



ئەی ئێف پی :
ژمارەی قوربانیانی باهۆزی هاگیبیس لە ژاپۆن گەیشتە 70 کەس .



فرانس :24
پۆلیسی نایجیریا 300قوتابی لە قوتابخانەیەک ڕزگار کرد کە ڕووبەڕووی تووندوتیژیی بووبوونەوە .



کەنالی ئار تی:
وەزیری دادی کۆریای باشوور بەهۆی تۆمەتبارکردنی بە گەندەڵی ، دەستی لەکار کێشایەوە .

کاریکاتێر



هەرێمی کوردستان 8 هەزار شوێنەواری هەیە بەڵام یاسایەک نییە بۆ بە گەشتیاری کردنیان



نادر روستی

شوێنەوار یەکێکە لە بنەما هەرە گرنگەکانی گەشتیاری لە گشت جیهان، هەندێک وەڵات لە ڕێگەی شوێنەوارەکانیان یان لە ڕێگەی مۆزەخانەکانیان سالانە هەزاران و بگرە ملیۆنان گەشتیار بۆ وڵاتەکەیان ڕادەکێشن، لە ڕێگەی بە گەشتیاری کردنی شوێنەوارەکانیش لە لایەن حکومەتەوە بێت یان لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە بێت وەبەرهێنانیان لە بەشێکی شوێنەوارە گرنگەکان کراوە و خزمەتگوزاری گەشتیاریان بۆ دابین کراوە و کراون بە پرۆژە و داهاتێکی زۆریان بۆ وەڵات هەیە.

شوێنەوار دوای دۆزینەوەی بە قۆناغی کنەوپشکنین و ساغکردنەوە و تۆمارکردن ڕەتدەبێت، ئەگەر شیاو و لەباریش بێت دەکرێ لە ژێر سەرپەرشتی شارەزایان نۆژەن بکرێتەوە، دوای نۆژەن کردنەوەش پێویستی بە ناساندن و بە گەشتیاری کردن هەیە بۆ ئەوەی زۆرترین گەشتیار سەردانی بکەن و بێت بە سەرچاوەیەکی داهات بۆ وڵات.

کەباسی شوێنەواری هەرێم دەکرێ بەردەوام گوتراوە زیاتر لە 3هەزار و 500شوێنەوار هەیە، ئەم ژمارە تا ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ئەگەر ڕاستبێت بەڵام دواتر لەهەرێمی کوردستان بەردەوام شوێنی نوێ دۆزراونەتەوە و لە بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری هەرێمی کوردستان تۆمار کراون، بۆیە بەپێی زانیاریەکانی بەرێوەبەری گشتی شوێنەواری هەرێم لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 8هەزار شوێنەوار هەیە. هەبوونی ئەم ژمارەیە ئاماژەیەکی دڵخۆشکەری شارستانیەتی هەرێمی کوردستانە، بە تایبەت کاتێک دەگوترێ ئەشکەوتی شانەدەر یەکێکە لە کۆنترین ئەشکەوتی شوێنەواری جیهان کە تەمەنی لە نێوان 60بۆ 100هەزار ساڵی پێش زاین دەگەڕێتەوە، هەروەها دەگوترێ گوندی چەرموّ کە مێژووەکەی 7هەزارساڵ پێش زاینە کۆنترین گوندە کە کشتوکاڵی لێکراوە، بەڵام دوای دۆزینەوەی گوندی پشت بە یاسای 59ساڵی 1936ئێراق دەبەسترێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە سەدان گۆڕانکاری بەسەر ژیان و چەمکەکانی شوێنەوار لە جیهاندا هاتووە، سەرەڕای ئەوەی لە عێراقیش چەند جارێک گۆڕانکاری بەسەر یاسای شوێنەوار لە ساڵانی 2001و 2002و 2010و 2012هاتووە، جگە لەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی جۆر و شێوازی شوێنەوار جیاوازترە لە بەشەکانی تری عیراق بۆڤوونە لە هەبوونی ئەشکەوت و هەڵکۆڵدراو.

ئەوەی خرایە ڕوو تەنیا بۆ زانیار بوو بەڵام کێشەی گەشتوگوزار لەوەدایە کە لە هەرێمی کوردستان ڕێنمایەک یان یاسایەک نییە کە ڕێگە بدات شوێنەوارەکان وەبەرهێنانیان تێبکرێ و بکرێن بە شوێنی گەشتیاران و داهاتیان بۆ گەشتوگوزار یان بۆ حکومەتی هەرێم هەبێت، یان ڕێنمایەک هەبێت کە مۆزەخانەکان ڕێگە پێبدات کە لە دوای دەوامی فەرمی و لە ڕۆژانی پشوو بکرێنەوە و بە بلیت ڕێگە بە هاوڵاتیان و گەشتیاران بدرێ سەردانیان بکەن. کێشە لەوە دایە نە یاسایەک بۆ گەشتوگوزار هەیە و نە یاسایەک بۆ شوێنەوار و نەیاسایەک بۆ مامەلەکرد لەگەڵ بابەتە کولتووری و مۆزەخانە کولتوورییەکان هەیە، لەم بوارەدا پاشاگەردانیەک دەبینرێ و مەترسیەکی گەورە لەسەر شوێنەوار و بابەتە کولتوورییەکان هەیە، بۆیە کەمترین شوێنی شوێنەوار بە گەشتیاری کراون، ئەوانەی کەکراون لە پەنجەی یەک دەست تێناپەڕن بەڵام ئەوانیش داهاتێکی ڕوون و دیاریکراویان نییە، ئەم کێشەیە پێویستی بە چارەسەر هەیە بەبێ چارەسەرکردنیشی ناتوانین کەرتی گەشتیاری وەک پێویست پەرە پێبدەین بە تایبەت ئەگەر مەبەستمان بێت سوود لە شوێنەوارەکان وەربگرین و بیانکەین بە شوێنی گەشتیاری و بێن بە سەرچاوەیەکی داهات بۆ وڵاتەکەمان.

تێبینی: سوپاس بۆ بەرێوەبەری شوێنەواری گشتی و بەرێوەبەری شوێنەواری هەولێر کە هەندێک زانیاریان پێدام

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە کۆنفرانسێک لەگەڵ ئەمریکییەکان گرنگی گەشتوگوزاری لە ئێستا و ئایندەی کوردستان خستەروو



لە میانەی بەشداریکردنی ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پانێلێکی کۆنفرانسی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆ ئاشتی و بووژانەوە لە شاری هەولێر کە لەلایەن ئەنجوومەنی بزنسی ئەمەریکا – کوردستان و نۆێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا و کونسوڵگەریی ئەمەریکا و زانکۆی کوردستان پێی هەستابوون لە بابەتێکی گرنگ تیشکی خستە سەر ڕەوشی ئێستا و ئایندەی گەشی کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان. ڕاشی گەیاند: هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی سەرنجڕاکێشی گەشتیاریی کە بە جوانیی سروشت و ڕەسەنێتیی کولتوورەکەی دەناسرێتەوە، ناوچەیەکە بە سروشت و میژوو تێیدا تێکەڵاون. گوتیشی: ژمارەی کۆمپانیا گەشتیاریییەکان لە ساڵی 2007بریتی بوون لە 117کۆمپانیا و لە ساڵی 2018گەیشتووەتە 483کۆمپانیا.

هەروەها ڕاشی گەیاند: وەبەرهێنانی گەشتیاری لە چەند ساڵی ڕابردوو بڕیتیی بووە زیاتر لە 6، 696ملیار دۆلار و 14%ی کۆی ڕێژەی وەبەرهێنانی پێک هێناوە. هەروەها ئاماری بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشتیارانی هەرێمی کوردستانی خستەروو کە ڕێژەی گەشتیاران لە 2007دا 377هەزار بووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەرز بووەتەوە و لە ساڵی 2018دا گەیشتووەتە 3ملیۆن و 57هەزار گەشتیار.

جەختیشی کردەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کارنامەی خۆیدا، بایەخێکی زۆر بە کەرتی گەشتوگوزار و شوێنەوارەکان دەدات لە پێناو بوژانەوەی کوردستان.

پلانی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچووانی گەشتوگوزار لەگەڵ مامۆستا و قوتابیانی زانکۆ تاوتوێ کرا



بە مەبەستی ئاگاداربوون و دەوڵەمەند کردن و زیاتر ڕێکخستنی پلانی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچوانی گەشتوگوزار کە لە لایەن دەستەی گشتی گەشتوگوزار ڕێکخراوە و ئامادە دەکرێ بۆ کار لەسەر کردن، لە زانکۆی سەلاحەدین لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە بەشی دەزگاکانی کارگێڕی گەشتیاری بە ئامادەبوونی مامۆستایان و قوتابیان سمینارێک لە لایەن وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزار نادر ڕوستی پێشکەش کرا، هەمان سمینار بۆ قوتابیانی بەشی ڕێبەری گەشتیاری لە پەیمانگەی تەکنیکی بۆ مامۆستا و قوتابیان دووبارە پێشکەش کرا.

بابەتی سمینارەکە باسی لە کێشەکانی بەردەم دۆزینەوەی هەلی کار و چارەسەرێەکان و میکانیزمی کارکردن و جێبەجێ کردنی کرا، دواتر ناوەڕۆکی پلانی ستراتیژی دۆزینەوەی هەلی کار کە ئامادەکرابوو خرایەڕوو.

لە کۆتایدا ئاماژە بەوە کرا دوای پەسندکردنی پلانەکە لە وەزارەت دەچێتە بواری جێبەجێ کردن.

بە پێی بڕگەکانی پلان ڕێنمای دەردەچن بۆ شوێنەکانی گەشتیاری کە دەرچوان لەلای خۆیان بە پشت بەستن بە CVبەکاریان بخەن.

بە خزمەتگوزاری نوێ قەڵای هەولێر ئامادەکاری دەکات بۆ پێشوازی لە گەشتیاران



قەڵای هەولێر کۆنترین قەڵای جیهانە کە ژیانی تێدا بەردەوامە، یەکێکە لە شوێنە کولتووری و شوێنەوارە گرنگەکانی کوردستان و جیهان، یونسکۆ لە لیستی شوێنەوارە کولتووریەکانی جیهانی تۆمارکردوە و وەک شوێنێکی جیهانی ناساندویەتی، لە ساڵی 2005بەدواوە دەست بە بیرۆکەی نوژەنکردنەوەی کراوە، چەند ساڵێک کاری تێکراوە و ژمارەیەک خانوو ڕێکخرانەوە و دەرگای سەرەکی گۆڕدرا و خرایەوە سەر شێوازی کۆنی، لە کاتی نەمانی بودجە و شەڕی داعش کارەکان تاکو ئەم ساڵ ڕاوەستان، ئێستا دەست بە بەشێک لە کارەکان کراوەتەوە.

بە پێی زانیاریەکانی بەرێز نیهاد قۆجە سەرۆکی کۆمسیۆنی بالای بووژاندنەوەی قەڵای هەولێر، پرۆسەیەکی نۆژەنکردنەوە دریژخایەن و چەندان ساڵی دیکەی دەوێت و بودجەیەکی زۆری پێویستە لەگەڵ ئەمەش جارێکی تر دەست کراوەتەوە بە کارەکان و لە هەنگاوێکی نوێدا بە بڕێک بودجە کە لە لایەن کەرتی تایبەت بۆی دابین کراوە و کە زیاتر لە 2ملیۆن دۆلارە دەستیان کردووە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و دابینکردنی کارەبا و ڕێکخستنی هاتووچۆ و ڕێکخستن و دابین کردنی چەند پێداویستیەکی دیکە، هەروەها 800دۆلار لە لایەن کونسلخانەی ئەمریکی بۆ نۆژەنکردنەوەی گەرماو و کردنەوەی سەنتەرێکی ڕۆشنبیری تەرخانکراوە، هەروەها یەکێتی ئەوروپا لە ڕێگەی یونسکۆ زیاتر لە 6ملیۆن یۆرۆی تەرخان کردووە چاوەڕێن بە دەستیان بگات، لە گەڵ ئەم چالاکی و خزمەتگوزاریانە هەوڵدەدرێ بۆ ساڵی ئایندە ریستۆرانت و کافتریا و شوێنی پشوودانی لێبکرێتەوە و چالاکیەکان زیاتر بکەن و بە شێوازێکی نوێ پێشوازی لە گەشتیاران بکەن.

گەشتیاری سەرکێشی پایسکلسواری لە شاخەکانی کوردستان



سەرکێشی پایسکل سواری سەر شاخ و شوێنە سەختەکان ئاڕەزوومەندی تایبەت بەخۆی هەیە، لە ناوچە بەرزو شاخاویەکان ئەنجام دەدرێ، هەندێکجار وەک سەرکێشی و هەندێکجار وەک پالەوانیەتی و هەندێکجار وەک پێشبڕکێ دەکرێ، هەرچەند هەرێمی کوردستان شوێنی لەباری زۆرە بۆ ئەم جۆرە وەرزش و سەرکێشییە گەشتیارییە بەڵام لە کوردستان نەبۆتە جۆرێکی گەشتیاری.


ئەم جۆرە وەرزشە لە سەرەتایی دەرکەوتنی دایە وەک دەبینین لە شاخی گۆێژەی شاری سلێمانی و بەسەر پەرشتی یەکێتی پاسکیل سواری کوردستان پێشبڕکێکانی پالەوانێتی پاسکیل سواری شاخەوانی ئەنجامدرا کە پالەوانێتیەکە بە ناوی شەهیدی وەرزشی شاخ هەوڕاز ڕەزا نانوا بوو، چاوەڕوان دەکرێ ئەم جۆرەی گەشتوگوزار ئایندەیەکی گەشی هەبێت.

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/10/16 ژمارە (5850) خەبات
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

ریفراندۆمەکەی کەتالۆنیا لە یاری داهاتووی کلاسیکۆدا

رۆژنامەی مارکا: چاوەڕوان دەکرێت کلاسیکۆ ببێتە سەکۆی پشتیوانی لە ریفراندۆم

یانەی ریال مەدرید داوا دەکات رێوشوێنی توند لەناو کامپ نوو بگیرێتە بەر







خەبات: هاوار مورتکەیی

دوای ئەوەی دادگای بالای ئیسپانیا حوکمی بەندکردنی لەنێوان 8تا 13ساڵ بەسەر هەشت سەرکردەکەی کەتالۆنیا سەپاند بەتۆمەتی ئەوەی لەدواوەی ئەو راپرسییە جەماوەرییەی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کەتالۆنیاوە بوون، کە لە ئۆکتۆبەری ساڵی 2017بەڕێوەچوو، بۆیە سەرنجەکان خراوەتە سەر کلاسیکۆی تۆپی پێی ئیسپانی نێوان بەرشلۆنە و ریال مەدرید کە بڕیارە 26ی ئەم مانگە لەناو یاریگای کامپ نو بەڕێوەبچێت.

لەماوەی دوو ساڵی رابردوو ئەو یاریگایەی کامپ نو چەندین خۆپیشاندانی ناڕەزایی و پشتیوانی لەو سەرکردانەی ریفراندۆمی کەتالۆنیا بەخۆیەوەبینی، تەنانەت بەرشلۆنە بەیاننامەی ئیدانەکردنی ئەو حوکمە کرد کە بەسەر ئەو 8 سەرکردەیە سەپاندوویانە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی مارکای مەدریدی پێدەچێت ئەم کلاسیکۆیە جارێکی تر ببێتە سەکۆی دەنگە نارازییەکان و هەوادارانی پشتیوانی ریفراندۆمی کەتالۆنیا یاریبەکە وەک ئامانجێکی سیاسی بەکاری بهێنن، بەتایبەتیش لەکاتی بەڕێوەچوونی یاریبەکەی نێوان بەرشلۆنە و ریال مەدرید لە بەرشلۆنەی پایتەختی کەتالۆنیا، کە هەموو دونیا سەیری دەکەن.

بەڕێوەبەرانی یانەی ریال مەدرید کە ئەوەیان رەتکردۆتەوە بەهیچ شێوەیەک لێدوانی سیاسی بدەن، داوایان لە پۆلیس کردووە بە ڕێوشوێنی توند لەکاتی بەڕێوەچوونی یاریبەکە بگرنەبەر، و داوایان کردووە لەئامادەباشییەکی تەواودابن و زیاد لەپێویست ئاسایشی یاریبەکە بپارێزن و رێگەنەدرێت کە یاریبەکە بەسیاسی بکرێت.

رۆژنامەی مارکا زیاتر رووبی کردۆتەوە کە لەنێوان هەردوو ئیدارەی بەرشلۆنە و ڤیال مەدرید لێک تێگەیشتن و رێزێکی زۆر هەیە و بڕیە بەرپرسانی ریال مەدرید هیواخوازن کە یاریبەکە بەئاسایی و بەبێ کێشە بەڕێوەبچێت و ئەوەی لەناو پەیژەکانی یاریگا رووبەدات کاریگەری نەرینی بەسەر یاریبەکەوە لەناو یاریگا نەبێت.

جیی باسە یاریبەکە رۆژی شەمە کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ بەڕێوەدەچێت و بڕیارە شاندی ریال مەدرید شەوی هەینی بگەنە یەکێ لە هوتێلەکانی بەرشلۆنە، هەروەها لەسەر هاندەرانی ریال مەدریدیشە کە پێویستە بڕی 165یورۆ بدەن بۆ ئەوەی لە کورسییەکانی پلەچواری ناو کامپ نو کەبڕیان تەرخانکراوە دانیشن، شوێنی ئەوانیش بەتوندترین شێوە دەپارێزرێت.

دوای 13ساڵ یاریکردن

فەرهەنگ تەها وازی لە یاریکردن هێنا



ئا: ئەردەلان هەولێری

کاپتن و یاریزانی یانەی هەندرێن دوای سێزدە ساڵ یاریکردن بەبەردەوامی ، بەڕوای 14/10لەیاریگای یانەی وەرزشی هەندرێن لەبەردەم دەزگا ڕاگەیاندنەکان وازهێنانی خۆی لەیاری کردن بەیەکجاری ڕاگەیاند.

بەئامادەبوونی سەرۆک و ئەندامانی یانەی وەرزشی هەندرێن یاریزان و کاپتنی یانەکە فەرهەنگ تەها بەچاوی فرمێسکەوە لەبەردەم هەموو ئەندامان و یاریزانان و کۆمەڵێک دەزگای ڕاگەیاندن وازهێنانی خۆی لەیانەکە ڕاگەیاند، لەکاتی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا یاریزانی ناوبراو سوپاسی هەموو ئەو کەسانەی کرد کە پاڵپشت و هاوکاری بوونە لەنێو ژیانی وەرزشی خۆیدا، لەبەرامبەردا سەرۆکی یانەی هەندرێن حاکم جەمال بۆ بەرز ڕاگرتنی ئاست و توانای یاریزانی ناوبراو بۆ ڕاگەیاندنەکان گوتی: ئەگەر کاپتن فەرهەنگ تەها بیەوێت بێتەجێگای من، ئامادەم جێگای خۆم بۆ ئەو کاپتنە بەرێزە جێبهێڵم و دەستلەکارکێشانەوەی خۆم ڕابگەینم، بۆیە لێرەدا ڕایدەگەیەنم کاپتن فەرهەنگ لەمەودا لەیانەکە وەک سەرپەرشتیاری تیپی یانەی هەندرێن دەست بەکار دەبێت.

ئەمڕۆ کاراتێی خورماڵ بەشداری پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی هونەرەکانی هێز لە تاران دەکات

خەبات/عەلی بانیشاری

ئەمڕۆ 16ی تشرینی یەکەمی 2019 تیپی وەرزشی کاراتێی خورماڵ بە 25 یاریزان بەشداری پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی هونەرەکانی هێز لە تارانی پایتەخی ئێران دەکات.

لەمبارەیەوە سۆران زاهیر، ڕاهێنەر و سەرپەشتیاری کاراتێی خورماڵ بە(خەبات)ی گوت: دوێنێ یاریزانەکانمان گەیشتوونەتە تاران و ئەمڕۆ 16ی تشرینی دووەم پاڵەوانییەتیەکە دەست پێدەکات و 25ی ئەم مانگ کۆتایی دێت. هەروەها گوتی: 16ی مانگ تا 18ی مانگ پاڵەوانییەتییەکە تایبەت دەبێت بە کۆڕان و 23ی مانگ تا 25ی مانگیش تایبەتە بە کچان، خولەکە لە ژێر ڕێنماییەکانی فیدراسیۆنی جیهانی کاراتێ بەڕێوەدەچێت.



ئاستدا دابەشکراوە: منداڵان 13-6ساڵان، تازەپێگەشتووان 15-14ساڵان، لاوان 17-16ساڵان، پێشکەوتووان سەرو 18 ساڵ.

سەرپەشتیاری کاراتێی خورماڵ دەشڵێت: لەبەر ئاست بەرزی یاریزانەکانمان بە بانگهێشتی فەرمی پاڵەوانییەتیەکە کراوین و چاوەڕوانی بەدەستهێنانی ئەنجامێکی زۆر باشین.

کاراتێی خورماڵ 1994دامەزراوە و لەئێستادا خاوەنی 150یاریزانە لە هەردوو بەشی کاتا و کۆمێت لەسەرجەم ئاستەکاندا. تیپەکە لە کاتی دامەزراندییەوە تاوەکو ئێستا بەشداری 45 پاڵەوانییەتی لە کوردستان و عێراق کردووە و 15جاریش لە ئێران و تورکیا و میسر بەشداری پاڵەوانییەتی نێودەوڵەتی کردووە. کاراتێی خورماڵ لەسەرجەم پاڵەوانییەتیەکاندا 55مەدالیایی زێڕ و زیوو و برۆنزی بردووەتەوە.

ئینتەر لێدانێکی کوشندەی بەرکەوت



یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی لێدانێکی کوشندەی بەرکەوت کاتێک ئەلیکس سانچێزی ئەستێرەکەی لەیاریبەکەی نێوان چیلی و کۆلۆمبیا تووشی پێکان بوو. سانچێزی تەمەن 30ساڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی چیلی یاریکرد و لەخولەکەکانی کۆتایی یاریبەکەدا تووشی پێکان دەبێت و دەردەهێنرێت، بەگوێرەی پێگەی فەرمی هەڵبژاردەی چیلی پێکانی ئەو یاریزانەی پشت راستکردەوە و رایگەیاند کە بۆ ماوەیەک لەیاریگاکان دوور دەکەوێتەوە، بێ ئەوەی ئاماژە بەماوەکە بدات.

جیی باسە ئەلیکس لەهاوینی رابردوو بەخوازراوی و بۆ یەک وەرز لەیانەی مانچستەر یونایتدەوە رووی کردە یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی، بەڵام لەبەندیکی گرێبەستەکەدا هاتووە کە یانەی ئینتەر میلان دەتوانێت بەیەکجاری ئەو یاریزانە بکڕێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 16. Oct. 2019 No: (5850)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر


دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەرێک

پەیکەرە جوڵاوەکانی یوسف یوسفی کۆمەڵگە وشیار دەکەنەوە

یوسف یوسفی: بوونی پێشمەرگە واتا هەبوونی ژیان و ئازادی گەلەکەمان


ستافی شانۆیی پەیکەرە جوڵاوەکان

بەرهەم شێخ عزەدین

شانۆگەری پەیکەرەکان دەدوێن لەنووسین و دەرهێنانی (یوسف یوسفی) یە، دەربارەی ئەم شانۆییە دەرهێنەر یوسف یوسفی بەخەباتی گوت: بیرۆکەی شانۆگەرییەکە لەوە سەرچاوەی گرتووە کەوا ئێمە ڕۆژانە زۆر شت دەبینن ،هەندێک کەس جێگایی ڕێزن لەناو کۆمەڵگە پێویستە پەیکەریان هەبێت،بۆ ئەوەی ئەو کەسانە لەیاد نەکرێن لەناو کۆمەڵگە، بۆ وێنە پەیکەری پێشمەرگە چونکە بوونی ئەوان واتا هەبوونی ژیان و ئازادی گەلەکەمان، وەهەندێک دیاردەی ناشیرینی نێو کۆمەڵگە وەکو: کوشتنی ئافرەت یان لەناو بردنی سەوزایی یان گرنگی نەدان بەپیس کردنی ژینگەو دەورو بەر، پێویستە ئێمەی شانۆکار لەڕێگای هونەرەکەمان ئەو شتانە جارێکی تر بەبیری خەڵک و بەرپرسانی وڵات بێنینەوە کەوا زۆر پیویستە کار لەسەر ئەم لەلایەنە بکرێت، یوسف یوسفی لەدرێژەی قسەکانی بۆخەبات گوتی: ئەم کارەم جیاوازترە لەکارەکانی پێشووترم چونکە ئەم جارە ئەکتەرەکان ڕۆڵی پەیکەر دەبینن ، بەڵام پەیکەرێکی بەئاگا، چونکەپەیکەرەکان ئەم جارە کۆمەڵگە بەئاگا دەهێنەوە بۆ ئەوەی شتە ناشرین و جوانەکان ببینن ،لەڕێگای چەند پەیکەرێکی جوڵاو ،نمایشەکەمان پێک دێت لە (8) پەیکەر ئەوانیش بریتین لە(پەیکەری پێشمەرگە ، ژینگەوسەوزایی ،پاک وخاوینی ، شیری دایک ...) سەبارەت بەکارەکەش هەموو ستافەکە بەشێوەیەکی خۆبەخشی کاریان کردووە کۆمەڵێک ئەکتەری بەئەزموون لەگەڵ قوتابیانی کۆلێژ وپەیمانگای هونەرەجوانەکان بەژدارن لێرەوە سوپاسیان دەکەم هیوای بەردەوامیان بۆ دەخوازم ،ئەکتەرکانی بەشداربو پێکهاتوون لە(4کچ و 10 کوڕ) ئەکتەر کچەکان : (سەبری عەبدی ،زەهرا نەجات ، ماریا سامی، پەیام) کوڕەکانیش(ئاراس مەجید ، محەمەد ئەبوبەکر ، فەرەیدون میرانی ، مستەفا عەبدوللا، خالید کۆیی ،بەهێز ستار، حەکیم مام ڕەش ،ئوسامە غازی ،سمایل شەیداین ، ربیع فارس) دەرهێنەر لەکۆتایدا گوتی: زۆرسوپاسی سەنتەری ناوەندی ڕۆشنبیری هەولێر دەکەم بەتایبەتی هەڤاڵ شکار شێرزاد بەرپرسی ناوەندی ڕۆشنبیری هەولێر و بەڕێز هەڤاڵ گەیلان سلێمان کارگێری ناوەندی ڕۆشنبیری هەولێر، زۆر ماندووبوون لەگەڵماندا جێی ئاماژەیە .ئەم شانۆیە ئەمڕۆ لەناو پارکی شار کات ژمێر(4) عەسر نمایش دەکرێت.



گرووپی شانۆی دیالۆگ لە کەرکووکەوە بۆ کوردستانی ڕۆژئاوا هاوار دەکەن:

بەرخودان ژیانە

بەرهەم شێخ عزەدین:

شانۆکار و دەرهێنەر حەمەی شانۆ بەخەباتی گوت: ئێمە وەکو گروپی شانۆی دیالۆگ هەڵمەتێکی پشتیوانیمان دەست پێکردوە بۆڕۆژئاوا ،لەژێر دروشمی بەرخودان ژیانە ، لەڕێگای نمایش کردنی شانۆ و فیلم و کتێب ، یەکەم چالاکیمان دەست پێکرد کە ئەویش نمایشی شانۆیی "خاک و خوێن" بوو لەنووسین و دەرهێنانی (حەمەی شانۆ) نواندنی (محەمەد عەلی، شەماڵ جەوهەر) لەنێو بازاڕی شۆڕبجە نمایش کرا ، بەرنامەی چالاکیەکانمان بۆ ڕۆژانی دواتر و جێگای تریش دەبێت پایەمی ئێمە لەم نمایشە ئەوەیە کە چەندین ساڵە نەتەوەی کورد غەدر و ستەم و زوڵمی دەرهەق ئەکرێ ، چەن ساڵە خەون بەئارامی و دەوڵەت و ژیانێکی بەحورمەتەوە ئەبینین ، بەڵام هەمیشە هەم خەونەمان وەک سەرابێکی لێهاتووە ، هەروەها باسکردنی دراماى تورکی بەرهەم و کاڵەی تورکی ، چۆن دوژمن لەڕێگای تیقیەکانەوە هاتۆتەنێو ماڵەکانمان و خێزان و ئەخلاق و ژیانمانی تێک داوە هەوڵ ئەدەن کلتوور و هونەرمان بشێرێنن .

ژنێک لێ ناگەڕێ عوسمان هورمزیار پیر بێت!

عوسمان هورمزیار: هەرکاتێک خۆشەویستی نەما ئەوە بزانن کۆتایی ژیانە

دیمانە: هێمن ئاری

عوسمان هورمزیار ،ناوێکی دیاری نێو بواری ئەدەب و شیعرە، ئەو سااڵنەیکە شیعر دەنووسێت و لەڕێگەی شیعرەکانییەوە ئەو هەستەی دەردەبڕێت کەبەرامبەر ڕەگەزی مێ و خۆشەویستی بۆ ئەو ڕەگەزە هەیەتی . ئەو شیعری لەسەر لایەنە جوانەکانی دیکەی ژیان و سروشتیش هەیە و بەردەوام لەڕێگەی قەڵەمە شیعرییەکەیەوە ئەفراندنی کردووە. هورمزیار لە ئێستادا دیوانێکی شیعری ئامادەیە بەچاپی بگەیەنێت، ئێمەش لەسەر ئەم دیوانە شیعرییە و دونیای شیعر چەند پرسیارێکمان ئاراستەکرد.

وەک ئاگادارین لە ئێستادا دیوانێکی دیکەی شیعریت ئامادەیە بۆ چاپ دەکرێ باسێکی بەرهەمە شیعرییەکانی ئەم دیوانەمان بۆ بکەیت؟

سەرەتا سوپاس بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیەتان ئەزیەتتان کێشا ، بەڵێ ئێستا خەریکی بەچاپ گەیاندنی دیوانێکی تازەم کە 64دەقی شیعری لە خۆگرتووە و تەواوی شیعرەکان ڕۆمانسین، بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم کە شیعرەکانی ئەو دیوانە بەستایلێکی جیاواز لە شیعرەکانی ڕابردوو نوسراون، بۆ نمونە لەو دەقانە کاتێک باسی عەشق و خۆشەویستی و ڕمانسیەت دەکەم لە هەمان کات باسی گەورەیی و پیرۆزی ژن دەکەم و لە هەمان کاتیش یادی هونەرمەندێک یا شاعیر ونوسەرێک یان شەهیدێکی ڕیگای ڕزگاریخوازی کوردستان دەکەمەوە، واتە لەناو یەک دەقی شیعری چەندین وێنەی جۆراوجۆر بە خۆینەر نیشان دەدەم.

چ ناوێکت بۆ ئەم دیوانە هەڵبژاردووە؟

(ژنێک لێ ناگەڕێ پیربم) ئەو ناوەم بۆ هەڵبژاردووە.

دەتەوێ لە هەڵبژاردنی ئەم ناوە چ پەیامێک بگەیەنی بۆ شیعر دۆستان؟

لەو دونیایە مرۆڤ گەلێک هەن کە تورە و دڵشکاو و نیگەران و وێڵن بەدوای خۆشەویستی و سۆز و وەفاداری و یادگارییەکانی منداڵێ ،بۆیە کاری شاعیر ئەوەیە لە خەیاڵی ئەو مرۆڤانە دونیایەکی جوانتر و باشتر دروست بکات ،من لە هەڵبژاردنی ئەو ناوە دەمەوێ ناخیان پڕکەم لەخەونی ڕەنگاوڕەنگ و بۆ مرۆڤەکان دووبارە ئومێد دروست بکەمەوە بە خەونی تازەی ڕەنگاورەنگ و وایان لێبکەم هەمیشە چاوەڕیی ئاسۆی ڕوون بن.

لە ئێستادا شاعیران کەمتر بەرهەمە شیعرییەکانیان بەچاپ دەگەیەنن، بەو مانایەی شیعر خۆینەری نەماوە، زیاتر لە ڕێگەی سایت و پێگە ئەلکترۆنییەکانیان بەرهەمەکانیان بڵاو دەکەنەوە، کەچی تۆ بە پێچەوانەوە پێمواین سااڵی ڕابردووش چاپکراوەیەکی دیکەی شیعریت بڵاوکردەوە، بۆ ئەوە بۆ چوونی تۆ وەک شاعیرێک چییە؟

ئەو پرسیارەت دوو بڕگەیە سەبارەت بەبڕگەی یەکەم ئەوە نەک تۆ خەڵکانێکی زۆر دەڵێن باوی شیعر نەماوە و سەردەمی بەسەرچووە، من بەتەواوی ئەو ڕایە ڕەت دەکەمەوە، چونکە هەتا خۆشەویستی مابێ شیعر دەمێنێ ، کاتێ خۆشەویستی نەما ئەوە بزانە کۆتایی ژیانە کە دونیاش کۆتایی هات ئیتر ئەوکات ئێمەش دەست لە شیعر دەشۆین ،سەبارەت بە بڕگەی دووەمی پرسیارەکەت بەڵێ تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی سەردەم کاریگەری زۆری لەسەر چاپکردنی کتێب دروستکردووە، چونکە خۆینەر ئیتر لە ماڵەکەی خۆی دادەنیشێت و بێ ئەوەی خۆی ماندوو بکا و پارە سەرف کات تەنیا کلیکێک لەسەر کۆمپوتەرەکەی دەکات و چ کتێبێکی گەرەک بێ بەئاسانی دەستی دەکەوێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هێشتا خوێندنەوە لەسەر کاغەز جەماوەرێکی زۆری هەیە.

کێ لەبەچاپگەیاندنی ئەم بەرهەمە هاوکاریکردووی؟

لەبەچاپگەیاندنی ئەو دیوانە کەس هاوکاری نەکردووم و لەسەر گیرفانی خۆم چاپی دەکەم.